MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

**ناوی کتێب: فەلسەفەی مێژوو لای شپنگلەر**

- نووسینی: مەریوان عەبدول
- بابەت: مێژوو
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (1798) ساڵی 2008.
- تیراژ: (750) دانە
- چاپی یەکەم 2009
- نرخ: (2000) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (47)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
**www.mukiryani.com**
**asokareem@ maktoob.com**
**Tel: 2260311**

# فەلسەفەی مێژوو لای شپنگلەر

**(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری- رەخنەییە)**

**مەریوان عەبدول**

هەولێر- 2009

## پێشکەش

ئەم هەوڵە خاکییەم پێشکەشە:

- بەگیانی پاکی دایك و باوکم، کە هەرگیز لەیادم ناچن.
- بە جەنابی (پ.د. محسن محمد حسین).
- بە سەرجەم خوشك و برا ئازیزەکانم.
- بە سەرجەم ئەوانەی جیاوازییەکان قبوڵ دەکەن و هەوڵدەدای راستین.

## سوپاس و پێزانین

★ سوپاسی جەنابی (پ. د. محسن محمد حسین) دەکەم، هاندان و پشتگیری ئەو یاریدەدەرێکی باش بوو بۆ بەئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکەم.

* سوپاسی هاوڕێیانم (هەردی زیاد، ئاسۆ خەلیل، ڕێبین عوسمان)دەکەم، هاوکارییان کردم لەکاری هونەری و کۆمپیوتەردا.

* سوپاسی هاوکاری کارمەندانی کتێبخانەی گشتی سلێمانی (بەشی عەرەبی)دەکەم، زۆر یارمەتیان دام.

* سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ رۆڵیان هەبووە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەدا.



## هێما و کورت کراوەکان

| | |
|---|---|
| ب: | بەرگ یان بەش |
| چ: | چاپ |
| و: | وەرگێڕان |
| ل: | لاپەڕە |
| س. پ: | سەرچاوەی پێشوو |
| هـ. س. ل: | هەمان سەرچاوە و لاپەڕە |
| ز: | زایینی |
| پ. ز: | پێش زایین |
| ت: | ترجمة |
| ج: | جزء |
| ط: | طبعة |

# پێرست


پێرست 5

پێشەکی 7

بەشی یەکەم: ژیان و بەرهەمەکانی شپنگلەر و ئەوانەی پێیان کاریگەر بووە 11

تەوەرەی یەکەم: ژیان و بەرهەمەکانی شپنگلەر 11

یەکەم: ژیانی شپنگلەر ........ 11

دووەم: بەرهەمەکانی شپنگلەر ........ 14

تەوەرەی دووەم: کورتەیەك دەربارەی ژیان و فەلسەفەی گۆتە و کاریگەری لەسەر شپنگلەر 19

یەکەم: ژیانی گۆتە ........ 19

دووەم: فەلسەفەی گۆتە ........ 21

فاوست ........ 23

تێڕوانینی گۆتە بۆ مێژوو ........ 26

کاریگەری گۆتە لەسەر شپنگلەر ........ 27

تەوەرەی سێیەم: کورتەیەك دەربارەی ژیان و فەلسەفەی نیچە و کاریگەری لەسەر شپنگلەر 31

یەکەم: ژیانی نیچە ........ 31

دووەم: بەرهەمەکانی نیچە ........ 32

سێیەم: فەلسەفەی نیچە ........ 34

ئاوابوونی بتەکان ........ 37

ویستی هێز ........ 39

گەڕانەوەی هەتاهەتایی ........ 40

مرۆڤی باڵا (سوپەرمان) ........ 41

نیچە و مێژوو ........ 42

کاریگەری نیچە لەسەر شپنگلەر ........ 43

بەشی دووەم: شپنگلەر و مێژوو 45

تەوەرەی یەکەم: میتۆدی فەلسەفییانەی شپنگلەر و مێژوو 45

تەوەرەی دووەم: تێڕوانینی شپنگلەر بۆ مێژوو و فەلسەفەی مێژوو 53

تەوەرەی سێیەم: میتۆدی هاوچەرخێتی فەلسەفی 59

بەشی سێیەم: چەمکی سروشت و مێژوو و بیرکردنەوەی جیاواز 63





تەوەرەی یەکەم: سروشت و مێژوو 63

تەوەرەی دووەم: تێگەیشتنی شپنگلەر لە چەمکی کات 73

چەمکی کات لای شپنگلەر ........ 76

کات و بۆشایی ........ 82

تەوەرەی سێیەم: رەخنەی شپنگلەر لە بیروبۆچونی باوی هەندێك لە مێژوونووس و فەیلەسوفانی رۆژئاوا 85

یەکەم: رەخنە لە سێنتڕالیزمی رۆژئاوا ........ 85

دووەم: رەخنە لە دابەشکردنی مێژوو بۆ کۆن و ناوەڕاست و نوێ ........ 87

بەپێی ئەژیندەی رۆژئاوایی ........ 87

سێیەم: رەخنە لە بیروبۆچونی کاریگەری شارستانیەتەکان لەسەر ........ 88

یەکتری و پەیوەندی نێوانیان ........ 88

چوارەم: رەخنە لە بیری پێشکەوتن ........ 90

بەشی چوارەم: دروست بوونی شارستانیەت 93

تەوەرەی یەکەم: لە دایك بوونی شارستانیەت 93

بەم جۆرە شارستانیەت لە سێ باردا دروست دەبێت، کە بریتییە لە: ........ 96

تەوەرەی دووەم: هێماکانی شارستانیەت 101

تەوەرەی سێیەم: وەرزەکانی شارستانیەت 109

تەوەرەی چوارەم: مەدەنیەت و شارستانیەت 115

بەشی پێنجەم: 127

رووخانی شارستانیەت 127

تەوەرەی یەکەم: بیرۆکەی چارەنووس 127

تەوەرەی دووەم: رووخانی شارستانیەت 137

تەوەرەی سێیەم: هەڵسەنگاندن و رەخنەگرتن لە هەندێك لە تێڕوانینەکانی شپنگلەر 145

ئەنجام 153

پێڕستی ناو و بابەتەکان 157

لیستی سەرچاوەکان 169

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی وەك فەلسەفەی مێژوو لە دیدیی فەیلەسوفێکی وەك شپنگلەر جێگەی بایەخە، چونکە ڕۆشنبیری کوردی و کێڵگەی ئەکادیمی کوردستان تەواو خاڵییە لە بابەت گەلی فەلسەفەی مێژوو، بە جۆرێك نزیکە لە نەبوون، نەخوازەڵڵا لێکۆڵینەوە لە باسێکی وەك (فەلسەفەی مێژوو لای شپنگلەر)، کاتێك ناو دەبرێت لە ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکانیش زۆر بە دەگمەن هەن تەنانەت ناویشیان بیستبێت. هەر ئەوەی کە جەخت دەکاتەوە لە گرنگی ئەم جۆرە بابەتانە، دەق گرەنتی ئێمەی کوردە بە شێوەیەکی تایبەتی نووسینەوەی مێژوویی و لێکۆڵینەوەی مێژوویی، کە تا ئێستا نەیتوانیوە قۆناغی گێڕانەوە و ژماردن تێبپەڕێنێت، بە گوزارشتی شپنگلەر کاریی مێروولە ئاسا تێبپەڕێنێت.

تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆیی پێشکەش نەکراوە، تایبەت بێت بە تێڕوانینی فەلسەفییانەی شپنگلەر بۆ مێژوو و شارستانیەت، نەك تەنها ئەوە بەڵکو تەنها یەك کتێبیش نابینرێت بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە. تاکە بابەتێك نووسرابێت لەسەر شپنگلەر جێگەی ئاماژە بۆ کردن بێت بابەتێکی (پ. د. محسن محمد حسين)ە ئەویش لە ساڵی 1989 لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بڵاوبۆتەوە.

ئەوەی زۆر هانی دام بۆ هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، حەز و ویستی تایبەتی خۆم بۆ ئەم بابەتە و، گرنگی بۆچوونەکانی شپنگلەر بوو کە کەمتر نییە لەو گەورە فەیلەسوفانەی دی، کە لە بواری فەلسەفەی مێژوودا تێڕوانینی تایبەتیان هەبووە لە پێش شپنگلەردا، ئەمەش لە بەر ڕاستی و ناڕاستی بۆچوونەکانی نا، بەڵکو لەبەر بۆچونە جیاواز و ناوازەکانی کە بوارەکانی فەلسەفەی مێژوو و شارستانیەتی دەوڵەمەندتر کردووە، کەسێك بیهەوێت لە فەلسەفەی مێژوو و شارستانیەت بکۆڵێتەوە بەبێ ئاگابوون لە تێڕوانینەکانی شپنگلەر کارەکەی ناتەواو دەردەچێت.



ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکی و پێنج بەش، لەگەڵ بوونی ئەنجام و پێڕستێك بۆ ناو و بابەتەکان. بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە ژیان و بەرهەمەکانی شپنگلەر و هەر دوو فەیلەسوفی ئەڵمانی(گۆتە و نیچە)و کاریگەرییان لەسەر شپنگلەر.

هەرچی بەشی دووەمە باس لە تێڕوانینی فەلسەفییانەی شپنگلەر دەکات بۆ مێژوو و پێکهاتووە لە سێ تەوەرە، تەوەرەی یەکەم باس لەو میتۆدە دەکات شپنگلەر بەکاری بردووە لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، تەوەرەی دووەم باس لە تێڕوانینی شپنگلەر دەکات بۆ مێژوو و فەلسەفەی مێژوو، لە تەوەرەی سێیەمدا باس لەمیتۆدی هاوچەرخێتی فەلسەفی کراوە.

بەشی سێیەم لە سێ تەوەرە پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم باس لە هەردوو چەمکی سروشت و مێژوو دەکات کە شپنگلەر وەك دوو دیوی جیاوازی بوون وێنایان دەکات، تەوەرەی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ تێگەیشتنی شپنگلەر لە چەمکی کات کە بۆچونەکانی سەبارەت بەم چەمکە زۆرجیاواز لە بیریارانی تر دەردەکەون، لە تەوەرەی سێیەمیشدا ئاماژە بەو ڕەخنانە دراوە شپنگلەر لە مێژوونووس و بیریارانی ڕۆژئاوایی گرتووە.

هەرچی بەشی چوارەمە لە چوار تەوەرە پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم باس لە لەدایك بوونی شارستانیەت دەکات، لە تەوەرەی دووەمدا گفتوگۆ لەسەر هێماکانی شارستانیەت کراوە، تەوەرەی سێیەمیش تایبەتە بە وەرزەکانی شارستانیەت، لە تەوەرەی چوارەمیشدا باس لە هەردوو چەمکی شارستانیەت و مەدەنییەت کراوە لە دیدی شپنگلەردا.

کۆتا بەش، بەشی پێنجەمە پێکهاتووە لە سێ تەوەرە: تەوەرەی یەکەمیان تایبەتە بە چەمکی چارەنووس لای شپنگلەر، تەوەرەی دووەمیش باس لە ڕووخانی شارستانیەت دەکات، تەوەرەی سێیەمیش تایبەتە بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە لێگرتنی بیرەکانی شپنگلەر.

ئەو سەرچاوانەی زۆر سودم لێ وەرگرتوون، بریتین لە: یەکەم سەرچاوە و گرنگترنیان کتێبەکەی شپنگلەر خۆیەتی (تدهور الحضارة الغربية) لە ڕاستیدا ئەم

کتێبـەی شـپنگلەر بـۆ ئـەم لێکۆڵینەوەیـە زۆر پێویـست بـوو، بـەبێ ئـەم کتێبـە لێکۆڵینەوەکە تەواو دەرنەدەچوو، لە دوای ئەم کتێبە گرنگترین سەرچاوە سودم لێوەر گرتبێت کتێبەکەی (عبـدالرحمان بـدوي)یـە بـەناوی (اشـپنجلر)لـە دوای کتێبەکـەی شپنگلەر باشترین کتێبە توانبێتی لە ئاستێکی بەرزدا لە بیرەکانی شپنگلەر بدوێت، پاشان کتێبی (فی فلسفة التاریخ)ی (احمد محمود صبحي) و (سقوط الحضارة)ی (کولن ولسون) و (مستقبل الحضارة)ی (ج. د. بویس) و (فـی فلـسفة الحـضارة الاسـلامیة)ی (عبدالرحمن الشرقاوی) ئەمانەش سودی باشیان پێگەیاندم.

سەبارەت بەو گرفتانەی لە کاتی ئامادەکردنی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا هاتنـە پێشم، دیاریترینیان کەمی سەرچاوە بوو لەسەر ئەم بابەتـە، زیـاتر لـەوەش ئـەو سەرچاوانەی توانیبووم بە دەستیان بهێنم زۆربەیان هیچ شتێکی زیـادە و نوێیـان نەخستبووە روو، بەڵکو دووبـارە کردنـەوەی زانیـاری چـەند کتێبێکـی تربـوون، ئەوانیش لە بەردەستدا بوون، جگە لەوەی زانیارییەکان دووبارە بـوون، کـەمترین شیکاریان تیا بەدی دەکرا، ئەمەش وای لێکـردین، زیـاتر پـشت بـە کتێبەکـەی شپنگلەر خۆی ببەستین. جگە لەمە نـەبوونی یـان دەگمـەنی لێکۆڵینـەوەی لـەم تەرزە بە زمانی کوردی، گرفتی بە کوردی کردنی هەندێك لـە زاراوە و بێـژەکانی بۆ دروستکردین، هەندێك جار زۆر بەدوای زاراوەیەکدا دەگەڕاین یان ناچـاربووین بۆ خۆمان داینێین.

هیوادارم بەم هەوڵە خاکی و بچوکەم پشکداربم لە کردنەوەی دەرگای فەلسەفە و هزری مێژوویی، بە روویی لێکۆڵینەوەی مێژوویی کوردی و مێـژووی کـورددا، کە بۆ ئەم قۆناغـەمان زۆر جێگـەی بایەخـە. هەڵـە و کەموکورییەکانیـشم لـەم لێکۆڵینەوەدا، سوود بە قوتابیانی داهاتوو دەگەیەنێت تـا ئـەو هەڵانـە دووبـارە نەکەنەوە، تەواوێتی تەنها بۆ خوایە.

**مەریوان عبدول**

2007/4/10

# بەشی یەکەم

## ژیان و بەرهەمەکانی شپنگلەر و ئەوانەی پێیان کاریگەر بووە

### تەوەرەی یەکەم: ژیان و بەرهەمەکانی شپنگلەر

بۆ تێگەیشتن لە تێڕوانینی فەلسەفییانەی شپنگلەر بۆ مێژوو، پێویستە تیشکێك بخەینە سەر ژیانی ئەو فەیلەسوفە تابتوانین باشتر لە تێڕوانینەکانی سەبارەت بە شارستانیەت و فەلسەفەی مێژوو تێبگەین، چونکە تێڕوانینەکانی گەلێك قوڵن و جێگەی پرسیارن، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنە تایبەت و ناوازەکەی، کە زۆر بە دەگمەن لە پێش ئەودا فەیلەسوفان و مێژوونووسانی رۆژئاوایی گوزارشتیان لێکردووە، بۆیە بە گرنگی دەزانین لە دەستپێکی لێکۆڵینەوەکەماندا تیشکێك بخەینە سەر هەندێك لایەنی ژیانی، ئەگەر چی چەند لایەنێکی کەمیش بێت، تاوەکو بتوانین زیاتر لە فەلسەفە قوڵ و بەربلاوەکەی دەربارەی شارستانییەت و مێژوو تێبگەین.

#### یەکەم: ژیانی شپنگلەر

فەیلەسوفی میسالی ئەڵمانی ئۆسوالد شپنگلەر(Osowald Spengler) لە ساڵی 1880 لە بیلاکامبورج لە دایك بووە[1]، باوکی ناوی (بەرنهەرد ) بووە، دایکیشی لە خێزانی گرنتسۆف بووە، ئاینی مەسیحی بووە لەسەر رێڕەوی ئاینزای پرۆتستانتی، خوێندنی ئامادەیی لە قوتابخانەی (هال) تەواوکردووە، پاشان چۆتە زانکۆی بەرلین و تایبەتمەندێتی لە بواری زانستە سروشتییەکاندا وەرگرتووە، پاشان گوێزاوێتییەوە بۆ

[1] الحفني، عبدالمنعم: موسوعة الفلسفة و الفلاسفة، ط2، مكتبة مدبولي، مصر، 1999، ج1، ل785.



زانکۆی میونیخ، دیسانەوە گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆی بەرلین بۆ جاری دووەم[1]، هەروەها لە زانکۆی هامبۆرگ ماتماتیکی خوێندووە،[2] تێزی دکتۆراکەشی دەربارەی فەیلەسوفی یۆنانی (هێراکلیتس) بووە کە لە ساڵی 1904 پێشکەشی کردووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا[3].

تاساڵی1910 کاری وانە گوتنەوەی ئەنجام داوە لە شارەکانی بڕۆکن و دۆسلدۆرف و هامبۆرگ، وانەکانی ماتماتیك و زانستی زیندەوەر و زمانی ئەڵمانی و جوگرافیا و مێژووی بۆ ماوەیەکی کەم گوتۆتەوە[4].

سەیر لەوە دایە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن شپنگلەر لە چەند زانکۆیەك و لە چەند بوارێکی جیاوازدا خوێندویەتی، بەڵام (کۆڵن ولسون) باس لەوە دەکات هیچ بڕوانامەیەکی تایبەت مەندێتی ئەکادیمی نییە! جگە لەوەش بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی نێگەتێف پەسنی (وصف) دەکات و دەڵێت: ((کەسێکی لاواز و کورتبین بووە))[5]، دەبێت چ هۆکارێك وای کردبێت لە فەیلەسوفی ئینگلیزی کۆڵن ولسون بەوشێوەیە پەسنی شپنگلەر بکات ؟ ئایا لە راستییدا شپنگلەر بەو شێوەیە بووە؟ ئەگەر بەڕاستی کەسێکی بێبڕوانامە بووە، بۆچی سەرچاوەکانی تر باس لە بوونی بڕوانامەکانی دەکەن، خۆ ئەگەر بڕوانامەشی هەبووە بۆچی هەوڵی داڕنینی بڕوانامە ئەکادیمییەکانی لێدەدرێت، ئایا تەنها بە داڕنینی بڕوانامە لە فەیلەسوفێکی کاریگەری وەك شپنگلەر لە پلە

[1] الشيباني، احمد: مقدمة لكتاب اشبنغلر، تدهور الحضارة الغربية، دار مكتبة الحيات للطباعة و النشر، بيروت، 1964، ل8-9.

[2] الفا، رونى ايلي: موسعة اعلام الفلسفة العرب والاجانب، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، 1992، ج2، ل10.

[3] الملاح، هاشم يحيى و اخرون: دراسات فى فلسفة التاريخ، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، المصل، 1988، ل200.

[4] ولسون، كولن: سقوط الحضارة، ت: انيس زكى حسن، ط2، دار العلم للملايين، بيروت، 1963، ل25.

[5] ولسون: س. پ، ل125.

و پایەی کەم دەبێتەوە؟! لەکاتێکدا کتێبەکەی (ئاوابوونی رۆژئاوا) شایەتی لەسەر دووربینی و مەعریفەی فراوانی ئەو دەدات بە چاوپۆشین لە هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوونەکانی، یان دەبێت رەخنە توند و بۆچوونەکانی شپنگلەر بەرامبەر بە شارستانیەتی رۆژئاوا، رۆژئاواییەکانی تا ئەو ئاستە تورە کردبێت فەیلەسوفێکی وەك (کۆڵن وڵسون)یش نەتوانێت تورەییەکەی بشارێتەوە.

وڵسون پێیوایە شپنگلەر مێژوونووسێکی بوونگەرایە، گرنگی شپنگلەر و بەرهەمەکەشی لەوەدا دەبینێتەوە، ئەو پێیوایە ئەگەرچی چەمکی بونگەرا چەمکێکی قورسە و شپنگلەریش بەکاری نەهێناوە، بەڵام بە گوتەیەکی لێی نزیك بۆتەوە کە دەڵێت: ((ئێمە لێرەدا خاوەنی بەڵگە نەویستی و فیترەتی دەرککەرین لەبری شیکارکردن، یان ئەنتی شیکارکردن))[1].

شپنگلەر لەماوەی خوێندنی زانکۆییدا لەلای کۆمەڵێك مامۆستای باش خوێندویەتی، لەو مامۆستایانەش (بەرنەشتین) و (دۆرۆن) و (ئەبرهەرد) و (فۆنفرتش) و (هیم) و (هۆریل) و (ئلویس ریل ڤاینگەر) و (واشتۆمف) و (باور) و (هرنڤیگ) و (لەبس)[2].

وادیارە شپنگلەر بێزاربووە لە وانەگوتنەوە، چونکە دەیهەویست کاتی تەواوی بۆ برەخسێت بۆئەوەی خەریکی لێکۆڵینەوە و نووسین بێت. پاش ئەوەی جەنگی جیهانی (یەکەم) هەڵگیرسا داهاتەکەی زۆر کەم بۆوە، بۆیە ناچاربوو بگوێزێتەوە بۆ گەرەکێکی هەژارنشین لە گەرەکەکانی میونیخ، تەنانەت لە خواردنگەیەکی تایبەت بە کرێکاران خواردنی دەخوارد، پاشان دەڕۆیشتەوە بۆ ژورە ساردەکەی بۆ ئەوەی خەریکی رەشنووسی کتێبەکەی (ئاوابوونی رۆژئاوا) بێت، کۆڵن وڵسون لەم بارەدا دەیچوێنێ بە نیچە و دەڵێت: ((بە شایەنی دەزانین بیری خۆمانی بهێنینەوە(نیچە)ش 25ساڵ لەمەوبەر لە هەمان بارودۆخدا کاریدەکرد، نەخۆشی و کورتبینی تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، بەشی خوارەوەی

[1] هـ. س، ل129، 135.

[2] بدوی، عبدالرحمن: اشپنجلر، دار القلم، بیروت، 1941، ل307.



بەپارچەیەکی داپۆشەر دادەپۆشی، تاو تاو پێنووسەکەی دادەنا، تا لەبەر تینی چراکەدا دەستی گەرم بکاتەوە))[1].

تێبینی ئەوە دەکەین جارێکی تر وڵسون بەشێوەیەکی نێگەتیڤ پەسنی شپنگلەر دەکات، دەیچوێنێ بە (نیچە) و هەردووکیان بە کورتبین لە قەڵەم دەدات، دەیهەوێت لە بیری خوێنەردا ئەوە بنەخشێنێت شپنگلەریش بەهەمان شێوەی (نیچە) کەسێکی رەش بین بووە، بەمەش وێنەیەکی پێشوەخت لەلای خوێنەر دروست بکات بۆ شپنگلەر، پێش ئەوەی خوێنەر راستەوخۆ شپنگلەر بناسێت لە رێگەی بەرهەمەکەیەوە.

## دووەم: بەرهەمەکانی شپنگلەر

یەکەم بەرهەمی شپنگلەر نامەی دکتۆراکەیەتی، لە ساڵی 1904پێشکەشی کردووە سەبارەت بە فەیلەسوفی یۆنانی (هێراکلیتس)ە[2]، ناونیشانەکەشی بەم جۆرەیە ((هێراکلیتس. لێکۆڵینەوەیەك لە بیرە سەرەکییەکانی فەلسەفەکەی))، ئەم بەرهەمە یەکەم جار لە هال چاپکراوە لەلایەن بڵاوکار (کیمەر)، پاشان جارێکی تر لە ساڵی 1937 لەلایەن بڵاوکار (بێك) بڵاوکراوەتەوە بە ناوی ((گوتارەکانی ئۆسوالد شپنگلەر))[3].

پاشان لە ساڵی 1910 یەکێك لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسیوە، کە بریتییە لە کورتە چیرۆکێك بە ناوی (براوە)[4].

بەناوبانگترین کتێبی (ئاوا بوونی رۆژئاوا)یە کە سەرجەم فەلسەفەکەی تێدا کۆکردۆتەوە، لە ساڵی 1911 دەستی بە نووسینی کردووە، لە ساڵ 1914 ئامادە

[1] ولسون: س. پ. ل125.

[2] فرحان، محمد جلوب: الفیلسوف و التاریخ (نماذج من التاویل الفلسفی للتاریخ)، منشورات مکتبة سام، موصل، 1987، ل43.

[3] بدوی: س. پ، ل 308.

[4] هـ. س. ل.

بوو بۆ چاپکردن، بەڵام بە هۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بە چاپ نەگەیشت، سەرەتای دەرکەوتنی ئەم کتێبە لەساڵی 1918 بووە، بەڵام بە شێوەیەکی فراوان لە ساڵانی 1920-1922 دەرکەوت[1].

ناونیشانی ئەم کتێبە رەشبینانەتر بوو لە ناوەڕۆکەکەی،[2] هەر ئەمەش وایکرد پاش ئەوەی شپنگلەر تەواو بوو لە نووسینی کتێبەکەی، لەکاتی گەڕان بەدوای بڵاوکارێك بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی زۆربەی بڵاوکارەکان پەسەندیان نەکرد، تا لەدواییدا بڵاوکارێکی نەمساوی رازی بوو (1500) دانەی لێ چاپ بکات، ولسون لەمەدا شپنگلەر دەچوێنێ بە (شوپنهاوەر)، شپنگلەر و شوپنهاوەر ئەوەندە لێکچوون تا ئەو ئاستەی دەتوانین بڵێین بەرهەمەکانیان بەرهەمی ئەدەبی زۆر لێکچوون، لە هەفتەکانی سەرەتادا کاتێك خەڵکی کتێبەکەیان پشتگوێ خست شپنگلەر واگومانی دەبرد چارەنووسی وەك چارەنووسی شوپنهاوەری لێدێت، کاتێك کتێبی ((جیهان وەك ویست و بیرۆکە))ی بڵاوکردەوە، خەڵکی هیچ بە پیرییەوە نەچوون، بەڵام کاتێك خەڵکی گفتوگۆیان لەبارەی کتێبەکەی شپنگلەرەوە کرد، رۆژنامە بەناوبانگەکان گوتاریان لە دژی نووسی، فرۆشی زۆر بوو، بوو بەکتێبێکی بەناوبانگ، بڵاوکارەکەی زۆری لاسەیربوو، بۆیە ناچاربوو بۆجاری دووەم و سێیەم و چوارەم چاپی بکات[3].

جارێکی تر لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین، ئەگەرچی ولسون ناتوانێت ئەوە بشارێتەوە ئەم کتێبە کتێبێکی بە بایەخە، بەڵام بەجۆرێك باسی دەکات خوێنەر پرسێکی لادروست ببێت بەرامبەر بە ئەو کتێبە بە ئاراستەیەکی نێگەتیڤ، بەوەی دەیچووێنێ بە (شوپنهاوەر) کە بە فەیلەسوفێکی رەشبین ناودارە، هەر لەم

[1] نف، ایمری: المؤرخون و روح الشعر، ت: توفیق اسکندر، مکتبة الانجلو المصریة، القاهرة، 1961، ل269.

[2] سعادت و دیگری، اسماعیل: فرهنگ اثار معرفی اثار مکتوب ملل جهان از اغاز تا امروز، چاپ دوم، تهران، 1381، ج1، ل446.

[3] ولسون: س. پ، ل125-126.



شێوە پەسنە ولسون دەڵێت: ((جەماوەری یەکەمی کتێبەکەی شپنگلەر ئەو کەسانەبوون کە لە رۆژنامەی رۆژی یەك شەممەندا بابەتی (ئەستێرەکان چی دەڵێن) یان دەخوێندەوە))، پاشان ولسون دەپرسێت دەبێت چی بێت وای کردبێت ئەم کتێبە بەو ئەندازەیە خوازراوبێت؟ هەر بۆخۆشی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت لە بەرئەوەی کتێبێکی ئەکادیمی نییە، رەشبینی ئەم کتێبەش بە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی دەزانێت[1].

یەکێك لە گرنگییەکانی ئەم کتێبە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە نووسەرەکەی خاوەنی هزرێکی فراوانە، بە ئەندازەیەك ئەگەر کەسێك کتێبی ((ئاوابوونی رۆژئاوا)) بخوێنێتەوە، هەست بەسەرسوڕمان دەکات، بۆی دەردەکەوێت خاوەنی ئەم کتێبە چەندە لە زیندەوەرزانی و بیرکاری دەزانێت ئەوەندەش لە هونەر و مۆسیقا دەزانێت[2].

یەکێکی تر لە کتێبەکانی ناوی ((البروسیة والاشتراکیة)) لە ساڵی 1922 بڵاوی کردۆتەوە، کتێبێکی تری بەناوی ((بوونیادنانێکی نوێ بۆ رایخی ئەڵمانی)) لە ساڵی 1924 بڵاوی کردۆتەوە، لە ساڵی 1931 کتێبی ((مرۆڤ و پیشەسازی هونەر))ی بڵاو کردۆتەوە، لەساڵی 1933 کتێبی ((ساڵە یەکلاکەرەوەکان. ئەڵمانیا و گەشەکردنی مێژووی جیهانی)) بڵاوکردەوە، کە تیایدا بۆچونە پراکتیکییەکانی دەربارەی رامیاری پیشان دەدات، شۆڕشی گەلە رەنگاو رەنگەکان و چارەنووسی گەلانی سپی شیکار دەکات[3].

بەڵام هیچ کام لەم کتێبانە ئەوەندەی کتێبی ((ئاوابوونی رۆژئاوا)) بە ناو بانگ و جێگەی گرنگی پێدان نەبوون. جگە لەو کتێبانەی ئاماژەی پێکرا کۆمەڵێك گوتاری جیا جیای بڵاوکردۆتەوە لەوانە: گوتارێك بەناوی ((بۆچوون دەربارەی شیعری گۆرانی)) لە ساڵی 1920 بڵاوکراوەتەوە، گوتارێك بە ناوی

[1] هـ. س. ل.

[2] بدوی: س. پ، ل310-312.

[3] هـ. س. ل.

((فەرەنسا و ئەوروپا)) لە ساڵی 1924 بڵاوکراوەتەوە، ((ئاسیای کۆن)) لـە سـاڵی 1936 بــڵاوی کردۆتــەوە، ((نیــچە و ســەدەکەی)) کۆمەڵــە وانەیەکــە لــە 1924/10/15 بەهۆی تێپەڕبوونی 80 سـاڵ بەسـەر لـەدایك بـوونی (نیـچە) لـە خانەی پەرستگەکانی نیچە لە (ڤیمار) پێشکەشی کردووە، گوتارێکی تری بەناوی ((سروشتی گەلی ئـەڵمانی)) لـە سـاڵی 1927 بڵاوکردۆتـەوە، لـە سـاڵی 1933 گوتاری ((تەمەنی شارستانیەتە ئەمریکییەکان))ی بڵاوکـردەوە، بـەدەر لەمانـەی باسکرا کۆمەڵێك گوتاری تری جیاوازی بڵاوکردۆتەوە[1].

ئەوەی گرنگی پـێ دراوە بەپلـەی یەکـەم لـە نـاو کتێبـەکانی شـپنگلەردا کتێبـی ((ئـاوابوونی رۆژئاوایــە))، چـونکە لـەم کتێبــەدا بیروبۆچـونەکانی خـۆی سـەبارەت بـە شارستانییەت بەگشتی و شارستانیەتی رۆژئاوایی بەتایبەتی پیشانداوە، جگە لەوەی لـەم کتێبەدا روخانی شارستانییەتی رۆژئاوایی بە رووداوێکی هەربونێتی (الحتمیة) داناوە، هـەر ئەم هۆیەش بوو وایکرد ئەم کتێبە بڵاو بێتەوە لەناو خەڵکیدا و گفتوگۆی لەسەر بکرێـت، لە رۆژنامەکاندا چەندین گوتاری لە سەر بڵاوکرایەوە[2]، بەڵام لە گەڵ هەموو ئەمانەدا ئـەم کتێبە لەسەرەتای بیستەکاندا گرنگییەکی زۆری پێدرا لە ئەوروپادا، زۆرێك لە لێکۆڵـەران لەوانەش (چ.دی بویس) دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بارە ناهەموارەی ئەوروپای پێـدا تێدەپـەڕی بەهۆی پاشماوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، هەر بەو هۆیەشەوە بـوو لـە دوای جـەنگی دووەمی جیهانی جارێکی تر گرنگی بە کتێبەکانی شپنگلەر درا، زۆر لێکۆڵینەوەی جـۆرا و جۆری لەسەرکرا و چاپە ئەڵمانییـە رەسەنەکەشـی بەشـێوەیەکی نـوێ لـە چـاپدرایەوە، تەنانەت لە ئەمریکا و بەشەکانی تری ئەوروپاش گرنگی پێدرا، لە گەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە خوێنەران گرنگییان پێدا، بەڵام بـەهۆی گـەورەیی قەبارەکـەی و ئـەو شـێوازە زانـستییە ئەبستراکتە و، وشکی و ئاڵۆزییەی هەیبوو، بووە هۆی ئەوەی زۆرێـك لـە خوێنــەران لێـی رابکەن و نەتوانن سودی لێ وەربگرن[3].

---

[1] بدوی: س. پ، ل310.

[2] ولسون : س. پ، ل 125.

[3] بویس، ج. دی: مستقبل الحضارة، ت: لمعی المطیعی، دارالکرنك للنشر و التوزیع، 1961، ل37-38.

## تەوەرەی دووەم: کورتەیەک دەربارەی ژیان و فەلسەفەی گۆتە و کاریگەری لەسەر شپنگلەر

### یەکەم: ژیانی گۆتە

فەیلەسوفی ئەڵمانی یۆهان ڤۆلفگانگ گۆتـە لـە 28ی ئۆگـستۆسی سـاڵی 1749 لە شاری فرانکفۆرت لەدایك بووە، کە دەکەوێتە سەر رووبـاری (مـاین)[1]، باوکی کە ناوی یۆهان کاسپەر گۆتە بووە، کـوڕی پیـاوێکی بـەرگ دروو بـووە و ئاستی بژێوی ژیانیان باش بووە[2]، لە قوتابخانەی ناوەندی کۆبـۆرگ خوێندویـەتی، یەکێك بووە لە قوتابخانە باشەکانی ئەڵمانیا، پاشان لە زانکۆی لایپتسگ یاسـای خوێندووە، دکتۆرای بەدەست هێناوە لە زانکۆی جیسن[3].

دایکیشی کاترینا ئیلزابێس، کچی تەکستوری عومدەی (کوێخا) فرانکفۆرت بووە، گۆتە کاریگەری دایکی زۆر لەسەر بووە، چونکە دایکی خۆشەویـستییەکی زۆری هەبووە بۆ دراما و شیعر[4].

لەبەر ئەوەی باوکی گۆتە خوێندەوارێکی ئاست بەرز بـووە، حـەزی کـردووە خۆی منداڵەکانی فێری خوێندن بکات، بۆیە سەرەتای خوێندنی گۆتە لای بـاوکی بووە، ئەگەرچی خوێندنی هاوبەشیشی هەبووە، بەڵام وەك خۆی دەڵێت خوێـندنی هاوبەش سودی پێنەگەیاندووە. بەهۆی توانای زۆری گۆتەوە بـاوکی زوو بڕیاریـدا بینێرێت بۆ زانکۆی لایپتسگ بۆ خوێندنی یاسا[5].

---

[1] غوته، یوهان فولفغانخ: السیرة الذاتیة لغوتـه مـن حیـاتی... شـعر و حقیقـة، ت: مـصطفی ماهر، مجلة الثقافة الاجنبیة، العدد الرابع، السنة الرابعة، 1984، ل 92.

[2] دیورانـت، ول: قـصة الحـضارة (الاسلام الـشرق الـسلافی الـشمال البروتـستنتی)، ت: فـؤاد ادراوس، مهرجان القراء للجمیع، مصر، 2001، ج 41 ، من المجلد 21 ، ل245.

[3] غوته: س. پ، ل101.

[4] دیورانت: قصة الحضارة، س. پ، ب41 ، ل246.

[5] غوته: س. پ. ل102.



پەیوەندی هاوڕێیەتی گۆتە لە گەڵ (هێردەر) و (شیلەر) کاریگەری لـە سـەر داناوە[1]، بەتایبەتی کاریگەری هێردەری لە سەر بـووە، جگـە لەمانـە (ڕۆسـۆ) و (دیدرۆ) و (شکسپیر)ی خوێندۆتەوە، زانستەکانی کیمیا و توێکاریزانی و زانستی لـەدایك بـوونی خوێنـدووە، سـەرباری بـەردەوام بـوون لـە خوێنـدنی یاسـادا و لێکۆڵینەوە لەبارەی ئافرەتەوە[2].

بە هەمان شێوە کاریگەری (سپێنۆزا)ی لەسەر بووە، بەتایبەتی سەبارەت بە یەکێتی بوون لای سـپێنۆزا، هـەروەها سەرسـام بـووە بـە گەشـبینی (لایبنـز)، سەرسامیشی بە (کانت) لەو گوتەیەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەڵێـت: ((ئـەوەی لـە سروشتدا هەیە بۆ ئەوە دروستکراوە خزمەتی مرۆڤ بکات لەژیاندا))[3].

گرنگترین بەرهەمەکانی (ئازارەکـانی ڤێرتـەر) و (ئیگمۆنـت) و (فاوسـت)ە، ئەمەی دواییان گرنگترین بەرهەمی گۆتەیە و گۆتـەی پێناسـراوە، ئـەم درامایـە زۆرێك لە بیریار و ئەدیبە گەورەکان بە یەکێك لە بەرهەمـە ئەدەبییـە جیهانییـە باشەکانیان داناوە، (فردریش شلێگڵ) گۆتەی بـە(دانتـی) چـواندووە، (جـان پـۆڵ ریشتەر)یش بە هاوتای شکسپیری داناوە[4]، جگە لەوانە گۆتە بەشداری کردووە لە دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی مانگانە نـاوی (دای هـۆرین و هـۆرای) بـووە، ئـەم گۆڤارە (شیلەر) دەریدەکرد، داوای لە گۆتە کرد بـە گوتارەکـانی بەشـداری تێـدا بکات ئەویش رازی بوو، گۆتە لە ساڵی 1832 لە ڤیمار کۆچی دوایی کردووە[5].

---

[1] الحفنی: س. پ، ب1، ل479.

[2] دیورانت: قصة الحضارة، س. پ، ب41 ، ل251.

[3] الحفنی: س. پ، ب1، ل480.

[4] دیورانت: س. پ، ب41، ل336.

[5] هـ. س.ل.

## دووەم: فەلسەفەی گۆتە

زۆرجار کە ناوی گۆتەمان دێتە بەرگوێ زیاتر وەك شاعیر و شانۆ نووسێك باس دەکرێت، نەك وەك فەیلەسوفێك، لەوانەیە هۆی ئەمەش ئەوە بێت گۆتە راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ فەلسەفەیەکی ئەبستراکتدا نەکردبێت وەك فەیلەسوفانی دی یان بەزمانی ئەوان لەفەلسەفە و بابەتە فەلسەفییەکان نەدوابێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت ناکرێت گۆتە بە فەیلەسوف نەژمێردرێت، چونکە ئەگەر لە بەرهەمەکانی وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت لەدەرگای بابەتە فەلسەفییەکانی داوە.

ئارەزووی گۆتە بۆ فەلسەفە لە ئاستێکدا بووە خەریك بووە بەسەریدا زاڵببێت و واز لە شیعر بهێنێت، ئەو توانی بووی بەهۆی فەلسەفەوە ئەدەبەکەی بەرەو چاکسازی و باڵابوون بەرێت، یان باشتر وایە بڵێین ئەدەبەکەی هۆیەك بووە بۆ پیشاندانی فەلسەفە و تێڕوانینە گشتییەکانی[1].

گۆتە زۆر گرنگی بە دیالێکتیکی نێوان قوتابخانە فەلسەفییەکان نەداوە، بەڵکو زیاتر گرنگی بەلێکۆڵینەوە و راڤەکردنی سروشت و مانای ژیان دەدا، فەلسەفەکەی زیاتر فەلسەفەیەکی پراکتیکی بووە لەم بارەیەوە خۆی دەڵێت: «هیچ حەقیقەتێك نییە، ئەگەر بەرهەمدار نەبێت»[2]، بۆیە لەسەرەتای دەستپێکردندا ئەوەی گرنگە کارە نەك گوتە لەبەر ئەوە ئێمە زیاتر حەقیقەت لە کرداردا بەدی دەکەین نەك لە هزردا، لێرەوە پێویستە هزر هۆکارێك بێت بۆ کارکردن نەك ئەڵتەرناتیڤی بێت، دانیشی بەوەدا ناوە سروشتی کۆتایی حەقیقەت لە دەرەوەی جیهانی ئێمەدایە، ئەمەش وای لێکردووە جەخت لە سەر گرنگی فەلسەفەی پراکتیکی بکاتەوە و پێی وابێت هزر بەبێ ئافراندن (ابداع) زۆر خراپتربێت لە ئافراندن بەبێ هزر، بەم شێوەیە گوزارشت لەم بۆچونەی دەکات:

---

[1] الحفني: س. پ، ب1، ل479.

[2] دیورانت: س. پ، ب41، ل338.



«هەر شتێك عەقڵ ئازاد بکات بەبێ ئەوەی توانای زاڵبوونمان بە سەر دەروونماندا پێ ببەخشێت ئازار بەخشە»[1].

لەگەڵ ئەوەی گۆتە لەخێزانێکی خانەدان و دەوڵەمەند بوو، ناخۆشی هەژاری نەچەشتبوو، بەڵام بیری لەلای هەژاران بوو، خوازیاری ئەوە بوو ئەوانەی خوا پێداون ماڵ و سامانەکەیان لەگەڵ هەژاراندا بەش بکەن و هەژاران زیاتر سود لە سامانی ئەوان وەربگرن، پێویستە باجی زیاتر بەسەر خانەدان و دەوڵەمەندەکاندا بسەپێنرێت و لە سوود و بەرژەوەندی هەژاراندا خەرج بکرێت. ئەو بنەما رەوشتییەی گۆتە پەیڕەوی لێدەکرد بریتی بوو لە: «بژی، وا لە بەرامبەرەکەشت بکە بژێت»[2]. ئەم تێڕوانینەی گۆتە لایەنی مرۆڤ دۆستی فەلسەفەی گۆتە دەردەخات، لایەنێکی گرنگی پێدانی فەلسەفەکەی لە دەوری مرۆڤ دەسوڕێتەوە، ئەمەش نەك تەنها داواکردنی ئەوەی مرۆڤەکان مافی ژیانی ئاسایی خۆیان بۆ بگەڕێتەوە، بەڵکو داوا لە هاوتا مرۆڤەکەی دەکات نەك تەنها گرنگی بەژیانی خۆت بدە و بەس، بەڵکو یاریدەدەربە بۆ ئەوەی هاوتا مرۆڤەکەشت بژی، واتا هاوکاری و یارمەتی دەری بەو ژیانی ئەوانی ترت بەلاوە گرنگ بێت، لە هەمان کاتدا داوا لە دەوڵەمەندەکان دەکات تەنها لە خەمی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆیان و تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆیاندا نەبن، بەڵکو بیری هەژار و کەم دەرامەتەکانیشیان هەبێت.

ئەگەرچی گۆتە باوەڕدار نەبووە بە ئاینی مەسیحی، بەڵام باوەڕی بە یەکێتی بوون (وحدة الوجود) هەبووە، لەمەشدا کاریگەری (سپینۆزای) لەسەر بووە، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لە سپینۆزا هەستی بووە بەرامبەر بە سروشت، چونکە گۆتە هەستی بەرامبەر بە سروشت بە پلەی یەکەم هەستێکی سۆفییانە بووە، لەمەشدا زیاتر لە (شیلنگ) نزیکە، لەو بۆچونەشدا کە دەڵێت ئەوەی لەسروشتدایە بەجۆرێك لە جۆرەکان بریتییە لە رۆح، نزیکە لە (لایبنز)ەوە.

---

[1] دیورانت: س. پ، ب41، ل347 و دواتر.

[2] هـ. س. پ.

فەلسەفەی زانست لەلای گۆتە لەسەر بیرۆکەی بەرامبەرکردن یان لێکدژی پێش وەخت وەستاوە، نمونەی ئەمەش بوونی چاکە و خراپە و، هەڵکشان و داکشان و، گرتن و بەرەڵاکردنە، ئەم دیاردانە لە دەریاکان و، سوڕی خوێن و، ریتمی گشتی جوڵە و، چالاکی دڵ و، چالاکی مرۆڤەکان و...هتددا بەدی دەکرێت[1].

سەبارەت بە تێڕوانینی گۆتە بۆ ئایین، ئەو خۆی دەڵێت من دوژمنی ئایین نیم بەڵام باوەڕم پێی نییە، لەم بارەیەوە گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە تێڕوانینی خۆیمان بۆ روون دەکاتەوە و دەڵێت: ((من لە کاتێکدا بیر لە سروشت دەکەمەوە لە بانگگەشەکەرانی یەکێتی بوونم، کاتێك شیعر دەنووسم فرە خوام، بەڵام لە ئەخلاقدا باوەڕم بە یەکتایی هەیە))، لەگەڵ ئەوەی باسکرا مرۆڤ لای گۆتە تێکەڵەیەکە لە ماددە و رۆح، زەمینی و خوایی[2].

## فاوست

گرنگترین و بەناوبانگترین بەرهەمی گۆتە شانۆگەری فاوستە، ئەم شانۆگەرییە بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە، ناوی گۆتە بەستراوەتەوە بەناوی شاکارەکەی فاوستەوە، بەشێکی زۆری فەلسەفەکەی لە فاوستدا بەشێوەیەکی تایبەتی خستۆتەڕوو.

ئەم شانۆگەرییە ئەگەرچی مەبەست لێی خستنەڕووی تێڕوانینە فەلسەفییەکانییەتی، بەڵام بەڕوونی ژیانی تایبەتی گۆتەی تیادا بەرجەستە دەبێت، واتا کاراکتەری شانۆگەرییەکە کە فاوستە زۆرجار گوزارشت لە کەسایەتی گۆتە خۆی یان دۆخێکی تایبەتی ژیانی گۆتە دەکات[3].

[1] الحفنی: س. پ. ب1، ل 481.

[2] الحفنی: س. پ، ب1، ل 481.

[3] بدوي، عبدالرحمن: من مقدمة فاوست لجيته، ط1، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق- بيروت، 1998، ل 55 و دواتر.



فاوست کە پاڵەوانی شاکارەکەی گۆتەیە، وێنەی کەسێکی بێ ئارام و ناجێگیرە پیشان دەدات، رازی نییە بەو ژیانەی هەیەتی، ئەگەرچی زانست و زانیارییەکی زۆری بەدەست هێناوە و زۆربەی زانستەکانی خوێندووە و گەیشتۆتە بەرزترین پلەی زانستی، بەڵام ئەمانە هیچ لەو بێ ئارامییە رۆحیی و دەروونییەی ئەویان کەم نەکردۆتەوە، ئەمەش لە سەرەتای بەشی یەکەمی شانۆگەرییەکەیدا لەسەر زمانی فاوست دەبیستین: ((ئاه: ئائەوەتا بە هەوڵێکی گەرم و گوڕ لە خوێندنی فەلسەفە و یاسا و پزیشکی دا قوڵ بوومەتەوە، بەهەمان شێوە لەخوێندن و لێکۆڵینەوەی لاهوتدا، بەداخێکی زۆرەوە. ئەوەتا من ئێستا راوەستاوم، منی گەمژە و هەژار، هیچ شتێکم لە زیرەکی نییە تەنها ئەوە نەبێت کە لەوەو پێش هەمبووە! بەڵێ! من ناو دەبرێم بە مامۆستا، بەڵکو بە دکتۆر...))[1].

ناوەڕۆکی ئەم شانۆگەرییە بریتییە لە سەفەرێکی مەعنەوی فاوست لە مرۆڤێکی زانستخواز و رەخنەگر و لێکۆڵەر و دڵنیاوە، بەرەو مرۆڤێك کە هەڵوەدای دۆزینەوەی حەقیقەت و مانای راستەقینەی ژیانە، گۆتە ئەو مانایەی بەشێوەیەکی شاعیرانە وەك رێگایەك بەرەو خودا باس کردووە بەبێ ئەوەی گۆتە خۆی کەسێکی مەسیحی بێت[2].

بۆیە فاوست لە پێناو رزگاربوون لەو جیهانە بەرتەسکەی تیایدایە، ئامادەیە ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە و سەرکەشی ئەنجام بدات بەمەبەستی بڕینی هەنگاوێکی دی، تا لەو جیهانە بەرتەسکەوە بەرەو جیهانێکی ئەفسوناوی سەفەر بکات، ئەگەرچی سەرئەنجامەکەشی نەزانێت، فاوست خۆی گوزارشت لەمە دەکات و دەڵێت: ((بڕیارمدا ئەم رۆخە بەجێبهێڵم و بەم خەرەندەدا سەربکەوم، بەدوای ئەو رۆخەی تردا کە لە پشتییەوەیەتی لە بەرزاییدا. من خۆم وادەبینم بەم

[1] جيته: فاوست، ت: عبد الرحمن بدوی، ط1، دمشق- بیروت، 1998، ل147.

[2] گۆڵدمان، لوسیبان: فەلسەفەی رۆشنگەری بۆرژوای مەسیحی و رۆشنگەری، و: عومەر سەرگەتی، چ1، سلێمانی، 2006، ل 51.

هەوڵەم نزیك دەبمەوە لە مەترسی و ئەمان لەدوای خۆمەوە بەجێدەهێڵم بە مەبەست... بەڵام من ئامادەم لە پێناو بەدی هێنانی کۆمەڵە شتێك کە دەکرێت ببێت، رازی ببم بە سەرەڕۆییەکی هەربوونێتی))[1].

پاش ئەوەی ئەو بڕیارە دەدات چیتر بەلایەوە گرنگ نییە لەو پێناوەدا هەرکارێك بکات، ئەمەش پاش بێزاربوونیەتی لەو ژیانە تایبەتییەی کەتیایدا زانیاری و دانایی زۆری بەدەست هێناوە، بەڵام هیچ شتێکی وای پێ نەبەخشیوە جێگەی ئارامی و ئاسودەیی بێت، بۆیە ئامادە نییە بەوجۆرە ژیانی بەسەر بەرێت، ئەمەش وای لێ دەکات خۆی بسپێرێت بە جادوو (سحر)، رێگەیەکی جیاواز لەوەی پێشتری بگرێتەبەر، بەڵکو بتوانێت هێزی رۆح بەدەست بهێنێت و پەی بەهەندێك نهێنی بەرێت کە لەوەوبەر نەیتوانیوە بەدەستی بهێنێت[2].

ئیتر فاوست خۆی دەداتە دەست مفستۆفیلس (شەیتان)، تا لەو گەشتەیدا یارمەتی بدات، بەڵام لەو گەشتەدا ئەوەی بۆ دەردەکەوێت ئەو رێگایەش بەرەو هەڵدێری دەبات، بەشی یەکەمی شانۆ گەرییەکە کۆتایی پێدێت فاوست هەست بە بێ ئومێدی و تێکشکان دەکات بەرامبەر بە مفستۆفیلس کە چۆن کەوتۆتە ناو داوی ئەوەوە[3].

بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەمی شانۆگەرییەکە هەندیك لە لێکۆڵەران باسیان لەوە کردووە گوایە یەکێتی بابەتی نییە لەنێوان هەردوو بەشەکەدا، هەندێکی تر بەرگری لەوە دەکەن و پێیان وایە یەکێتی هەیە لە نێوان هەردوو بەشەکەدا، یەکەم کەس کە ئەو پرسەی وروژاندووە زانای ستاتیکی ئەڵمانی (فردریش تیۆدۆر فیشەر 1807- 1887)، باسی لەوە کردووە یەکێتی شێواز (اسلوب) لە نێوان هەردوو بەشەکەی فاوستدا نییە: شێوازی بەشی یەکەم

[1] وەرگیراوە لە ولسون: س. پ، ل147.
[2] جیتە: فاوست، س. پ، ل270.
[3] دیورانت: س. پ، ب41، ل355.



دەناسرێتەوە بە ریالیستی ئەڵمانی، بەڵام شێوازی بەشی دووەم هێمایی پەیوەندی دارە و پڕە لە شتی نامۆ و دروستکرنی زمانەوانی[1].

گۆتە خۆی لە گوتەکانیدا ئەمە روون دەکاتەوە، جیاوازی نێوان هەردوو بەشەکە دیاری دەکات بەوەی: بەشی یەکەم خودی و ویژدانییە، بەڵام بەشی دووەم عەقڵی و بابەتییە. ئەگەر چی زۆربەی لێکۆڵەران جەخت لە سەر یەکێتی نێوان هەردوو بەشەکە دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو بەشەکەدا، بەڵام بەوە پاساوی بۆدێننەوە لە ماوەیەکی درێژدا نووسراوە کە نزیکەی 60 ساڵی خایاندووە، لەو ماوە زۆرەشدا چەندین قوتابخانەی هزری دەرکەوتوون، جگە لەوەش گۆتە چەندین ئەزمونی جیاجیای تێپەڕاندووە[2].

## تێڕوانینی گۆتە بۆ مێژوو

گۆتە کاریگەری گەورە پیاوانی مێژووی لە سەر بووە، هەر ئەمەشە وای کردووە بەڕابردوودا هەوڵبدات، چونکە پیاوانی وای بەرهەم هێناوە شایانی ئەوەن لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەیت و خۆتیان بۆتەرخان بکەیت، لەو روانگەیەوە دەڵێت: ((وازبێنە لە خوێندنەوەی هاوچەرخان و ئەوانەی دژایەتیت دەکەن، گەورە پیاوانی رابردوو بخوێنەوە، ئەوانەی بە شوێنەوارەکانیان توانیویانە بەها و شوێنگەی خۆیان بۆ ماوەی چەندین سەدە بپارێزن...))[3].

ئەم دەقە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە رابردوو لە ئێستا باشترە، هەر لەبەر ئەوەش گەورە پیاوانی رابردوو لە پیاوانی هاوچەرخ باشترن، ئەوانیش کاریگەریان زیاترە، خوێندنەوەی ئەو پاشماوانەش لێیان بەجێماوە لێکۆڵینەوەیان شایانترە لە هی هاوچەرخەکان.

مێژوو لای گۆتە بە شێوازێکی خولییە (دوری)، بەشێوەیەکی پلەبەندی دەگوزەرێت بەرەو بەرزی و سەرو، هەموو مرۆڤێك هەوڵدەدات بەرەو باشتر

[1] بدوی: مقدمة لكتاب فاوست، س. پ، ل 254 و دواتر.
[2] بدوی: مقدمه لكتاب فاوست، س. پ، ل256 257.
[3] دیورانت: س. پ، ل356.

هەنگاو بنێت و بەرەوپێش بچێت، لەبەر ئەوە هەموو توانا و لێهاتوویی و چالاکییەکانی دەخاتەگەڕ بە مەبەستی گەیشتن پێی، ئەمەش بەڕوونی لەسەرەتای فاوستدا بەدی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی فاوست کەسێکی زانا و دانا بووە، خەڵکی بەچاوی زانایەکی گەورە تەماشایان کردووە، بەڵام ئەو بەو ژیانەی رازی نەبووە، زیاتر هەوڵی بەرەو پێش چوون و شارەزابوونی داوە، لەم پێناوەشدا ئامادەبووە هەرکارێك بکات، تەنات ئەگەر خۆدانە دەست مفستۆفیلیس و جادووش بێت.

گۆتە پێیوایە مرۆڤەکان تابێت بەرەو پێش دەچن و زانست و زانیاریان زیاتر دەبێت، بەڵام باشتر و ئاسوودە و بەختەوەرتر نابن، چونکە ئەگەرچی مرۆڤ لە رووی ماددی و زانستیەوە بەرەوپێش دەچێت، بەڵام لە رووی رۆحییەوە نەی توانیوە هێندە پەرە بەخۆی بدات، گۆتە لە یەکێك لە گوتەکانیدا دەڵێت: ((خەڵك تابێت زیرەکتر و وریاتر دەبن، بەڵام باشتر و بەختەوەرتر و چالاکترنابن))[1]، هەر بۆیە پێشکەوتنی مرۆڤ و تێگەیشتنی زیاتر لە سروشت و پەیبردن بە نهێنیەکانی دەستەبەری بەختەوەری و ئاسودەیی ناکەن بۆ مرۆڤەکان.

بەهۆی کاریگەری (هێردەر) لە سەر گۆتە، گۆتە جۆرێك لە تێکەڵکردنی لە نێوان شیعر و مێژوودا ئەنجام داوە، واتە گۆتە لە بەرهەمە شیعریەکانیدا مێژووی بەکارهێناوە یان بەشێوازی شیعر گوزارشتی لە مێژوو کردووە، لە کتێبی (گۆتزفۆن برلیشنگن) و بەشی دووەمی فاوستدا دەردەکەوێت[2].

## کاریگەری گۆتە لەسەر شپنگلەر

دانانی تەوەرەیەکی تایبەت لەم لێکۆڵینەوەدا لەسەر شاعیر و فەیلەسوفی ئەڵمانی گۆتە بێ هۆ نییە، لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە تێڕوانیی فەلسەفیانەی شپنگلەر بۆ مێژوو، مەبەست لەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییە

[1] ماکواری، جۆن: فەلسەفەی بوونگەرایی، و: ئازاد بەرزنجی، چ1، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای نەوا، سلێمانی، 2005، ل300.
2 نف: س. پ، ل63.



قوڵ و گەورەیەی گۆتە لەسەر شپنگلەر دایناوە، بەتایبەتی لە شانۆگەری فاوستدا، باسکردن لەم کاریگەریەش پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نییە لەبەر ئەوەی شپنگلەر خۆی بە ئاشکرا دان بەو کاریگەریەدا دەنێت، لەوەش زیاتر خۆی بەقەرزداری دوو کەس دەزانێت یەکێکیان گۆتەیە، گرنگی ئەم کاریگەرییە لەوەدایە شپنگلەر خۆی بۆمان باس دەکات و دەڵێت گۆتە رێباز و میتۆدی پێ بەخشیم، ئەمەش گرنگی باسکردنی گۆتەمان بە پێویست بۆ دەردەخات لەم لێکۆڵینەوەدا، هەر بۆیە بەبێ هیچ پێچ و پەناو سڵکردنەوەیەك شپنگلەر خۆی دەچوێنێ بە گۆتە، ئەوەی گۆتە ناوی دەبرد بە سروشتی زیندوو بەتەواوەتی ئەوەیە ئێمە ناوی دەبەین بە مێژووی جیهان یان جیهان وەك مێژوو[1].

کەواتە شپنگلەر توانیوێتی سوود لەو میتۆد و جیهان بینییە وەربگرێت کە گۆتە چارەسەری سروشتی زیندووی پێ کردووە، بەڵام ئەو سودی لێوەرگرتووە بۆ بوارێکی تر کە مێژوو و مێژووی جیهانییە تابتوانێت بە دیدێکی جیا لە مێژوونووسان و فەیلەسوفانی پێش خۆی بڕوانێتە مێژوو و هەڵکۆڵینی بۆ بکات، دەشێ ئەوەی زیاتر بووبێتە پاڵپشت بۆ ئەوەی شپنگلەر سوود لەو میتۆدە وەربگرێت کە گۆتە بەکاری بردووە، نزیکی نێوان ئەو دوو کێڵگەیە بێت هەردووکیان کاریان تێدا کردووە، شپنگلەر خۆی ئەمەمان بۆ روون دەکاتەوە: ((ئەو وێنەیەی گۆتە کێشاوێتی بۆ سروشتی زیندوو، بریتیە لە هەمان وێنەی مێژووی جیهان))[2].

زیاتر لەوەش ئاماژەمان پێدا کاریگەری گۆتە هێندە قوڵە لەسەر شپنگلەر، هەندیك زاراوە و دەستەواژە هەن لە کتێبەکەی شپنگلەردا، ئەگەر کەسێك شارەزایی هەندێك لایەنی فەلسەفەی گۆتە نەبێت ناتوانێت بە ئاسانی تێیان بگات، جگە لەوەش ناونانی شارستانیەتی رۆژئاواییی بە ناوی پاڵەوانی شاکارەکەی گۆتە کە ناوی فاوستە، لایەنێکی قوڵتری ئەو کاریگەریە دەردەخات،

[1] شبنغلر : س. پ، ب1، ل38، 75.
[2] ه. س، ل127.

تێبینی ئەوە دەکەین شپنگلەر بەتەواوەتی فاوست بەگوزارشتکەر لە رۆحی شارستنیەتی رۆژئاوایی دادەنێت، ئەو رۆحە بێ ئارام و بەردەوام هەڵچووەی رۆژئاوا کە هەرگیز هیچ شتێك دای نامرکێنێتەوە و بەردەوام بەرەو پێش دەڕوات، هەمان ئەو رۆحە بێ ئارامەی فاوستە بەردەوام لە گەڕان و هەوڵی زانینی زیاتردایە.

## تەوەرەی سێیەم: کورتەیەک دەربارەی ژیان و فەلسەفەی نیچە و کاریگەری لەسەر شپنگلەر

### یەکەم: ژیانی نیچە

فردریك نیچە لەساڵی 1844 لە (ریکن) لەنزیك لوتسین لە هەرێمی سەکسۆنیای ئەڵمانیا لە دایك بووە، باوکی ناوی (کارڵ لۆدڤیج نیچە) بووە، قەشە بووە، لەساڵی 1849 کاتێك باوکی مردووە نیچە منداڵ بووە[1]، نەك تەنها باوکی بەڵکو زۆربەی باوانی لەدایکی و باوکییەوە پیاوی ئاینی بوون، دایکیشی زۆر خۆپارێز بووە و ریتواڵە (طقوس) ئاینییەکانی بەباشی جێبەجێ دەکرد، نیچە خۆشی لە منداڵییدا کەسێکی پابەندبوو بە ئاینی مەسیحییەوە، بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی ئینجیل بووە و چێژی لە تەنهایی وەرگرتووە، یان زۆرجار ئینجیلی بۆخەڵکی خوێندۆتەوە بە جۆرێکی کاریگەری ئەوتۆ خستونیەتە گریان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لە گەورەیی و شانازی لە دەروونیدا هەبووە و هەوڵی شاردنەوەی سۆزی خۆی و بەدەست هێنانی رەندی و بەهێزکردنی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی داوە. بەڵام کاتێك تەمەنی گەیشتۆتە 18 ساڵی بڕوای بە خوا و ئاینی مەسیحی لە دەست داوە[2].

دوای ئەوەی باوکی مردووە کۆمەڵە ئافرەتێکی پارێزکار لە خێزانەکەیدا پەروەردەیان کردووە، زیادەڕۆییان کردووە لە لاواندنەوە و سۆز پێدانیدا، تائاستێك هەستی زۆر ناسك بووە و زیاد لە پێویست سۆزدار بووە، بە جۆرێك

1 بدوي، عبد الرحمان: موسوعة الفلسفة، ط1، المؤسسة عربية للدراسات والنشر، بيروت، 1984، ج2، ل 509.

2 ديورانت، ول: قصة الفلسفة من افلاطون الى جون ديوى، ت: فتح الله محمد مشعشع، ط1، منشورات مكتبة المعارف، بيروت، 2004، ل310.



سەرزەنشتی هاوڕێکانی دەکرد کاتێك ئازاری باڵندەیەکیان دەدا یان میوەیەکیان لە باخچەیەك ببردایا، تاوای لێهاتبوو لە قوتابخانە ناویان نابوو قەشەی بچکۆلە[1].

نیچە هەر لەمنداڵییەوە وەك کەسێکی بلیمەت دەرکەوت، هێشتا تەمەنی 24 ساڵ بوو پلەی پرۆفیسۆری لە فیلۆلۆژیادا بە دەست هێنا، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەوە زوو خانەنشین کرا[2].

نیچە جارێك کەوتووەتە ناو خۆشەویستییەوە، ئافرەتێکی خۆش ویستووە بە ناوی (لۆسالومە)، بەڵام ئەو هیچ هەستێکی خۆشەویستی بەرامبەر بە نیچە نەبوو، پێدەچێت هەر ئەمەش بوو بێتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی توند دژی ئافرەت بنووسێ و بۆچونەکانی دەربڕێت[3].

ستایش کردنی نیچە درەنگ بوو، چونکە کاتێك ستایشی نیچە کرا چیدی نیچە هۆشی لای خۆی نەمابوو، کۆتایی ژیانی بە شێتی بەسەر برد، ئەگەر چی بەدروستی نازانرێت لە چ ساڵێکدا هۆشیاری لە دەست داوە، بەڵام (دە) ساڵی کۆتایی ژیانی لە تاریکی و داڕووخانی عەقڵیدا بەسەر بردووە، ئەوەش بە نووسینەکانیەوە دیارە. تا دایکی مابوو چاودێری دەکرد، لەدوای مردنی دایکیشی خوشکەکەی چاودێری دەکرت تا لە ساڵی 1900 ژیانی لەدەست داو مرد[4].

### دووەم: بەرهەمەکانی نیچە

کتێب و بەرهەمەکانی نیچە زۆرن، یەکەم بەرهەمی لەساڵی 1972 بڵاوکرایەوە بەناوی (لەدایك بوونی مەرگەسات)[5]. گرنگترین کتێبی نیچە (وەهای

1 هـ. س. ل.

2 بیۆهمە: ئۆتە، فەرهەنگی سۆفیا، و: بەهرۆز حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2003، ل221.

3 ديورانت: قصه الفلسفه...، س. پ. ل311- 312.

4 ديورانت: قصه الفلسفه...، س. پ، ل 337.

5 کلنبرگر، جی: کرکگور و نیچه، ترجمه ابو تـوراب سـهراب و الهـام عطاردی ، چـاپ اول ، مؤسسة اینتشارات نگاه، تهران ، 1384 ، ل 97.

گوت زەردەشت)ە لەساڵی 1883 بلاّوی کردۆتەوە و بەشێوە زمانێکی شیعری داڕێژراوە و گوزارشت لە هزری نیچە دەکات[1].

لەکتێبی وەهای گوت زەردەشتدا لە سەر زمانی پیرێکی داناوە بەناوی زەردەشت فەلسەفەکەی دەخاتە روو، گرنگترین شت کە لە گوتەکانی زەردەشتدا هاتووە، نیچەی پێ ناسراوە و زۆرجار لەو خاڵەوە قسە لە سەر نیچە دەکرێت و رەخنەی لێ دەگیرێت، ئەویش ئەو گوتەیە کە زەردەشت دوای ئەوەی دەگات بە پیرێکی خواناس و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، پیرەکەش باسی ئەوەی بۆ دەکات کە خەریکی موناجات و پەرستشی خوایە، بەلاّم زەردەشت بەجێی دەهێڵێت و لە بەر خۆیەوە دەڵێت: ((شتێکی سەیرە، بۆ ئەم پیرە لەم دارستانەدا نەی زانیوە خوا مردووە))[2].

یەکێکی تر لە کتێبە گرنگەکانی نیچە کتێبی (دوژمنی مەسیح)ە کە لە ساڵی 1895 بلاّو کراوەتەوە[3]، سەرەتای ئەم کتێبە رەخنەگرتن و دژایەتی کردنی مەسیحیەت و بەهاکانیەتی، لە شوێنێکدا بەم جۆرە پەسنی مەسیحیەت دەکات و دەڵێت: ((مەسیحیەت ئارەزوومەندی هەر شتێکە کە لاواز و روخێنەر و مایەی سەرنەکەوتنە))[4].

## لە کتێب و بەرهەمەکانی تری نیچە:

- مرۆڤانە- مرۆڤانە زۆر، لە ساڵی 1878 دەرچووە کە رەخنەگرتنی ریشەییە لە داڕووخانی ئەخلاق و هونەر و فەلسەفە و ئایین.
- بەیانی (الفجر) لە ساڵی 1881 دەرچووە.
- زانستی پەرتکردن، لە ساڵی 1882 دەرچووە.

[1] رونی: س. پ، ب2، ل 513.
[2] نیتشه، فردریك: هكذا تكلم زرادشت، ت: فليكس فارس، مكتبة الثقافية، بيروت، دون سنة، ل 30.
[3] كلنبرگ: س. پ، ل 96 .
[4] نيتشه، فردريك: عدو المسيح، ت: جورج مخائيل ديب، ط1، دار الحوار، سورية، 2004، ل24.



- لە ئەو دیو چاکە و خراپەوە، لە ساڵی 1886 دەرچووە.
- ویستی هێز، لە ساڵی 1886 نووسراوە و لە ساڵی 1906 بلاّوکراوەتەوە.
- بنەڕەت و بنەچەی ئەخلاق، لە ساڵی 1887 دەرچووە.
- ئائەمەیە مرۆڤ، لەساڵی 1888 دەرچووە.
- دەجال، 1888[1].

## سێیەم: فەلسەفەی نیچە

بە چاوپۆشی لەئەوەی لە ناوەندە ئەدەبی و فەلسەفیەکاندا باس لە نیچە دەکرێت و هەر ناوەندێکیان دەیان هەویست بیخەنە دەرەوەی کایەی خۆیان. بەلاّم هەرچۆنێك بێت نیچە یەکێکە لە فەیلەسوفە کاریگەرەکان لەسەردەمی خۆی و هەتا ئێستاش، ئەگەر چی ئەو زمانێکی ئەدەبی یان زیاتر لەوەش زمانێکی شیعری بەکارهێناوە، بەلاّم ئەمە لە بایەخی فەلسەفی کتێبەکانی کەم ناکاتەوە[2]. چونکە فۆرمی نووسین لە خزمەتی ناوەڕۆکدایە و ناوەڕۆك پێش فۆرم دەکەوێت[3].

نیچە کاریگەری شوپنهاوەری زۆر لەسەر بووە، کاتێك لە ساڵی 1865 کتێبە بەناو بانگەکەی (جیهان وەك ویست و بیرۆکە)ی کەوتە دەست زۆر بەپەرۆشییەوە دەی خوێندەوە و بەزمانی خۆی باس لەو کاریگەرییە دەکات و دەڵێت: ((ئاوێنە یەك بوو کە جیهان و ژیان و سروشتی دەروونی خۆم تێدا بینی، وێنا کرابوو بە گەورەییەکی ترسێنەر))، لەگەڵ ئەوەشدا نیچە کاریگەربوو بە فەلسەفەی شوپنهاوەر، بەلاّم رقی لەڕەشبینی دەبووەوە، ئەگەر چی زۆربەی ئەوانەی باس لە نیچە دەکەن بەڕەش بین پەسنی دەکەن، بەلاّم ئەو رەش بینی بە

[1] کونزمان، بیتر و اخرون: اطلس- dtv الفلسفة، ت: جورج كتورة، ط1، المكتبة الشرقية، بيروت، 2001، ل179.
[2] عەزیز، حەمید: فردریك نیتشێ وەك دیاردەیەك لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا، گۆڤاری رامان، ژمارە 102، ساڵی دەیەم، هەولێر، 2005، ل137.
[3] كولنجوود، ر. ج: مقال في منهج الفلسفي، ترجمة و دراسة وتحقيق فاطمة اسماعيل، مجلس الاعلى للثقافة، قاهرة، 2001، ل326.

نیشانەی لاوازی و داڕووخان دادەنێت، گەش بینیش بە نیشانەی رووکەشی هزر و کورتبینی دادەنێت، بەڵام گەشبینی پەژارەئامێز یان گەشبینی لە تراژیدیادا بە تایبەتمەندی پیاوی بەهێز دادەنێت[1]. نیچە وەك شوپنهاوەر رقی لە ژیان بووە و بەکەمی دەزانی، بەڵام نیچە بانگەشەی سەرکەوتنی دەکرد بەسەر ژیاندا بۆ دروستکردنی مرۆڤی باڵا (سوپەرمان)، بەڵام شوپنهاوەر بانگەشەی دەکرد بۆ دانانی سنورێك بۆ ژیان لە رێگای خۆکوشتنەوە[2].

جگە لە شوپنهاوەر کاریگەری (سپێنۆزا) و (گۆتە) و (هۆڵدەرلین)ی شاعیری ئەڵمانی و (ڤاگنەر)ی لە سەر بووە، کاریگەری گۆتە لەسەری تا ئاستێك بووە گۆتەی بەنزیك داناوە لەو مرۆڤە باڵایەی باسی کردووە[3]، نیچە رەخنەی زۆری لە فەلسەفە و فەیلەسوفان گرتووە، لەو فەیلەسوفانەی نیچە زۆر هێرشی کردونەتە سەر (سوکرات)ە ئەو پێیوایە لە سوکراتەوە چاخی زێڕینی فەلسەفە ئاوا دەبێت و فەلسەفە بەرەو داڕووخان چووە[4]، (ئەفلاتون)ی قوتابی سوکراتیش بەهەمان شێوە بێبەش نەبوو لە رەخنەکانی نیچە، ئەوەتا نیچە مەسیحییەت و ئەفلاتوونیەت بەیەکەوە گرێ دەدات، ئەگەر داڕووخانی جیهان لەگەڵ ئەفلاتووندا دەستی پێکردبێت ئەوا باوەڕی مەسیحییەت، فەلسەفەی یۆنانی بەتایبەتی ئەفلاتوونیەتی گرتە خۆی و کردیە نمونەی بەڵگە هێنانەوە[5].

سەیر لەوەدایە لەگەڵ ئەوەی نیچە سودێکی زۆری لەهزری ئەفلاتوون وەرگرتووە، بەڵام هێرشی کردۆتە سەر، بۆ ئەم بارە (ول دیورانت) ئاماژە بەوە

1 دیورانت: قصة فلسفة...، س. پ، ل311، 313.

2 شلق، علی: العقل فی مجری التاریخ (قبل الاسلام و بعده)، ط1، دار المدی للطباعة و النشر، بیروت، 1985، ل159.

3 الحفنی: س. پ، ب2، ل1437 و دواتر.

4 نیتشه: افول الاصنام، ت: حسن بورقیة و محمدالناجی، مطابع افریقیا الشرق، دار البیضاء، 1996، ل20.

5 ولداباه، السید: التاریخ والحقیقة لدی میشیل فوکو، ط1، الدار العربیة للعلوم، بیروت، 2004، ل54.



دەکات نیچە بەتایبەتی هێرشی کردۆتە سەر ئەوانەی قەرزداریان بووە و سودی لێوەرگرتوون[1].

فەیلەسوفی ئەڵمانی (کانت)یش لە تیری رەخنەکانی نیچە رزگاری نابێت، هۆکاری سەرکەوتنی کانت دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرکەوتنی لاهوت، کانت بە یەکسانی لەگەڵ (لۆتەر) و (لایبنز) بەربەست بوون لەبەردەم پاکێتی ئەڵمانێتیدا، پاشان توندتر هێرشی دەکاتە سەر و دەڵێت ئەگەر چی هاوچەرخی گۆتە بووە بەڵام گەوج بووە، بەم شێوەیە پەسنی دەکات و دەڵێت: ((شومی جاڵجاڵۆکە لە فەیلەسوفانی ئەڵمانی ژمێردراوە و تائێستاش هەروا دەژمێردرێت))، جگە لەوە پێیوایە رووخانی فەلسەفەی ئەڵمانی بریتییە لە کانت[2].

لە نێوان فەیلەسوفاندا نیچە (هیراکلیتس) بەرز رادەگرێت و خۆی دەڵێت: ((ناوی هیراکلیتس هەڵاوێرد دەکەم، لە گەڵ تەواوی رێزی پێویست بۆی))[3]، بەدەر لەوەی نیچە خۆی سەر سامی خۆی دەردەبڕێت بۆ هیراکلیتس، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کاریگەری فەلسەفەی هیراکلیتس بەڕوونی دیارە بە سەر فەلسەفەی نیچەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی دارە بە ویستی هێز و جەنگەوە، لە پێش نیچەدا هیراکلیتس گوزارشتی لێ کردووە و ویستی هێز و جەنگی بە هۆکاری گۆڕان داناوە[4]، هەروەها بیردۆزی گەڕانەوەی هەتاهەتایی کە نیچە گوزارشتی لێ کردووە بەهەمان شێوە لای هیراکلیتس دەبینرێت ئەگەرچی لەوانەیە جیاوازی هەبێت لەنێوانیاندا[5].

1 دیورانت: قصة الفلسفة...، س. پ، ل334.

2 نیتشه: عدو المسیح، س. پ، ل39 و دواتر.

3 نیتشه: افول الاصنام، س. پ، ل 26.

4 پۆپەر، کارڵ: کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، چ1، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2006، ، ل42.

5 بدوی: موسوعة الفلاسفة، س. پ، ب2، ل536.

## ئاوابوونی بتەکان

نیچە بڕوای وایە مرۆڤ بەردەوام و تائێستاش خەریکی پەرستنی بت گەلێکە، بتی ئەخلاق، بتی فەلسەفە، بتی سیاسەت و ...هتد، تێبینی ئەوە دەکەین تەنانەت فەلسەفە یان زۆرێك لە فەلسەفەکانیشی بەبت داناوە[1]، هەرئەمەشە وای کردووە ئەو رەخنەیە لە نیچە بگرن ئەو وەك فەیلەسوفێك رەخنەی لە فەلسەفە گرتووە نەك وەك رۆژنامەنووسێك[2]، بۆیە نیچە بەئەرکی خۆی زانیوە پەردە لەسەر ئەو بتانە هەڵ ماڵێت و تێکیان بشکێنێت.

نیچە دەی هەویست بڕوابوون بە خود بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە لە ڕێگەی هێرشی توند بۆ سەر ئەخلاقی بڵاو و بەها باوەکان. بۆ ئەوەی ئەم کارەش بکات خۆی دارنی لە ئەخلاقی گشتی و بەتوندی تێدەکۆشا دژی کەڵچەری ئەخلاقی، ئەم هەڵوێستەی خۆی بە (بێ ئەخلاقی) ناو بردووە، واتا ئەو بێلایەنە لە ئەخلاق نەك بەمانای لادان و، دابڕاو لە چاکە و خراپە بەمانا باوەکەی[3]. نیچە لە دوو کتێبدا بە ناوی (لەسەرو چاکە و خراپەوە) و (مێژووی زنجیرەی ئەخلاق) تێکۆشاوە بۆ تێکشکاندنی ئەخلاقی کۆن و دانانی سەرەتایەك بۆ ئەخلاقی مرۆڤی باڵا (سوپەرمان)[4].

نیچە باس لە دووجۆر ئەخلاق دەکات: ئەخلاقی خانەدانەکان و ئەخلاقی ژێردەستان، ئەخلاقی خانەدانەکان بریتییە لە رابواردنی ژیانی خۆشگوزەرانی، بەڵام ئەخلاقی ژێردەستان واتە رابواردنی ژیانی پڕسکاڵا و رق و توڕەیی[5]، سۆزی

---

1 ه. س، ل 509.

2 ناتاف، اندریە: الفکر الحر، ت: رندة بعث، ط1، دار المدى للثقافة و النشر، بیروت-سوریة- بغداد، 2005، ل130.

3 کامل، فؤاد: اعلام الفکر الفلسفی المعاصر، ط1، دار الجیل، بیروت، 1993، ل188.

4 دیورانت: قصة الفلسفة...، س. پ، ل 320.

5 ڤێرژۆلی، بیتران: فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە لە دیکارتەوە تا هایدگێر، و: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2004، ل49.



بەهێز لە ئەخلاقی ژێردەستاندا بریتیە لە کینە و رق لێبوونەوە، ئەم لاوازانە بەرامبەر بە بەهێزەکان بۆیان دروست دەبێت، کاتێك دەرفەتی تۆڵە سەندنەوەیان بۆ دەڕەخسێت[1]. نیچە باوەڕی بە ڕێژەگەرایی هەیە لە ئەخلاقدا پێیوایە حوکمە ئەخلاقیەکان لەدەرەوەی زەمان نین و رەها نین، دەکرێت بەڵگە بهێنرێتەوە بۆ ڕێژەییان لە بەرامبەر مێژوو و کۆمەڵگەدا[2]. سەبارەت بەچاکە و خراپە، ئەوەی بەهێز و تەواوتر بێت ئەوە کەسی چاکە، بەڵام ئەوەی ملکەچ و شوێنگەی نزم بێت ئەوە کەسی خراپە[3].

هەرچی پەیوەندی بە ئایینیشەوە هەیە بەتایبەتی ئاینی مەسیحی، نیچە زۆر بە توندی لە کتێبی (دوژمنی مەسیح)دا هێرش دەکاتە سەر ئاینی مەسیحی، بە ئارەزومەندی لاوازی و رووخێنەر و سەرنەکەوتووی دادەنێت، نیچە ئاینی مەسیحی و بوزیش بە دوو ئاینی سەر بە نیهلیزم و پوچگەرایی و داڕووخان دادەنێت، بەڵام ئەوەندە هەیە ئاینی بوزی سەدان جار چاکترە لە ئاینی مەسیحی، چونکە ئاینی بوزی بە شێوەیەکی بابەتی گرفتەکان چارەسەر دەکات[4].

نیچە چۆن هێرشی کردۆتە سەر ئاین بە هەمان شێوەش هێرشی کردۆتە سەر عەقڵ، عەقڵی بە مەترسی دار داناوە، چونکە بانگەشەی زانینی گشت شتێك دەکات، خۆ ئەگەر بەم شێوەیە بوایا ئەوا خەڵکی نەیان دەتوانی زۆر بژین، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەگەر مرۆڤایەتی بە پێی ئەوەی عەقڵ دەیهەوێت برۆشتایا، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر لەسەر پەیڕەو و زانیارییەکانی عەقڵ برۆشتنایا ئەوا لە مێژ بوو لە ناوچوو بوو))[5].

نیچە لە فەلسەفەکەیدا هێرشی کردۆتە سەر عەقڵ و تێکی شکاندووە، ئەو گومانی لە و متمانە رەهایە کرد کە درابوو بە عەقڵ، لە بەرامبەردا گرنگی بە هۆکاری

---

1 کامل: س. پ، ل190.

2 کونزمان واخرون: س.پ، ل 177.

3 بدوي: موسوعة الفلاسفة، س. پ، ل511.

4 نیشه: عدو المسیح، س. پ، ل60،28.

5 بدوی: موسوعة الفلاسفة، س. پ، ل513.

نا عەقلانی داوە کە رۆڵی هەبووە لە ئاراستە کردنی بزاوتی مێژوودا، هەروەك بەشێك لە رەخنەگرتنی عەقڵ نیچە رەخنەی لەسەردەمی مۆدێرنە و رۆشنگەری گرتووە، بە تایبەتی خەسڵەتە نێگەتیڤەکانی مۆدێرنەی پۆزەتڤستی و پیشەسازی[1].

هێرشکردنی نیچە بۆ سەر عەقڵ، لەهەمان کاتدا هێرشکردنە بۆ سەر فەلسەفە، چونکە عەقڵ و فەلسەفە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش لە هێرشی نیچەدا بۆ سەر فەیلەسوفان دەردەکەوێت سەبارەت بەمە دەڵێت: ((هەموو ئەوەی فەیلەسوفان لە هەزارەکاندا تاوتوویان کردووە هیچ نەبووە جگە لە مۆمیای هزرەکان، هیچ شتێکی راستەقینە لەژێر دەستیاندا دەرنەچووە))[2].

## ویستی هێز

بەشێکی گرنگی فەلسەفەی نیچە گرنگی دانە بە پرسی ویستی هێز، زۆر جار لە گەڵ ناوی نیچەدا باس لەم پرسە دەکرێت، ئەو هەموو خێر و چاکەیەك لە هێزدا دەبینێتەوە، هەموو خراپەیەکیش لە لاوازیدا دەبینێتەوە، پێویستە لاوازەکان لەناو بچن چونکە سەرنەکەوتوون، ئەمەش بە خۆشەویستی دەزانێت بۆ مرۆڤەکان، جگە لەوە یارمەتی دانە ئەگەر رێگە خۆشکەر بین بۆ لە ناوچونیان[3].

ویست پاڵ پێوەنەری هەموو هزر و کارێکە. ویست وەك ئەوەی (شوپنهاوەر) باسی لێدەکات کوێرنییە، بەڵکو ئامانجی خۆی هەیە، وەك پارێزگاری لە خود، گەشەپێدانی هەستکردن بە ژیان و توانای ژیان، بردنەوەی هێز و توانا، نیچە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەم جیهانە، جیهانێکە لە هێزی سەپاندن، بەبێ سەرەتا و کۆتایی گەورە و پتەوە بە هێز...ئەم جیهانە بریتییە لە ویستی هێز، هیچ شتێك

---

[1] سالح، هاشم: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، چ2، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2006، ل90-92.

[2] نیتشە: افول الاصنام، س. پ، ل25.

[3] نیتشە: عدو المسیح، س. پ، ل25.



نییە جگە لەمە!))[1] نیچە هێز لەسەرو گشت شتێکەوە دادەنێت نەك تەنها لە دیدی خۆیەوە، بەڵکو لە دیدی مرۆڤەکانیشەوە بەهەمان شێوەیە، ئەو پێیوایە شەیتانی رەگەزی مرۆیی بریتییە لە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ هێز[2].

## گەڕانەوەی هەتاهەتایی

یەکێك لەو پرسانەی نیچە گرنگی پێداوە بیرۆکەی گەڕانەوەی هەتاهەتایی بووە، مەبەستیش لەم گوزارەیە ئەوەیە هەموو شتێك کاتێك روو دەدات، بەشێوەیەکی یەك لە دوای یەك وەك خۆی دوو بارە دەبێتەوە لەسەردەمی جیاوازدا[3]، واتە هەر هەبوویەك پاش لە ناو چوون و نەمانی جارێکی تر وەك خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ژیان، ئەمەش بەشێوەیەکی خولی و بازنەیی بە هەمیشەیی بەردەوام دەبێت[4].

نیچە ئەم بارە بەم شێوەیە وێنا دەکات: ((ئەم ژیانە...پێویستە لەسەرت جارێکی تر تیایدا بژیت، چەند جارێکی تریش...کاتژمێری بوونی لمی هەمیشەیی ناوەستێت لە هەڵگەڕانەوەی نوێ-تۆش لەگەڵیدایت- ئەی دەنکی خۆڵ لە ناو خۆڵدا!))[5]، لەم گوتەیەی نیچە دەتوانرێت ئەوە هەڵبگۆزرێت بوون وەك کاتژمێرێکی لمی وایە هەرکات خولی خۆی تەواو کرد بەبێ وەستان و بەردەوام لە هەڵگەڕانەوەدایە، ژیان شێوەیەکی خولی و بازنەیی وەردەگرێت، بەردەوام لە سوڕانەوەدایە، تۆی مرۆڤیش یەکێکی لە دەنکە خۆڵەکانی ناو ئەو کاتژمێرەیت و بەشداری تیایدا.

---

[1] وەرگیراوە لە کونزمان و اخرون: س. پ، ل179.

[2] عبالجبار، نبیل عبدالحمید: الفلسفة لمن یرید، مطبعة حاج هاشم، اربیل، 2004، ل94.

[3] هانکسون، جیم: المرشد الی الفلسفة، ت: جورج خوري، ط1، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، 1990، ل 31.

[4] کەمال، محەمەد: نیتشەو پاش تازەگەری، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی، 2006، ل97.

[5] وەرگیراوە لە کونزمان واخرون: س. پ، ل179.

نیچە یەکەم کەس نییە یاخود داهێنەری بیرۆکەی گەڕانەوەی هەتاهەتایی نییە، بەڵکو لە پێش ئەودا (هێراکلیتس) باسی لەم پرسە کردووە، بەداهێنەری دادەنرێت، ئەگەرچی جیاوازی هەیە لە ورد و درشتی تەواوی بۆچونەکانیان[1].

## مرۆڤی باڵا (سوپەرمان)

یەکێك لەو پرسانەی نیچە گرنگی پێداوە مرۆڤی باڵایە، گرنگی دانی بە مرۆڤی باڵا بە ئەندازەیەك بووە ئامانجی هەموو مرۆڤایەتی ببەستێتەوە بەدروستکردنی مرۆڤی باڵاوە، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی مرۆڤی باڵا، زیندوویێتی و عەقڵ و بەرزی دەروونە[2]، مرۆڤی باڵا مرۆڤێکی داهێنەرە نەك داهێنراو، بۆ ئەوەی داهێنەربێت ئازار دەدرێت و خەڵکی خۆیانی لێ بەدور دەگرن، بە ساتانێکدا تێ دەپەڕێت گومان لە خۆی و ئامانجەکانی دەکات، لاوازەکان بە هۆی زۆری ژمارەیان دژایەتیان دەکەن، ژیانی لە مەترسیدا دەبێت و بەرامبەر بەخۆی و شوێنکەوتوانی هیچ سۆزێك نانوێنێت چونکە ئامانجی سەرکەوتنە[3].

یەکێك لەو بنەمایانەی پێویستە بۆ دروست بوونی مرۆڤی باڵا خوێن یان رەگەزە، بۆیە ئەو داوای ساغی و رەسەنی رەگەز دەکات، چونکە دوای بە دیهێنانی باش لەدایك بوون، هەنگاوی دووەم دەست پێ دەکات بۆ داڕشتن و دروستکردنی مرۆڤی باڵا[4]، کەواتە دروستکردنی مرۆڤی باڵا تەنها بە لیبڕانی مرۆڤەکە نییە، بەوەی دەست بگرێت بە کۆمەڵێك خەسڵەتی وەك عەقڵ و بەرزی دەروون و گرتنەبەری رێگەیەکی بێ ئامان، بەڵکو لەسەرو ئەمانەوە ساغی و رەسەنی رەگەزی مرۆڤەکە و خوێنەکەی رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دروستکردنی مرۆڤە باڵاکەی نیچەدا.

[1] بدوي: موسوعة الفلسفة، س. پ، ب2، ل536.
[2] ديورانت: قصة الفلسفة...، س. پ، ل124-125.
[3] الحفني: موسوعه الفلسفة والفلاسفة، س. پ، ب2، ل1439.
[4] ديورانت: قصة الفلسفة...، س. پ، ت325.



ئەو مرۆڤەی ئێستا هەیە هیچ نییە جگە لە گوریسێکی شەتەك دراو نەبێت لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤی باڵادا، جگە لەوە هەموو مرۆڤێك ناتوانێت بگاتە پلەی مرۆڤی باڵا، بەڵکو کەمینە دەتوانن بەو پلەیە بگەن، لەگەڵ ئەوەشدا نیچە بانگەشەی ئەوەی نەکردووە خۆی ئەو مرۆڤە باڵایەیە، یان ئەو مرۆڤە بوونی هەیە، بەڵام گۆتە بەکەسایەتی و رەفتاری توانیویەتی لەو مرۆڤە باڵایە نزیك ببێتەوە[1].

## نیچە و مێژوو

نیچە پێیوایە میژوو بە شێوەیەکی خولی دەگوزەرێ، بوونیش بەردەوام لە گۆڕان و خولدایە تا ناکۆتایی، هەرکاتێك خولێك تەواو دەبێت خولێکی تر بەدوایدا دێت، [2] ئەمەش لە گەڕانەوەی هەتاهەتایی وەرگیراوە، بەڵام ئەم تێڕوانینە دەچێتە کایەی تێڕوانین بۆ مێژوو.

مێژوو تراژیدیا و مەرگەساتە هەر بۆیە بە شێوەیەکی ئارام و هێمن ناگوزەرێ، چونکە ئەوەی ئاراستەی مێژوو دەکات عەقڵ و عەقڵانیەت نییە، بەڵکو زۆرجار هۆکارە ناعەقڵانییەکان رۆڵی خۆیان دەبینن لە مێژوودا[3]، لای نیچە مێژوو پێناسە ناکرێت و دەڵێت: ((بە تەنها ئەوە پێناسە دەکرێت کەمێژووی نییە))[4]، واتە هەرشتێك مێژووی هەبێت پێناسە ناکرێت، بەدەر لەوە دەتوانرێت ئەوەشی لێ بخوێنرێتەوە مێژوو خۆشی پێناسە ناکرێت، جگە لەوە وادەردەکەوێت ئەم تێڕوانینەی نیچە زیاتر لێدان بێت لە مێژوو و سەیرکردنێکی نێگەتیڤ بێت بۆی، چونکە نیچە لە شوێنێکی تردا بەخراپ باسی مێژوو دەکات: ((رزگاری پێویستە لە وێژینگەی (وهم) هەستەکان، لە جوڵە و گۆڕانی

[1] الحفني: موسوعة الفلسفة والفلاسفة، س. ث، ب2، ل1439.
[2] ه. س، ل144.
[3] سالح: س. پ، ل90-92.
[4] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل301.

بەردەوام ، لـە مێـژوو، لـە رووپامـایی (الریـاء)! مێـژوو هـیچ نییـە جگـە لـە باوەڕهێنان بە هەستەکان، باوەڕهێنان بە درۆ))[1]، ئەوەی نیچە دەربـارەی مێـژوو دەیلێت روونە، بە ئاشکرا لێدان و بەنێگەتیڤ باسکردنی مێژووە، باوەڕهێنـانیش بە مێژوو بەهیچ نازانێت جگە لە باوەڕهێنان نەبێت بە درۆ.

## کاریگەری نیچە لەسەر شپنگلەر

شپنگلەر پێش ئەوەی پێی بلێن، خۆی دانی بەوەدا نـاوە کاریگـەری نیـچەی لەسەرە، یەکێکە لەو دوو کەسەی کاریگەریان هەبووە لەسەری و شپنگلەر خـۆی بە قەرزداریان دەزانێت و دەڵێت: ((...ئەوانەی خۆم بەقەرزداریان دەزانم لـە رووی کردارییەوە بە هەمـوو شتێك، بریتین لە گۆتە و نیچە، گۆتە میتۆدی پێبەخشیم و نیچەش بەهرەی پەیڤانـدنی پێبەخـشیم، ئەگـەر کەسـێك لـێم بپرسـێت شـێوەی پەیوەندیت لەگـەڵ نیـچەدا بـدۆزەرەوە، دەڵـێم لـە تێڕوانینـی ئـەودا بـۆ ژیـان، تێڕوانینێکم دروستکردووە کە ژیان بەرز رابگرێـت))[2]. کەواتـە بـەبێ گـەڕان بـە دوای ئەم پرسەدا، شپنگلەر خۆی ئـەو کاریگەریـەمان بـۆ بـاس دەکـات و ئـەو لایەنانەش دیاری دەکات تیایدا سودی لە نیچە وەرگرتووە، کە بریتین لە بـەهرەی پەیڤاندن و هێنانە گفتوگۆ و لێپرسین.

نیـچە و شـپنگلەر هـەردوکیان پـێش بینـی رووخـانی شارسـتانیەتی رۆژئاوایان کردووە، شتێکی تر نزیکـی نێـوان نیـچە و شـپنگلەرمان پیـشان دەدات و هـۆی نزیکـی هەنـدێك لـە بـیرو بۆچـونەکانیانە، هەردووکیـشیان کارگەری فەیلەسوفی یۆنانی (هێراکلیتس)یان لەسەر بووە، نیـچە لـە کتێبـی

[1] نیتشە: افول الاصنام، س. پ، ل26.

[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل38.



ئاوابوونی بتەکاندا بەبێ پێچ و پەنا بە هیراکلیتسدا هەڵدەدات، شـپنگلەریش تێزی دکتۆراکەی لەسەر هێراکلیتسە[1].

ئەو ئەنجام گیرییانەی شپنگلەر پێیان گەیشتووە، نـزیکن لـەو ئەنجامگیریانـەی نیچە پێیان گەیشتووە، لەوانەش (گەڕانەوەی هەتاهەتایی) و بیرۆکەی (خۆشەویـستی مرۆڤ بۆ چارەنووسی خۆی) لەگەڵ زیندوێتی کـە دژی عەقلانیەتـە، بـەلام شـپنگلەر زیاتر لە شوپنهاوەرەوە نزیکە وەك لە نیچە، شـتێکی تـر نیـچە و شـپنگلەر تیایـدا وێکچوون ئەوەیە هەردووکیان تۆمەتی نازی بوونیان دراوەتە پاڵ[2].

[1] رضوی، مسعود: پایان تاریخ سقوط غرب و اغاز عصر سوم، چاپ اول، انتشارات شـفیعی، 1381، ل230-231.

[2] ولسون: س. پ، ل137-138.

# بەشی دووەم
# شپنگلەر و مێژوو

## تەوەرەی یەکەم: میتۆدی فەلسەفییانەی شپنگلەر و مێژوو

دەرخستنی ئەو میتۆدەی شپنگلەر بەکاری هێناوە لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە ناتوانرێت راستەوخۆ میتۆدەکەی پەیپێببرێت، ئەگەرچی خۆی لە کتێبەکەیدا چەند ئاماژەیەکی لەسەر ئەمە هەیە، بەڵام بە تەواوی ئەو بێژەو (لفظ) گوزارانە روون ناکاتەوە تا لێکۆڵەران بەرچاو روونبن لە میتۆدەکەی.

هەر بۆیە زۆرێك لە وانەی لەسەر شپنگلەریان نووسیوە، سەبارەت بە میتۆد رەخنەیان لێ گرتووە، لەوانەش کۆڵن وڵسون ئاماژە بەوە دەکات: ((زۆرێك لە رەخنەگران ئاماژە بەوە دەکەن شێوازی شپنگلەر زۆرخراپ و نالەبارە، پڕە لە دووبارەکردنەوە و ئاڵۆزی و شپرزەیی))[1]، جگە لەوە ئاماژە بەوە دەکات ناتوانرێت بیرۆکەیەکی روون دەربارەی میتۆدی شپنگلەر پیشان بدرێت، هۆی ئەمەش ئەوەیە ((لێکۆڵینەوە ناکات بە کرداری بەڵکو تەنها بڕیار دەدات، زۆر گوێ نادات بە هۆ هێنانەوە بۆ ئەو شتانەی کەبڕیاریان لەسەر دەدات))[2].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شپنگلەر بۆچونی خۆی هەیە بەرامبەر پرسی میتۆد و چارەسەری مێژوو، ئەو پێیوایە پێویستە سروشت بەشێوەیەکی زانستی چارەسەر بکرێت، بەڵام مێژوو بە شێوەیەکی شیعری چارەسەر بکرێت، چونکە لەنێوان شیعر و مێژوودا پەیوەندیەکی هاوشێوەی دەمار و خوێن هەیە، هەروەك چۆن پەیوەندی نێوان ژمێریاری و زانست پەیوەندیەکی نزیکە، وەك (هیبڵ) دەڵێت:

[1] ولسون: س. پ، ل128.
[2] ه. س. ل.



((ڕێباز و میتۆد لەدایك بووی خەون نین، وەك ئەوەی چۆن بەدەستهاتووە هونەرییەکان کچی ژمێریاری نین))، هونەرمەند و مێژوونووسی رەسەن کاتێك شتێك دەبینن لە خۆگۆڕکێدا (صیرورة) دەیبینن واتە لە گۆڕان و جوڵە و زیندووێتیدا دەی بینن ، بەڵام کەسی میتۆدی یان زانستی ئەو شتە دەناسێت کە بووە (صار) واتە لە باری جوڵە و گۆڕاندا نەماوە و جێگیرە[1].

ئەو شێوازەی شپنگلەر پەسەندی دەکات بۆ کارکردن لە مێژوودا شێوازی شیعرییە، هۆی ئەمەش ئەوەیە تیڕوانین بۆ مێژوو جیاوازە لە تێڕوانین لە زانست کە بەستراوەتەوە بە یاسای چەسپاو و نەگۆڕەوە، لەبەر ئەوەی زانست خوی نەگۆڕە، شایانی دووبارە بوونەوەیە، بەڵام مێژوو گۆڕاوە و بەردەوام لە بزاوتن دایە، بۆیە دەبێت تێڕوانینێکی جیاوازمان هەبێت بۆ مێژوو کە تێڕوانینێکی شیعری زیندووە.

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مێژوو زیندووە و سەر بەژیانە، پێویشستە بە زیندوو لێکبدرێتەوە، ((چونکە ژیان راڤە ناکرێت مەگەر بەژیان نەبێت))[2]، لەبەر ئەوەش شیعر گوزارشتە لە زیندووێتی و سەر بەژیانە بۆیە دەکرێت راڤەیەکی شیعری بکەین بۆ مێژوو. جگە لەوە دەکرێت ئەوەش بخوێنینەوە لەو بۆچوونەی شپنگلەر، ملکەچکردنی مێژوو بۆ میتۆدی زانستی ئەبستراکت کوشتنی مێژووە و داڕنینیەتی لەمۆرکی تایبەتمندی خۆی کە زیندووێتییە.

ئەو میتۆدە باوانەی لە رۆژئاوادا بەکارهاتوون بۆ چارەسەرکردنی مێژوو، شپنگلەر بە میتۆدی (بەتلیمۆس)بیان دادەنیت، بەڵام ئەو میتۆدەی خۆی لە کتێبەکەیدا پێشکەشی دەکات دای دەنێت بە دەرخستنێکی کۆپەرنیکیانە لە کایەی مێژوودا[3]، لێرەدا شپنگلەر ئەو کارەی لە کتێبەکەیدا ئەنجامی داوە، وەك میتۆدێکی نوێ بۆ کارکردن لە مێژوودا، دەیچوێنێت بەوکارە گەورەیەی

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل209،109.
[2] بدوي: اشپنجلر، س. پ، ل23.
[3] ه. س، ل62.

(کۆپەرنیکۆس) ئەنجامیداوە لە بواری گەردووناسیدا کە سەرلەبەر و بەتەواوەتی بیردۆزی (بەتلیمۆس)ی سەبارەت بە گەردوون و شوێنی زەوی لێك هەڵوەشاند، شپنگلەر پێیوایە ئەویش هەمان کاری کردووە، بەڵام لە بواری مێژوودا، چونکە جۆرێك لەبیرکردنەوەی جیاوازی لە بارەی شێوازی لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە داهێنا کەپێشتر بەو جۆرە و بەو راشکاوییە باس نەکراوە.

وەك ئەوەی هەندێك بانگەشەی بۆ دەکەن شپنگلەر بێ میتۆد نییە لە چارەسەرکردنی مێژوودا، ئەگەر چی میتۆدەکەی هەندێك گرانیشی تێدا بێت و زۆرێك لە لێکۆڵەران نەتوانن پێی بگەن یان بە ئاڵۆزی دابنێن، چونکە شپنگلەر هەندێك ئاماژەی سەبارەت بە میتۆدەکەی و هۆکارە بەکارهێنەکانی بۆ چارەسەرکردنی مێژوو پیشان دەدات، بەڵام ئەوەی لەسەر لێکۆڵەری کارامە و لێهاتوو پێویستە دۆزینەوەی کۆد و میتۆدی تایبەتی شپنگلەرە تابتوانێت بە باشی تێی بگات، بۆنمونە شپنگلەر لەم بارەیەوە بەم جۆرە دەدوێت: ((ئارەزوو لێبوون (بەتەنگەوە هاتن)، تێبینی کردن، بەراورد کردن، دڵنیایی ناوەکی دەستبەجێ، ژیری، دانایی زەینی، بریتین لە هۆکاری بەکارهێن بە هۆیانەوە دەتوانرێت لە دەرخستنی نهێنیەکانی جیهانی دیار، لە باری بزاوتندا نزیك بوونەوە ئەنجام بدرێت))[1]، ئەمانەی ئاماژەی بۆکرا شپنگلەر هەموویان بە هۆکاری بە کارهێن یان رێگای لێکۆڵینەوەی مێژوویی دادەنێت، دورتر لەوەش بە تەنها هۆکار و رێگایان دادەنێت، هەر بە وردبوونەوە لەو گوتەیەی شپنگلەر دەتوانین بڵێین مێژوونووس یان فەیلەسوفی مێژوو پێویستە ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە شپنگلەر ئاماژەی پێکردوون. بەدەر لەوەش جۆرێك لە پەیبردنی ناوەکی پێویستە بۆ فەیلەسوفی مێژوو کە لەهەموو کەسێکدا نییە و خۆڕسکە.

لێرەوە پێویستە ئەو کەسانەی دەیان هەوێت لە میتۆد و رێبازی شپنگلەر تێبگەن لە لێکۆڵینەوەی مێژوو و شارستانیەتدا، ئەو چەمك و گوزارە و بێژانە (الفاظ)ی شپنگلەر بەکاری هێناون شی بکەنەوە، ئەو مەبەستە دەربخەن شپنگلەر

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل75-76.



ئەو چەمك و گوزارانەی بۆ بەکارهێناوە، جگە لەوە چۆن ئەو چەمك و گوزارانەی کردۆتە هۆکارێك بۆ شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی؟ و شێوازە تایبەتەکەی بدۆزنەوە، پاشان ئەو هۆیانە چین شپنگلەر ئەو هۆکارانە بە تەنها هۆکار و رێگای لێکۆڵینەوەی مێژوویی بزانێت؟ جیاواز لە هەموو ئەو میتۆد و رێبازانەی لە پێش ئەودا، مێژوونووسان و فەیلەسوفان بە کاریان هێناوە.

شپنگلەر بە دوای شێوازێکی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا دەگەڕێت رزگاری بووبێت لە میتۆدی (داروین)ی، مەبەستیشی لەمە رزگار بوونە لە زانستی سروشتی و میتۆدی پشت بەستوو بە هۆکارێتی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((مەبەستم لەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو لێکۆڵینەوە نیشانەییەیە (السیمائیة) لە مێژوودا، پوخت و روون باوەڕی بەخۆیە، کە تائێستا سنورێکی کۆتایی بۆ دانەنراوە، ناتوانێت هەستێت بە وێناکردنی ئەو سنورەی هەیە، مەگەر بەهۆی میتۆد گەلێك تائێستاش لەسەرمانە دەریان بخەین))[1].

ئەوەی شپنگلەر داوای دەکات و بە پێویستی دەزانێت دەربخرێت، خۆشی بە شایەنی ئەوە دەزانێت دەریبخات، دەرخستن و دۆزینەوەی میتۆدێکە، جیاواز لە میتۆدی زانستی پشت بەستوو بە هۆکار و زانستی سروشتی، ئەو میتۆدەش ئەو باسی دەکات لێکۆڵینەوەی سیمائی یان میتۆدی سیمائییە، کە شپنگلەر لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا پەسەندی دەکات و کاریشی پێ دەکات، ئەگەرچی شپنگلەر بە شانازییەوە باس لەوە دەکات کە دەرخەری میتۆدێکی نوێیە، بەڵام ئەوەش دەڵێت ئەو میتۆدە تا ئێستا سنورەکەی دیاری نەکراوە و شتێکی رەها و بڕاوە نییە و بەردەوامیش پێویستە هەوڵی دەرخستن و پەیپێبردنی ئەو میتۆدە بدەین.

مەبەست لەو میتۆدە نوێیەی شپنگلەر پەسەندی دەکات و ناوی لێناوە میتۆدی سیمائی، ئەوەیە مێژوونووس هەڵدەستێت بە نیشانەکردنی دیمەن و خوێندنەوەی رووخسار، هەر بۆیە لە دیمەنی رووداوەکان هێمای (رمز) ئەو رۆحە دەردەهێنێت کە رووداوەکە لێوان لێوە لێی، ئەم میتۆدە هەروەك وێنەکێشانی

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل75-76.

کەسایەتییەکان وایە، بەڵام وێنە کێشانێکی رۆحی، ئەو پێیوایە دەبێت بەم شێوەیە مێژوو بنووسرێت، چونکە تایبەتمەندێتی لە بواری مێژوودا ئامانج لێی کۆکردنەوەی هەواڵەکان و لێکۆڵینەوە نییە لە کاتی رووداوەکان و ئامارەکان، بەڵکو ئەمانە تەنها هۆکارن بۆ دەرککردنی مێژوو[1]. ئەگەر وردتر مەبەستی شپنگلەر لەبارەی میتۆدی سیمائییەوە روون بکەینەوە لەم گوتەیەی گۆتەدا بەرجەستە دەبێت کە دەڵێت: ((هەموو ئەوەی رابردووە تەنها برینییە لە هێما))[2]، واتە هەموو دیاردەیەك هێمایە و گوزارشتە لە رۆح، بۆیە پێویستە لەسەر میتۆدی سیمائی یان ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێت، رووکەشی دیاردەکان بکاتە هۆکارێك بۆ پەیپێبردنی رۆح، چونکە لە رووکەشی مێژوودا پێکهاتەیەکی ناوەکی هەیە، ئەوەی پێویستە لەسەر مێژوونووس دۆزینەوەی ئەو پێکاتەیە[3].

کەواتە مەبەست لە میتۆدی سیمائی، خوێندنەوەی زیندوانەیە بۆ مێژوو، چونکە سیمائی کارکردنە لەسەر رۆح و پیبردنە بەناوەکی شتەکان نەك رووکەشی شتەکان، روون تر بڵێین خوێندنەوەی ناوەکییانەیە. بەم پێیە بێت پەیبردنی مێژوو شتێکی یان مەعریفەیەکی فیترییە، لە رێگەی مەلەکەی ویژدانەوە دەرك دەکرێت، بەو مانایەی مێژوونووس یەکجار دەڕوانێتە شتەکان و روداوەکان بە جۆرێك لە ویژدان پەیان پێدەبات، بەم جۆرە ئەم جۆرە پەیپێبردنە شتێکی خۆڕسکە و بە فێربوون مرۆڤ بە دەستی ناهێنێت بەڵکو فیترییە و لای کەسەناوازەکان بەدی دەکرێت[4]. دەتوانین لەو بۆچونەی فلهلیم دێلتای کە دەربارەی تێگەیشتن ((فهم)) و راڤەکردن ((تفسیر)) هەیەتی باشتر لە سیمائی تێبگەین کە دەڵێت: ((ئێمە راڤەی سروشت دەکەین، بەڵام لە مرۆڤ تێدەگەین)) مەبەستیشی لە تێگەیشتن لە مرۆڤ دەرهێنانی رۆحی مرۆڤە لە دیمەن و

[1] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل87.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل304.
[3] بدوی: اشپنجلر، س. پ، 88.
[4] ه. س. ل85.



رووخساری[1]. واتە پەیپێبردنی ئەوەی کە لەپشتی ئەو رووخسارەی مرۆڤەوە شاراوەتەوە، کەواتە مرۆڤ راڤە ناکرێت بەو شێوەیەی سروشت و شتە ماددییەکان راڤە دەکرێن بەڵکو مرۆڤ دەتوانرێت لە رێگەی تێگەیشتنەوە پەیببرێت، ئەمە بۆ مێژووش بەهەمان شێوە دروستە چونکە مرۆڤ و مێژوو هەردووکیان زیندوون، زیندووش بۆ تێگەیشتن دروستە نەك بۆ راڤەکردن.

لێکدژییەکی روونە مرۆڤ هەوڵ بدات چۆن لە زانست دەکۆڵێتەوە، بەهەمان شێوەش لە مێژوو بکۆڵێتەوە. چونکە مێژوو رێباز و میتۆدێکی جیاوازی هەیە زیاتر لە شیعرەوە نزیکە، لەبەر ئەوەی بابەتی هەردووکیان (شیعر و مێژوو) بریتییە لە شتی زیندوو، هەر لەبەر ئەمەیە شپنگلەر دەڵێت: ((پێویستە وەك زانایەك لێکۆڵینەوە لە سروشت بکەین، بەڵام وەك شاعیرێك لێکۆڵینەوە لە مێژوو بکەین))[2].

بەپێی ئەو رێبازەی شپنگلەر پەسەندی دەکات، رێبازی زانستی رێبازێکی شیاو نییە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو، چونکە زانست لە سروشت یان ماددە دەکۆڵێتەوە نەك لە شتانی زیندوو، بەڵام مێژوو ماددە نییە یان مردوو نییە، بەڵکو زیندووە، کەواتە دەبێت وەك شتێکی زیندوو سەیری مێژوو بکەین، میکانیزمێکی زیندووش بەکار بهێنین لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، بە هۆی زیندوویەتی شیعرەوە ئێمە دەتوانین شیعر بکەینە کەرەستەیەکی لێکدانەوە بۆ مێژوو.

یەکێك لەو لایەنانەی شپنگلەر کاری لەسەر کردووە لە رووی میتۆدییەوە، سەیرکردنی شارستانیەتە وەك یەکەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، نەك دەوڵەت وەك ئەوەی (هیگڵ) بۆی چووە، واتە شارستانیەت دیاردەی یەکەمی مێژووە، چونکە شارستانیەت دیاردەیەکی رۆحییە کە کۆمەڵێك خەڵك بە یەکەوە دەبەستێتەوە و یەك وێناکردنیان هەیە بۆ جیهان، وێناکردنیشیان بۆ دیاردەکانی شارستانیەت وەك هونەر و فەلسەفە و ئاین و سیاسەت...هتد وەك یەکە[3].

[1] ه. س. ل88.
[2] وەرگیراوە لە ه. س. ل.
[3] صبحی، احمد محمود: في فلسفة التاريخ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، 1994، ل249.

شپنگلەر بۆچونێکی تێکڕایی و گشتگیری هەبووە بۆ مێـژوو، ئـەو پێیوایـە بەشێکی بچوك لە مێژوو هەرچەندە زۆر بچوکیش بێت، ناتوانرێت روون بکرێتەوە ئەگەر مێژوو بە شێوەیەکی تێکڕایـی و هەمـەکی روون نەکرێتـەوە[1]. هـەر ئـەم هۆیەش وایکردووە شپنگلەر لە لێکۆڵینەوەی شارستانیەتەکانەوە دەست پێبکات و بیانکاتە یەکەی لیکۆڵینـەوەی بابـەتی مێـژوویی، چـونکە ئێمـە نـاتوانین لـە لایەنێکی بچوکی شارسـتانیەتێك بکۆڵینـەوە ئەگـەر تێگەیـشتنێکی تـەواومان نەبێت بۆ تێکـڕای ئـەو شارسـتانیەتە، هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی شارستانیەت یەکەیەکی زیندوو و پێکـەوە بەسـتراوە، هـیچ شـتێکی زینـدووش ناکرێت بەش بکرێت، چونکە ئەگەر بەشکرا زیندوویەتی خۆی لە دەست دەدات.

شـپنگلەر لــە بــارەی لێکۆڵینــەوەی مێژووییــەوە دەڵێــت: ((بــەپێی ئــەو تێگەیشتنەی گریمانـەمان کـردووە لـە کتێبەکەمانـدا لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی، پێویستە لێکۆڵینەوە لە وێنەی رابردووی زیندوو بکـات، ئـەوەی کـە رابـردووە و بڕیاربدات لەسەر فۆرمی نـاوەکی و لۆژیکییەکـەی، بـەڵام بیرۆکەکـەی لـەبارەی چارەنووسەوە سنوری ئەوپەڕی پێکدەهێنێت کە دەکرێت لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی پێی بگات))[2]. لای شپنگلەر لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەکۆڵێتـەوە لـە پێکهاتـەی ناوەکی مێژوو، چونکە ئەو پێی وایـە مێـژوو زینـدووە و وەك ئـەوەی هەنـدێك وێنـای دەکـەن بـریتی نییـە لـە کۆمەڵـە شـتێکی مـردوو و رووکـەش، بـەڵکو ناوەڕۆکێکی هەیە تەنها بەلێکۆڵەری راسنەقینە دەدۆزرێتەوە و پیشان دەدرێـت، ئەمە ئەگەر شێوازی لێکۆرلینەوەی ئاسـایی بێـت، بـەڵام ئەگـەر لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی دوور تـر بـڕوات و قـوڵ تـر هــەڵکۆڵێن بکـات، بیرۆکـەی چـارەنووس شیدەکاتەو و پەیپێدەبات، کـە شـتێکی گرنگـە ورۆڵـی سـەرەکی دەبینێـت لـە ئاراستەکردنی مێژوودا[3].

---

[1] عثمان، محمد فتحی: المدخل الی التاریخ الاسلامی، ط2، دار النفائس، بیروت، 1992، ل482.

[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل305.

[3] دەڕوانرێتە تەوەرەی یەکەم لە بەشی پێنجەم.

## تەوەرەی دووەم: تێڕوانینی شپنگلەر بۆ مێژوو و فەلسەفەی مێژوو

زۆربەی فەیلەسوف و مێژوونووسان گرنگیان بە خودی چەمکی مێژوو داوە و جێگەی بایەخیان بووە، چونکە چەمکێکی فرە ڕەهەندە و جێگەی گفتوگۆ و قسە لەسەر کردنە، بەڵام دەبێت ئەم چەمکە لەلای شپنگلەر کە زۆرێك لە فەلسەفەکەی بۆ مێژوو و شارستانیەت تەرخان کردووە چی بگەیێنێت؟ یاخود کێ خاوەنی مێژووە؟ ئایا مێژوو زانستە یان نا؟ بۆ ئەم کارەش پێویستمان بە وردبوونەوە و تێڕوانین و قوڵ بوونەوە هەیە لە خودی کتێبەکەی شپنگلەر، کە تەرخانی کردووە بۆ لێکۆڵینەوەی شارستانیەت و شارستانیەتیش بە یەکەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دادەنێت.

شپنگلەر سەبارەت بە مێژوو دەڵێت: ((مێژوو بریتییە لەو فۆرمەی بە هۆیەوە مرۆڤ تێ دەکۆشێت بۆ دەرککردنی بوونی زیندووی جیهان، لە رووی پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە، بەو هۆیەشەوە دەتوانێت بگات بە پەیپێبردنی حەقیقەتی قوڵ))[1]، لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین مێژوو لای شپنگلەر چوارچێوەیەکە بۆ تێگەیشتن لە جیهان وەك هەبوویەکی زیندوو، ئەو هەبووە زیندووەش چ پەیوەندیەکی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بە هۆی مێژوشەوەیە مرۆڤ دەتوانێت بگات بە حەقیقەت، کەواتە مێژوو وەك ئەوەی هەندێك لە فەیلەسوفان و مێژوونووسان باسی دەکەن و سەرزەنشتی دەکەن پێك نەهاتووە لە کۆمەڵێك رووداوی بێبنەما و بێسوود، بەڵکو بەهاکەی ئەوەندە گەورەیە یەکسانە بە حەقیقەت یان رێگەیێکە مرۆڤ لێوەی دەگاتە حەقیقەت ئەگەر خۆشی حەقیقەت نەبێت.

ئۆرگانی مێژووی راستەقینە بریتییەلە یادەوەری، یادەوەری بەو مانایەی شپنگلەر گریمانەی کردووە، بریتیەلەوەی وێنەی رابردووی کەسی مرۆڤ و، وێنەی رابردووی نەتەوەیی وجیهانی، وەك ئێستایەکی بەردەوام دەپارێزێت و بەتەواوی

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل48.



هۆشیارە بەرامبەر ڕێڕەوی خۆگۆڕکێی کەسی و بەدەر لەوەش[1]. مەبەستی شپنگلەر لە یادەوەری پلەیەکی بەرزە و جۆرێکی تەواوە لە هێزی وێناکردن، وادەکات لێهاتوویی ((الخبرة)) بتوانێت هەموو کاتێکی تایبەتی خاوەن مانەوەی بەردەوامی ناوەندی ببڕێت، وەك خاڵێکی پێکهاتووی تەواو بۆ سەرجەم رابردوو و داهاتوو، هەرئەویشە دەبێتە هۆی گەشەکردنی بنەمایەکی زەروری کە ئاگابوونمان لە دواوە (ڕابردوو) پشتی پێدەبەستێت و هەموو مەعریفە خودی و بیروباوەڕە خودییەکانمان پشتی پێدەبەستن[2]. جگە لەوە یادەوەری کاتێك دەبێت و دێتە بوون کە بیرکردنەوە ئامادەبوونی هەبێت[3].

یادەوەری کە بریتییە لە ئۆرگانی زیندووی مێژوو، لای شپنگلەر بەو مانا باوەنایەت کە تێکڕای خەڵکی بەکاری دەهێنن: تەنها بریتی بێت لە کانگای هەڵگرتنی شتگەلێکی رابردوو، بەڵکو بریتییە لە وێناکردن کە دەتوانێت ساتە وێکچووەماوە و بەردەوامەکان ببڕێت، وەك پنتێك وابێت لەنێوان رابردوو داهاتوودا. بەکورتی یادەوەری پایەیەکی سەرەکییە بۆ وێناکردنی مێژوویی و پەیپێبردنی مێژوو، زیاتر لەوەش مەعریفە خودی و باوەڕە کەسییەکانیشمان بەهۆی یادەوەرییەوە دەبن و دەمێننەوە، بەم جۆرە یادەوەری هەم رووداوەکان بەزیندوویی دەهێڵێتەوە و دەیان پارێزێت هەم وێناکردنێکی تایبەتیان پێدەبەخشێت.

شپنگلەر یاداشت یان ژیاننامەی کەسێك تەنها بە کۆکەرەوەی ژیانی ئەو کەسە نازانێت بەڵکو بە کۆکەرەوە و لە خۆگری رۆحی شارستانیەتێکی تەواوی دەزانێت: ((ئەمەش لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی وەك چەمکێکی فراوان گرنگی دەدات بە سەرجەم جۆرەکانی بەراورد کردنە سایکۆلۆژیەکان و شیکارکردنی دەروونی گەلانی بێگانە و زەمەنە جیاواز و خووەکان))[4]، بەپێی ئەم

[1] هـ. س. ل258.
[2] هـ. س. ل211.
[3] هایدگر، مارتین: معنای تفکر چیست، ترجمەی فرهاد سلمانیان، چاپ دوم، نشر مرکز، تهران، 1385، ل51.
[4] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل211.

لێکدانەوەی شپنگلەر بێت ئێمە دەتوانین لە ڕێگای ژیاننامە یان یاداشتنامەی تەنها کەسێکی تایبەتی سەر بە شارستانیەتێك، لەسەرجەم ڕۆحی ئەو شارستانیەتە تێبگەین، ئەمەش پە یوەندی بە لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە هەیە، کە تەنها گرنگی نادات بە لایەنێکی بەرتەسك و نادیار، بەڵکو بە پێچەوانەوە بواری کارکردنی فراوانە و بە جۆرێك دەتوانرێت کاری تێدا بکرێت گشت لایەنە جیاوازە پێکهێنەرەکانی شارستانیەت بگرێتەوە، کە ئەم لایەنانە کاریگەرییان لەسەر تاکەکەس داناوە و وێنەیان تیایدا داوەتەوە.

یەکێك لەو پرسیارانەی شپنگلەر دەی وروژێنێت و باسی دەکات ئایا مێژوو بۆ کێیە؟ یان کێ خاوەنی مێژووە؟ هەر خۆشی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت بێگومان مێژوو بۆ هەموو کەسێکە، مرۆڤ بە هەموو کییان و تەواوی هۆشیارییەوە بەشێکە لە مێژوو[1]، ئەگەر چی شپنگلەر شارستانیەت بە یەکەی لێکۆڵینەوەی مێژوو دادەنێت، بەڵام ئەمە ئەوەی لە بیر نەبردۆتەوە ڕۆڵی تاك لە مێژوودا لە بیر بکات یان بەبێ بایەخی بزانێت، کەواتە مێژوو وەك هەندێك بۆی دەچن تەنها بریتی نییە لە مێژووی سەرکردە و پادشاکان و تەنها ئەوان خاوەنی نین، بەڵکو سەرجەم ئەو کەسانەی سەر بە شارستانیەتێکی دیاری کراون بەشدارن لەمێژووی ئەو شارستانیەتە، مێژووی شارستانیەتێك پێك هاتووە لەسەرجەمی مێژووی تاکەکانی ئەو شارستانیەتە بە تێکڕایی.

پرسێکی گرنگتر کە زۆرێك لە مێژوونووسان و فەیلەسوفان گفتوگۆیان لەسەر کردووە، پرسی زانستی بوون و زانستی نەبوونی مێژووە، شپنگلەریش لەم بابەتە دواوە و هەر خۆشی ئەو پرسیارە دەکات ئایا بە شێوەیەکی ڕەها زانستی مێژوو بوونی هەیە؟ ئەو پێیوایە هەرشتێك بگرێت لە بووندا یان سەر بە سروشتە یان سەر بە مێژووە، بەڵام ئەو شتانەش کە سەر بە سروشتن بەبێ ژیان نین (ژیان دراوەتە پاڵ مێژوو)، بە هەمان شێوە مێژووش بەبێ ئاوازی هۆ و هۆکار نییە

[1] هـ. س. ل48.



(هۆ دراوەتە پاڵ سروشت یان زانست)[1]، ئەگەر روونتر بدوێین و مەبەستی شپنگلەر روون بکەینەوە، ئەو پێیوایە هەرچی شتە ماددییەکانە سەر بە سروشتە، واتە سروشت خۆی سەر بە زانستە یان بریتییە لە زانست، زانست هۆ (العلة) تیایدا ڕۆڵ دەبینێت و جێگیرە، بەڵام مێژوو سەر بە ژیانە یان خۆی ژیانە و پشت بە چارەنووس (المصیر) دەبەستێت و بەردەوام لە گۆڕاندایە[2].

لە بەرئەوە شتێك نییە بەناوی زانستی مێژوو، بەڵکو زانستی یاریدەدەر هەن بۆ مێژوو جەخت دەکەنەوە لەوەی بووە و رووی داوە، هەر بۆیە زانیاریەکان بەلای مێژووەوە بریتین لە هێما (رمز)، بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی بە پێچەوانەوە، بریتیە لە زانست، تەنها زانست، لێرەوەیە زانیارییە مێژووییەکان جیاوازن لە زانیاریە سروشتیەکان، چونکە زانیاریە سروشتیەکان بە شێوەیەکی بەردەوام خۆیان دووبارە دەکەنەوە، بەڵام زانیاریە مێژووییەکان بەو جۆرە نین، زانیارییە سروشتییەکان بریتین لە ڕاستی یان حەقیقەت، بەڵام زانیاریە مێژووییەکان بریتین لە ڕووداو یان پێك هاتوون لە ڕووداو[3].

لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین ئەگەرچی شپنگلەر مێژوو بە شتێکی بێ بایەخ نازانێت و بە گرنگی دەبینێت، بەڵام لە هەمان کاتدا مێژوو وەك مێژوو دەبینێت نەك شتێکی تر، وەك ئەوەی ئەوە بسەپێنێت مێژوو زانستە وەك هەریەك لە زانستەکانی تر، بەڵکو مێژوو ڕێباز و میتۆدی خۆی هەیە وەك چۆن زانستە سروشتیەکان ڕێباز و میتۆدی خۆیان هەیە، بەڵام ڕێباز و میتۆدی کارکردن لە مێژوودا جیاوازە لە ڕێباز و میتۆدی زانستە سروشتیەکان.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەردوو فەیلەسوفی ئینگلیزی (کۆڵنگوود) و (کۆڵن وڵسون) ڕەخنەی ئەوەیان لە شپنگلەر گرتووە گوایە ئەو ویستویەتی مێژوو بکاتە

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل48.
[2] دەڕونرێتە تەوەرەی یەکەم لە بەشی سێیەم.
[3] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل294.

زانست یان هاوزای زانستە سروشتیەکانی وەك فیزیا و کیمیا و...هتد بکات[1]، لە کاتێکدا شپنگلەر بە ئاشکرا و لە چەندین جێگای کتێبەکەیدا (ئاوابوونی رۆژئاوا) باس لە جیاوازی مێژوو و زانست دەکات، کە هەریەکیان پشت بە میتۆدێکی جیاواز دەبەستن و لە یەکتری جیاوازن، هەروەك لە پێشتردا باس کرا.

شپنگلەر لە بەرامبەر مێژوودا سروشت دەبینێت و جیاوازی لە نێوانیاندا دەکات، ئەم جیاوازیەش هەر لە چوارچێوەی جیاوازی نێوان زانست و مێژوو دایە کە لە یەکتری جیاوازن، شپنگلەر پێیوایە مێژوو مۆرکدارە بە مۆرکی رووداو جارێك روویدەدات و ئیتر روو ناداتەوە، بەڵام سروشت مۆرکی دووبارە بوونەوەی هەیە و دەکرێت دووبارە ببێتەوە، هەر بەشێکی سروشت بگریت پێکهاتووە لە کۆمەڵە حەقیقەتێك، بەڵام مێژوو لەسەر رووداو وەستاوە رووداوەکانیش دوا بە دوای یەکن، لە کاتێکدا حەقیقەتەکان هەندێکیان لە هەندێکیانەوە هەڵدەگۆزرێن، بەم شێوەیە (کەی) جیاوازە لە (چۆن). مێژوو رووداوێکی ئێستاییە، ئاراستەیەکی بەرەو داهاتووە و نیگایێکیشی بەرەو رابردووە، لە کاتێکدا سروشت لە پشت هەموو کاتێکەوەیە، واتە پابەند نییە بە کاتەوە و مۆرك دارە بە مۆرکی خۆکێشان بەبێ بوونی ئاراستە، جگە لەوەی پێویستی بوونی ماتماتیك لە سروشتدا زاڵە، بەڵام پێویسیتی بوونی مرۆیی لە مێژوودا زاڵە[2].

جگە لەوەی ئاماژەمان پێکرد، دەربارەی جیاوازی مێژوو و سروشت، شپنگلەر جیاوازییەکی تر دەکات بۆ جیاکردنەوە و پێدانی مۆرکێکی تایبەت بە مێژوو، بە جۆرێکی ئەو تۆ کەمتر جیاوازییەکی لەو جۆرە لەلایەن بیریاران و فەیلەسوفانی مێژووەوە دەکرێت، ئەویش جیاوازی کردنە لە نێوان مێژوو و نووسینەوەی مێژوویی یان مێژووی نووسراو، بە پێی ئەو جیاوازیەی شپنگلەر دەیکات مێژوو هەمان ئەو مێژووە نووسراوە نییە، بەڵکو هیچ کامیان واتە مێژوو و نووسینەوەی مێژوویی نایەتە دی بەبێ نکولێکردن لەوی تریان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مێژوو جوڵاوە و

[1] کولنجوود: فکرة التاریخ، س.پ، ل323 ، ولسون: س. پ، ل127.
[2] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل60.



بەردەوام لە گۆڕاندایە، لە کاتێکدا مێژووی نووسراو ئەوکاتە دێتەدی ئەو جوڵان و بزاوتن و گۆڕانە بەردەوامەی بگۆڕێت بۆ جێگیری و چەسپاوی[1].

ئەوەی شپنگلەر باسی دەکات سەبارەت بەجیاوازی نێوان مێژوو و مێژووی نووسراو، وردبوونەوەی زیاتری دەوێت چونکە ئەم پرسە زۆر ناسراو نیە، تەنانەت لە کایە تایبەتمەندەکانی مێژوو و فەلسەفەی مێژووشدا زۆر بەکەمی باسی لێدەکرێت، شپنگلەر بەجۆرێك سەیری مێژوو دەکات بریتییە لە هەبوویەکی زیندوو و بەردەوام لە گۆران و بزاوتن دایە ئەمەش پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە باوانەیە بۆ مێژوو دەکرێت، زۆر جار وەك شتێکی مردوو و بە بەردبوو دەناسرێت، ئەو پێی وایە خودی مێژوو زیندووە و ئاراستەی هەیە، هەرکاتێکیش نووسرایەوە دژ بە مێژوو وەستاوەتەوە و دەمرێت، بۆیە لە شتێکی زیندوو و گۆڕاوەوە بووە بە شتێکی مردوو و مۆرکی مێژووی لە دەست داوە.

ئەم جیاوازی کردنەی نێوان مێژووی نووسراو لەدوای شپنگلەریش مشتومڕێکی زۆری دروستکرد لەفەلسەفەی ئەڵمانی هاوچەرخدا، بەتایبەتی لەلای هەردوو گەورە فەیلەسووف (مارتن هایدگەر) و (کارل یاسبرز) کە زۆر بە قوڵی لەم پرسەیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەی شپنگلەرەوە ویستیان بەتەواوەتی ئەو جیاکاریە نەهێڵن کە شپنگلەر جەختی لەسەر دەکردەوە، بۆیە جەختیان لەوەکردەوە مێژووی نووسراو هەڵقوڵاوی مێژووە، ناکرێت مێژووی نووسراو دروستببێت مەگەر بەوەنەبێت بەجۆرێك لە مێژوو دابنرێت[2].

[1] ه. س. ل.
[2] بدوی: اشپنجلر، س. پ ، ل62.

## تەوەرەی سێیەم: میتۆدی هاوچەرخێتی فەلسەفی

یەکێك لەو چەمکانەی شپنگلەر دایهێناوە چەمکی هاوچەرخێتی فەلسەفییە، ئەم چەمکە بەو شێوەیەی لای شپنگلەر دەرکەوتووە، دەتوانین بڵێین لای فەیلەسوفانی تر بەتایبەتی فەیلەسوفانی مێژوو دەرنەکەویتووە، شپنگلەر ئەم بیرەی هێنایە ناو میتۆدی مێژووییەوە و بەشێوەیەکی ورد دایڕشتووە، شپنگلەر پێی وایە دوو رووداوی مێژوویی لە دوو شارستانیەتی جیاوازدا هاوچەرخی یەکترن، لە یەك رەوشدا دەردەکەون بەشێوەیەکی رێژەیی، جگە لەوە مانایەکی چونیەکیان دەبێت بەتەواوەتی[1].

ئەم هاوچەرخێتییەی شپنگلەر باسی لێدەکات لەسەر ئاستێکی هزرییە، واتە ئەو رووداوانە وێکچوو و دووبارە بوو و هاوشێوەی یەکتری نین، بەڵکو ئەم تێڕوانینە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت هەموو شارستانیەتەکان بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕن، ئەویش لەدایك بوون و کامڵبوون و سەرئەنجام مردنە[2].

شپنگلەر وای بۆ دەچێت کۆی ئافراندنە (الابداع) مەزنەکان، شێوازەکانی ئایین و هونەر و سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستەکان، بەبێ هەڵاوێردکردن (الاستثناء) لە کاتێکی هاوچەرخدا لە هەموو شارستانیەتەکاندا دەردەکەون و تەواو کامڵ دەبن و دەمرن، پێکهاتەی ناوەکی هەریەك لەو ئافراندنانە بەتەواوی و وردی پراتکتیزە دەبێت بە سەر هاوچەرخەکانیاندا لە شارستانیەتەکانی تردا[3].

بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم چەمکە گوتەیەکی شپنگلەر وەردەگرین، تا زیاتر مەبەستەکەمان لا روون بێت: ((مەبەستم لە وشەی هاوچەرخ دوو رووداوی مێژووین، کە دوو ناوەندی رێژەیی بەتەواوی سەر قاڵ دەکەن، ئەمەش سەبارەت بە هەموو رووداوێك و

[1] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل112.
[2] دەڕوانرێتە تەوەرەی دووەم لە بەشی سێیەم.
[3] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل227.



شارستانیەتەکەی، هەر لەبەر ئەمەیە ئەو دوو رووداوە خاوەنی گرنگییەکی یەکسان و بەرامبەرن. هەروەك لە پێشدا دەرمان خست چۆن گەشەکردنی زانستی بیرکاری کلاسیکی و رۆژئاوایی پلەبەندبوون بە پێکەوە گونجان و بەرامبەرییان، تا خەریك بوو جەربەزەیی بنوێنین، پەسنی (فیساگۆراس) بکەین بەوەی هاوچەرخی (دیکارت)ە و (ئەرخیاتیس) هاوچەرخی (لابلاس)ە و (ئەرخەمیدس) هاوچەرخی (غاوس) ە))[1].

پێویستە بەوردی لەم گوتەیەی شپنگلەر تێبگەین، ئەگەرنا دەکەوینە هەڵەوە و بەشێوەیەك راڤەی دەکەین لە مەبەستەکەی شپنگلەر دوور دەکەوینەوە، شپنگلەر کاتێك باس لەوە دەکات دوو رووداوی مێژوویی، دوو ناوەند لە دوو شارستانیەتدا بەیەکسانی داگیر دەکەن، ئەوە روون دەکاتەوە بە شێوەیەکی رێژەییە نەك بە رەهایی، لێرەدا مەبەستی لە دووبارەبوونەوەی رووداوەکان نییە، چونکە ئەو لە بنەڕەتەدا باوەڕی بە دووبارە بوونەوەی مێژوو نییە[2]، بە ڵکو مەبەستی لەوەیە هەریەك لەو روداوانە، بۆ شارستانیەتەکەی خۆیان هەمان گرنگیان هەیە، چونکە بە پێی بیروبۆچونی شپنگلەر هەموو شارستانیەتەکان بە چەند قۆناغێکی وەك یەکدا تێدەپەڕن، کاتێکیش باس لەو هاوچەرخێتییە هزرییە دەکات دەڵێت خەریك بوو جەربەزەیی بنوێنین و بڵێین فیساگۆرس و دیکارت هاوچەرخی یەکترن، ئەمە ئەوە ناگەیێنێت شپنگلەر باوەڕی وایە بیرکاری لای ئەم دوو بیرکاری زانەی کە هەریەکەیان سەر بە شارستانیەتێکی جیاوازن وەك یەك وایە، بەڵکو مەبەست لە رۆڵی هەریەك لە ئەوانە لە شارستانیەتەکەی خۆیاندا، کە لەڕووی هزرییەوە هاوچەرخن. بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچونە ئەوەیە کاتێك شپنگلەر باسی بیرکاری دەکات دەڵێت هەر شارستانیەتێك بیرکاری جیاوازی خۆی هەیە، هزری بیرکاری لە شارستانیەتێکدا لە ژێر کاریگەری فەرهەنگی ئەو شارستانیەتیەدایە[3].

[1] ه. س، ل226-227.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل197.
[3] ارون، ریمون: مراحل اساسی سیر اندیشه در جامعه شناسی، ت: بایرهام، چاپ سوم، شرکت انتشارات عالمی و فرهنگی، تهران، 1382، ل112.

هەر لەسەر ئەم بنەمایە شپنگلەر کۆمەڵێك رووداوی سەردەمە جیاوازەکان لە شارستانیەتە جیاوازەکاندا بە هاوچەرخ دادەنێت، بۆ نمونە دیاردەی چاکسازی لە شارستانیەتی رۆژئاواییدا هاوچەرخە لەگەڵ پاککردنەوەی بیروباوەڕ لە شارستانیەتی رۆمانیدا، جگە لەوە دیاردەی گواستنەوەی شارستانیەت بۆ مەدەنیەت لە هەموو شارستانیەتەکاندا هاوچەرخێتی فەلسەفین، بۆ وێنە ئەم دیاردەیە لە شارستانیەتی کۆندا لەسەردەمی (فلیپی مەقدۆنی)دا بووە، لە کاتێکدا لە شارستانیەتی رۆژئاواییدا لەسەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی و ناپلیۆندا بووە، هەر بە پێی ئەم میتۆدە ئەسکەندەریە و بەغداد و واشنتۆن لە رووی دروستکردنەوە هاوچەرخن، ئەگەر چی کاتی دروستکردنیشیان جیاوازە بەڵام لەڕووی فەلسەفییەوە هاوچەرخن، مانای ئەمەش ئەوەیە شوێنگەی دیاردەیەك لە شارستانیەتێکدا هەمان شوێنگەی دیاردەیەکی هاوشێوەی خۆی هەیە لە شارستانیەتێکی تردا[1].

**ئەم رێبازەی شپنگلەر دایهێناوە گرنگی خۆی هەیە و مێژوونووس دەتوانێت لە چەند رووێکەوە سودی لێوەربگرێت لەوانەش:**

**یەکەم:** بەهۆی رێبازی هاوچەرخێتی فەلسەفییەوە دەتوانرێت سنوری ئێستا ببڕدرێت و پێشبینی داهاتوو بکرێت بەشێوەیەکی ورد و دروست، بەتایبەتی ئەو پێیوایە دەتوانرێت خوێندنەوە بۆ ئەو سەردەمانە بکرێت لە شارستانیەتی رۆژئاوایی کە تا ئێستا نەهاتوون، لە رووی وێنەی رۆژئاوا و تەمەنی شارستانیەتەکە و چوارچێوەی پێشکەوتنی و واتاکەی و دەرئەنجامەکانی[2].

ئەم خاڵە زۆر گرنگە، چونکە بەهۆی ئەم رێبازە تایبەتەی شپنگلەر ئاماژەی بۆ دەکات، مێژوونووس تەنها کاری ئەوە نابێت لە رابردوو بکۆڵێتەوە، وەك زۆرێك لە لێکۆڵەران لە بوارە جیاجیاکاندا بەوە لە بایەخی مێژوو کەم دەکەنەوە هیچ سودێکی نییە چونکە تەنها لە رابردوو دەدوێت، بەڵکو دەتوانرێت بە هۆی ئەم میتۆدەوە سوود لە مێژوو وەربگیرێت بۆ پێشبینی کردنی رووداوەکانی داهاتوو.

---

[1] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل112-113.
[2] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل112-113.



**دووەم:** هەر بەهۆی هاوچەرخێتی فەلسەفییەوە دەتوانین ئەو چەرخ و سەردەمانەی تێپەڕیون، هیچیان لەبارەوە نازانین سەر لەنوێ دروستیان بکەینەوە و وێنایان بکەین و دەریان بخەین، لە مەش زیاتر هەر بەهۆی ئەم رێبازەوە دەتوانین بارودۆخی شارستانیەتەکان بەتەواوی بزانین کە لە رابردوودا هەبوون، هەر وەك چۆن زانا هەڵکۆڵەرەکان دەتوانن شێوەی ئێسکە پەیکەرێك بزانن و جۆری ئەو ئاژەڵەش دیاری بکەن کە خاوەنی ئەو ئێسکە پەیکەرەیە، لە کاتێکدا بەشێکی کەمی لێماوەتەوە، هەروەك دەتوانرێت لە گوزارشتکردنە هونەرییەکانی شارستانیەتێك لە شارستانیەتەکان، یان سەردەمێك لەسەردەمەکانی وێنەی سیاسی ئەو سەردەمە یان ئەو شارستانیەتە دەربهێنرێت[1].

گرنگی ئەم خاڵەش لەوەدایە دەتوانرێت بە هۆی ئەم میتۆدەوە، ئەو سەردەم و رووداوانەی لەمێژوودا ونبوون و دیارنین و ئێمە هیچیان لە بارەوە نازانین، بەشوێنیاندا بگەڕێین و دەریان بخەین، چونکە زۆر سەردەمی زۆرێك لە شارستانیەتەکان تێپەڕیون و ئێمە هیچیان لە بارەوە نازانین.

**سێیەم:** سودێکی تری رێبازی هاوچەرخێتی فەلسەفی ئەوەیە رووداوە مێژووییەکان نابێتە شتێکی کتوپڕ و سەرسوڕهێنەر لەلای مێژوونووس، چونکە هاوشێوەی ئەو رووداوانە لە شارستانیەتەکانی تردا یان لە سەردەمەکانی تردا روویان داوە، بۆ نمونە جەنگی یەکەمی جیهانی رووداوێکی هەڵاوێرد نییە، لەدایك بووی ئارەزوو و حەزی دەست بەسەراگرتن و سەروەری نییە لەلایەن هەندێك گەل و تاکەکەسەوە، هەروەك ناکرێت هۆکارەکەی بگەڕێنرێتەوە بۆ ئابووری، چونکە لێکچوون هەیە لەنێوان جەنگی تەڕوادە و جەنگەکانی خاچییەکان و نێوان جەنگی بیلۆبۆنزی و جەنگی جیهانی (یەکەم)[2].

---

[1] هـ. س، ل114.
[2] صبحی: س. پ، ل253-254.

# بەشی سێیەم
# چەمکی سروشت و مێژوو و بیرکردنەوەی جیاواز

## تەوەرەی یەکەم: سروشت و مێژوو

هەردوو وشەی سروشت ((الطبيعة)) و مێژوو ((التاريخ)) ئەگەرچی دوو وشەن بە هۆی زۆر بەکار هێنانیانەوە، وادەردەکەوێت تێگەشتن لێیان کارێکی ئاسان بێت، بەڵام ئەم دوو وشەیە لەگەڵ ئەوەدا زۆر بڵاون، راڤە کردنی جیاوازیان بۆ کراوە، تەنانەت سنوردار کردنیشیان کارێکی گرانە، بۆیە ئێمە ناتوانین ئەو پێناسە جیاوازانە پیشان بدەین و جیاوازییەکانیان دیاری بکەین و شیکاریان بکەین و، راستەوخۆ دەچینەلای تێڕوانینەکانی شپنگلەر بۆ ئەم دووچەمکە، شپنگلەر خۆی ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت هەردوو وشەی مێژوو و سروشت لای ئەو مانا و تێگەیشتنێکی وا دیاریکراو دەگەێنن کە پێشتر بەوجۆرە نەناسراون لە رووی وردبینییەوە[1].

بوون خۆی لە دوو وێنەی لێکدژدا پیشان دەدات: وێنەیەکیان خۆگۆڕکێیە((الصيرورة)) واتە گۆڕان و جوڵەی بەردەوام کە زیندوێتی تێدایە، وێنەیەکیشیان جێگیرە ((ثابت)) واتە وەستاو و نەگۆڕە. هەردوو وێنەکەش زەروری و هەردووکیشیان خودێتین. وێنەی خۆگۆڕکێ بریتییە لە مێژوو، وێنەی جێگیریش بریتییە لە سروشت[2]. بەم جۆرە بوون لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت بونێکی هۆشیار و بوونێکی ئەبستراکت[3]، بوونە هۆشیارەکە خۆی دەبینێتەوە لە مێژوودا، بوونە ئەبستراکت و رووتەکەش خۆی لە سروشتدا دەبینێتەوە.

---

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل125.
[2] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل14.
[3] هـ. س، ل238.



سروشت بریتییە لەوەی کە دەژمێردرێت و دەخەمڵێنرێت، لەکاتێکدا مێژوو بریتییە لە کەڵەکە بوو((تراكم)) کە هیچ پەیوەندییێکی بە ماتماتیکەوەنییە، کەواتە بیرکاری درووستە بۆ یاساکانی سروشت و، ئەو گوتەیەی گالیلۆش تەواو راستە کە دەڵێت: ((سروشت بەزمانی بیرکاری نووسراوەتەوە))، هەروەها ئەو گوتەیەی کانتیش دروستە کە دەڵێت: ((تواناکانی زانستە سروشتییە دروستەکان تا ئەو سنورە تێدەپەڕێت کە بیرکاری پڕاکتیزەیی رێگەی پێدەدات))[1]. بە پێچەوانەی بۆچوونی باوەوە کاتێك باس لە مێژوو دەکرێت راستەوخۆ ژمارە و زنجیرەیساڵ باس دەکرێت، بەڵام شپنگلەر بە پێچەوانەوە وادەبینێت هیچ پەیوەندییەك لە نیوان مێژوو و بیرکاریدا نییە، بەڵکو بیرکاری یاساکانی سروشت پێك دەهێنێت و پەیوەندی نێوان بیرکاری و سروشت پەیوەندی دەمار و خوێنە.

شپنگلەر پێی وایە دەبێت سروشت بە چارەسەرێکی زانستییانە چارەسەر بکرێت، بەڵام پێویستە مێژوو بە چارەسەرێکی شیعرییانە چارەسەربکرێت[2]، چونکە هۆکارێتی پەیوەستە بە سروشتەوە، بەڵام مێژووو پەیوەستە بە چارەنووسەوە و یاسای هۆکارێتی نییە. هەربۆیە پێشبینی کردنی رێڕەوی سروشت بە رێگەی خەملاندن و بیرکاری دەبێت، لە کاتێکدا پێشبینی کردنی مێژوو نایەتەدی مەگەر بە پێشبینی کردنی داهاتوو بە هۆی ویژدانەوە نەبێت لەسەر شێوەی هەستێکی ئاڵۆز بەرامبەر بەوەی دەبێت، ئاڵۆز بەڵام بەهێز[3]. لەبەر ئەوەی سروشت بە هۆکارێتی یان هۆ چارەسەردەکرێت و کاری لەسەر دەکرێت، هۆکارێتیش لۆژیکی زانستە کەواتە دەبێت چارەسەرێکی زانستییانە بکرێت، بەڵام مێژوو لەبەرئەوەی بە شێوازێکی شیعری چارەسەر دەکرێت کەواتە ئەوەی هۆی لێکدانەوەیەتی ویژدانە، هەربۆیە لێکدانەوەی مێژوو لێکدانەوەیەکی ئاڵۆزە.

---

[1] اشبنغلر: س. پ، پ1، ل130.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل199.
[3] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل77.

ئەگەر وردتر بۆ ئەم پرسە بچین بەو شێوەیەی شپنگلەر بۆی دەچێت ئەوا وێنەی سروشت بە هۆی عەقڵەوە پەی پێدەبرێت و وێنەی مێژووش بە هۆی مەلەکەیەکی تایبەتەوە پەی پێدەبرێت کە ویژدانە، ئەمەش لە بەرئەوەیە مەعریفە بە سروشت دەکرێت لە ڕێگەی فێربوونەوە بەدەست بێت، بەڵام مەعریفە بە مێژوو بەهۆی مەعریفەیەکی فیترییەوە دەبێت، بەو مانایەی مێژوونووس یەك جار دەڕوانێتە مرۆڤ و شتەکان و پەیان پێدەبات و دەیان خوێنێتەوە بەجۆرێك لە ویژدان کە ناتوانرێت بە فێرکردن بەدەست بێت[1].

مێژوو شتێکی ئاسایی ڕاستەقینەیە، بەڵام سروشت لە میکانیەکیەتەکەیدا دروستە، کە بریتییە لە تێگەیشتنی دەرونێکی ناسروشتی یان دروستکراو(بەزۆر دروستکراو) بۆ جیهان، هەرلێرەوە ئەو بۆچونە لێکدژە گەشە دەکات کە دەڵێت: مرۆڤی نوێ لێکۆڵینەوەی سروشتی بەلاوەکارێکی ئاسانە، بەڵام لێکۆڵینەوەی مێژووی بەلاوە قورس وگرانە[2]. ئەمە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە مێژوو لای شپنگلەر رووی ڕاستەقینەی جیهان پیشان دەدات، پێدەچێت هۆی ئەمەش ئەوەبێت مێژوو ئەو رووەی جیهان یان ئەو وێنەیەی جیهان پیشان دەدات کە هەربوونێتییە ((حتمية)) و بەشێوەیەکی ئاسایی بەبێ ویستی مرۆڤ، چارەنووس کاری لێدەکات، بەڵام سروشت ئەودیووەی جیهانە کە دیوێکی بە زۆر دروستکراوە و مرۆڤ زۆر تێکۆشاوە تا وەدی هێناوە و مرۆڤ دەتوانێت بەردەوام کاری لەسەر بکات، هۆی ئەوەش کە مرۆڤی مۆدێرن توانای لێکۆڵینەوەی سروشتی لا ئاسانە و توانای لێکۆڵینەوەی مێژووی لاوازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤی مۆدێرن توانای مەلەکەی پەیپێبردنی مێژووی لاوازە کە شتێکی فیتری و سەرەتاییە.

سروشت پێکهاتووە لە کۆمەڵە ڕاستییەك ((الحقائق))، لە کاتێکدا مێژوو پێکهاتووە لە رووداو، زمانی حەقیقەتەکان بریتییە لە یاسا، چونکە یاسا بریتییە لە پە یوەندی زەروری نێوان هۆ و ئەنجام، ئەم پەیووەندییەش جێگیرە، بەڵام

---

[1] ه. س، ل85.
[2] اشبنغلر: س. پ، پ1، ل203.



رووداو بەردەوام لە گۆڕاندایە و زمانەکەشی بریتییە لە چارەنووس، چونکە چارەنووس بەردەوام داهێنان و ئاراستەی تێدایە[1]، کەواتە سروشت یەکسانە بە حەقیقەت، حەقیقەتیش سروشتی وایە دووبارە دەبێتەوە، چونکە پەیوەندییە لە نێوان هۆ و ئەنجام و هەرکاتێك ئەو هۆیە ئامادەبێت هەمان دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە، هەرلێرەشەوەیە دەگوترێت سروشت یان ئەگەر ویستت بڵێیت زانست جێگیرە. بەڵام مێژوو پێکهاتووە لە رووداو((رووداویش یەك جار روو دەدات و هەرگیز روونادادتەوە))[2]، چونکە رووداو بەردەوام لە گۆڕاندایە و هیچ دۆخێکی ئەو گۆڕانەش تەواو وێکچوو نابێت بەدۆخێکی تری، وەك هیراکلیتیس دەڵێت: ((تۆ ناتوانیت دووجار بچیتە ناو یەك رووبارەوە))[3] مەبەست لەم گوتەیەش ئەوەیە شتەکان بەردەوام لە گۆڕاندان و دووبارە بوونەوە نییە ئەگەرچی ئێمە هەندێکجار بە رووکەش واش ببینین.

سروشت ئەو فۆرمەیە بە هۆیەوە مرۆڤی زیادە شارستانی گوزارشت دەکات لە هەستە خێراکانی و وەریان دەگێڕێت، بەڵام مێژوو ئەو فۆرمەیە مرۆڤ بە هۆیەوە پەیدەبات بە بوونی زیندووی جیهان لەو رووەوە کە پەیوەندی بەژیانی تایبەتی مرۆڤەوە هەیە و بە هۆیەوە پەیدەبات بە حەقیقەتی قوڵ[4]. رووکەشی و هەنووکەیی سیمای سروشتن، لە بەرامبەردا قوڵی پەیپێبردن و ڕێگای گەیشتن بە حەقیقەت سیمای مێژوون، ئەمە ئەو جیاوازییە شپنگلەر زۆر دووپاتی دەکاتەوە، لە زۆر جێگەی کتێبەکەیدا بەشێوەی جۆراوجۆر دووبارەی دەکاتەوە، بەدەرلەوە ئەوەشی لێدەخوێنرێتەوە مێژوو لایەنە گرنگەکەی بوونە، چونکە هەم کار لەسەر زیندوو دەکات، هەم ڕێگەی پەیپێبردنی حەقیقەتە، هەم پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە.

---

[1] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل12- 13.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل291.
[3] ئەفلاتون: کراتیلۆس، ت: ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2006، ل42.
[4] اشبنغلر: س. پ، ب1، 48.

هەر ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی مێژوو و مرۆڤ نزیکایەتییەکی یەکجار نزیکیان هەیە ئەوەیە کە ((هەموو مرۆڤێك بەتەواوی بوونی و هۆشیارییەوە بەشێکە لە مێژوو))[1]. ئەم لێك نزیکییەی نێوان مێژوو و مرۆڤ بە ئەندازەیەك لای شپنگلەر زیاد دەکات لە هەندێك شوێندا لە جێگەی ئەوەی بەشێوەیەکی باو جیاوازی نێوان مێژوو و سروشت پیشان بدات، لەجێگەی مێژوو مرۆڤ بەرامبەر بە سروشت دادەنێت، وەك دوو شتی جیاواز یان ئەگەر ویست بلێ وەك دوو رووەکەی بوون و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((مەعریفە بە مرۆڤ و مەعریفە بە سروشت دووشتن هەرگیز ناکرێت بەراورد لەنێوانیاندا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی سەدەی نۆزدە دەریایەك بوو لە ئازار و سزادان تاوەکو ئەوسنورەی لەنێوان مەعریفە بەمرۆڤ و مەعریفە بە سروشتدا هەیە نەی هێڵێت، تا لە قازانجی مەعریفە بەسروشدا بێت))[2]. ئەمە ئەو جیاوازیەیە شپنگلەر دەی هەوێت پێمان بڵێت کە بێسودە مرۆڤ هەوڵبدات خۆی بکات بە بەشێك لە سروشت تەنانەت ئەو ئەوەش بە ئەستەم دادەنێت بەراورد لە نێوان مەعریفە بە مرۆڤ و مەعریفە بە سروشتدا بکرێت، چونکە لە کرۆکدا دووشتی جیاوازن و نایەنەوە یەك، ئەگەرچی مرۆڤ هەوڵی زۆریش بدات بۆ ئەم کارە، بەڵام نەکردەیە و تەنها ئازار و ناخۆشی لێ بەرهەم دێت، چونکە مرۆڤ زیندووە و سروشت مردوو، ناکرێت زیندوو بە مردوو راڤە بکرێت و شیبکرێتەوە ((ژیان راڤە ناکرێت تەنها بە ژیان نەبێت))[3]، ئەمە ئەو شتەیە شپنگلەر دەیهەوێت پێمان بڵێت: زیندوو بە زیندوو نەبێت راڤەناکرێت. لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکەین شپنگلەر زیاتر نزیك دەبێتەوە لە رێبازی زیندووگەرایی ((مذهب الحيوي))، ئەگەر ئازایانە تر بڵێین نزیکە لە بیرگسۆنەوە، ئەویش زۆر جەخت دەکاتەوە لە رەهەندی زیندوێتی مرۆڤ و، راڤەی ئامێری بۆ مرۆڤ رەتدەکاتەوە، لە بارەی زیندوێتی مرۆڤ و نامادی بوونیشییەوە دەڵێت: ((خۆگۆڕکێیەکی نەپساو و

[1] هـ. س، ل.

[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل290.

[3] بدوی:اشپنجلر، س. پ، ل23.



بەردەوام، وەستانی کاتی تێدانییە، خۆگۆڕکێیەکی جۆرێتی رووتە، بەردەوام نەرم، بەردەوام نوێ، بەردەوام ناچاوەڕێیە))[1].

هەربۆیە ناکرێت راڤەی ژیان یان مرۆڤ بکرێت، بە راڤە کردنێکی ئامێری لە رێگای یاسا فیزیایی و کیمیاییەکانەوە، خۆ ئەگەر سوربوین لە سەر بوونی هۆکارێتی لە جیهانی ژیاندا (دیووە زیندووەکەی بوون) ئەوا پێویستە ئەم هۆکارێتییە بە پێچەوانەی تەواوی مانای ئەوەوە بێت لە جیهانی سروشتدا هەیە. بە گوزارشتێکی راشکاوانە تر: ((هۆکارێتی نییە لە جیهانی ژیاندا))[2].

ئەم راشکاوی و جەربەزەییەی شپنگلەر هەیبوو لە جیاکردنەوەی هەردوو رووەکەی بوون و جەختکردنەوەی لە زیندوێتی ژیان و مرۆڤ و مێژوو، بەو جۆرە راشکاوییە لای فەیلەسوفان و بیریارانی کۆتایی سەدەی هەژدە دەرنەکەوت، بەڵکو ئازایەتی تەواویان نەبوو ئەنجامی کۆتا دەربهێنن بۆ ئەو بار و دۆخەی کە پێشکەوتنی فیزیا بۆی دروستکردبوون، پارێزکار بوون و راشکاو نەبوون لە زمانی کانتەوە دەیان گوت: راڤەی ئامێریی تائێستا راڤەیەکی میسالییە، بەڵام چوار دەوردراوە بە گرانێکی زۆر کە ناتوانرێت ئەو گرانییانە لە ناوببرێن لە کاتێکدا دەویسترێت جێبەجێبکرێت لەسەر جیهانی ژیان، تەنانەت کانت خۆشی دانی بەوەدا ناوە ناکرێت ئەوەی بەسەر مادەدا جێبەجێدەکرێت بەسەر زیندووشدا جێبەجێبکرێت[3]. دیارە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە زۆر و گەورەیەی زانست بەدەستی هێنا لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا و دانانی میکانیکیەتی نیوتنی بە هەتا هەتای و مانەوەی بە بەردەوامی[4]، فەیلەسوفان و بیریاران تەواو خۆیان دابوو بە دەست

[1] کريسون، اندريه: برغسون (حياته- فلسفته- منتخبات)، ت: نبيهصقر، ط3، منشورات عوبدات، بيروت- باريس، 1983، ل37.

[2] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل23.

[3] **بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل23.**

[4] غصيب، هشام: المغزى للحضارى التاريخى للعالم، مشروع الدراسات و البحوث العلمية، عمان، 1986، ل92.

ئەو دۆخەوە، راڤەی ئامێری باڵا دەست بوو، بەڵام شپنگلەر جەربەزەیی خۆی نواند و ئەوەی پیشاندا ناکرێت ژیانی مرۆڤ و مێژوو کە زیندوون بە لۆژیکی زانست و سروشت لێکبدرێنەوە، بەڵکو پێویستە راڤەی تایبەتیان بۆ بکرێت. بەدەرلەوەش ئەم کارەی شپنگلەر باڵایی و جیایی بۆ مرۆڤ گەڕاندەوە، کە پێشتر وەك ماددە سەیری دەکرا، وەستانێکیش بوو دژی لێکدانەوەی ماددی بۆ مێژوو و ژیان.

هەر لە چوارچێوەی باسکردنی شپنگلەر لە بۆچونی ماددی بۆ مێژوو، باس لە شاری مەزن دەکات چۆن گەمارۆدراوە بە تەکنیکی ئامێری کە مرۆڤ خۆی دروستی کردووە نهێنییەکە لە نهێنییەکانی سروشتی لەناکاو، بۆ یە ئەم رۆحە تێدەکۆشێت بۆ تێکشکاندی مێژوو بە((تەکنیکی)) و ((تیۆری)) و ((پراکتیکی))، سودمەندی و پێکەوە گونجان دوو وشەن ئەم رۆحە لە هەموو بۆنەیەکدا دەیان لێتەوە. تێگەیشتنی ماددی بۆ مێژوو ئەوەی کەیاساکانی سروشتی هۆکارێتی حوکمی دەکات، سودی باڵا وەك ((رۆشنگەری)) و هیومانیزم و ((ئاشتی جیهانی)) بە ئامانجی مێژووی جیهانی دادەنێت[1]. شپنگلەر لێکدانەوە و خوێندنەوە بە یاسای سروشتی و هۆکارێتی بەلێکدانەوەیەکی ماددی دادەنێت بۆ مێژوو، ئەوەی لەشاری مەزندا روو دەدات لە ئەنجامی زاڵبوونی ئامێر و تەکنیك بەسەریدا، بەجۆرێك سەراپای بوونی کەسیی شاری مەزن داگیر دەکات، سەرئەنجام هەموو لێکدانەوەکانی دەبنە لێکدانەوەی ئامێری و لێکدانەوەی ئامێریش بۆ مێژوو دەکات.

تێگەیشتنی راستەقینەی سروشت هۆکارێکە بۆ خاوەنداریێتی رووداوێك کە تایبەتە بە کەمینەیەکی کەم لەدانیشتوانی شاری گەورەی جیهانی لە سەردەمە کۆتاییەکانی شارستانیەتە گەورەکاندا، کە پێگەیشتوون و بەرە و پیرێتی دەڕۆن، لەکاتێکدا مێژوو هۆکارێکی سادە و سانا و لاوێتییە، تایبەتە بە هەموو خەڵك بەبێ جیاوازی[2]. لێرەشدا شپنگلەر سروشت دەداتە پاڵ شاری مەزنی جیهانی،

---

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل291.
[2] اشبنغلر: س.پ، ب1، ل203.



ئەم شارانە لە خولی کۆتایی شارستانیەتە گەورەکاندا بەدی دەکرێن، کە سەردەمی پیرێتی شارستانییە و سەرئەنجام کۆتایی شارستانیەتی بەدوادا دێت، دەتوانین ئەوەی لێهەڵگۆزین رۆحی شاری جیهانی مەزن نزیکە لە سروشت. چونکە ئەم جۆرە شارانە لە ئەنجامی دەرهاویشتنی هەموو توانا و داهێنانەکانی شارستانیەتەوە دروست دەبن، هەرچی زیندوویێتییان هەیە تکاوە و نزیکن لە مردن، جگە لەوە سروشت خۆی کار لە مردوو دەکات. بەڵام مێژوو سانایە و گوڕ و لاوێتی دەنوێنێت و تایبەت نییە بەتەنها بەشێك یان جۆرێك لە مرۆڤی دیاریکراو، بۆ هەموو خەڵکییە ئەگەر نزیکبن لەسادەیی و لاوێتییەوە کە زیندوویێتی دەنوێنن و گیانی تایبەتی مێژووە.

شێوازی تایبەت و دیاری کراو هەیە بۆ پەیپێبردنی جیهان وەك سروشت، بەهەمان شێوە شێوازی تایبەت و دیاریکراویش بۆ پەیپێبردنی جیهان وەك مێژوو هەیە، ئێمە ئەم جۆرە شێوازانە دەناسین و رۆژانە بەکاریان دەهێنین بە بێ ئەوەی هەست بەوە بکەین جیاوازی و لێکدژی لە نێوان ئەم دوو جۆرە شێوازە جیاوازەدا هەیە. لێرەدا دەبینین مەعریفە بە سروشت هەیە و مەعریفە بە مرۆڤ هەیە، هەروەها لێهاتوویی زانستی هەیە و لێهاتویی زیندوێتی هەیە، دەکرێت تێکڕای شێوازی پەیپێبردنی جیهان ناوببەین بە ((مۆرفۆلۆجیا)) یان ((پێکهاتەی دەرەکی)) مۆرفۆلۆجیای میکانیکی و کشان، کە زانستێکە یاساکانی سروشت رێك دەخات و دەریان دەخات، بەڵام مۆرفۆلۆجیای بنەرەتی، مۆرفۆلۆجیای مێژوو و ژیانە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ئاراستە و چارەنووسە و پەسن دەکرێت بە شێوازێکی سیمائی[1] (*). ئەو کۆتا بۆچوونەی شپنگلەر کە خرایە روو، دەتوانین بڵێین کۆکەرەوەی سەرجەم بیر و بۆچونەکانی شپنگلەرە دەربارەی سروشت و مێژوو، بەڵام بە شێوازێکی چڕ، چونکە لێرەدا شپنگلەر دەیهەوێت پێمان بڵێت جیهان دابەش دەبێت بۆ دوو بەش جیهان وەك سروشت: کە بەشە

---

[1] هـ. س، ل206.
(*) بۆ تێگەیشتن لە سیماء یان سیمائی دەڕوانرێتە تەوەرەی یەکەم لە بەشی دووەم.

نەگۆڕ و جێگیرەکەی جیهانە و سەربە زانستە و مـردووە، هـەروەها جیهـان وەك مێژوو کە بەشە بەردەوام گۆڕاو و زیندووەکەی جیهانە و بەشە گرنگە کەشـیانە و مرۆڤیش سەربەم بەشەی جیهانە. بەدەر لەوە هەریەك لەمانە شێوازی پەیپێبردنی خۆی هەیە کە جیاواز و تایبەتە لەوەی تریان ئەگەرچی ئێمە ئـەم شـێوازانە دەش زانین، بەڵام پێناچێت هەست بە لێکدژی نیوان ئەو شێوازانە و جیاوازییان بکـەین و لەبەر چاومان روون بن.

## تەوەرەی دووەم: تێگەیشتنی شپنگلەر لە چەمکی کات

کاتێك دەمان هەوێت لەسەر پرسێکی وەك کات بووە ستین، توشی ئـالۆزی و ڕوو بەڕووی کیشە دەبینەوە، چونکە لە سەرەتادا زۆر بە ئاسان دێتە بەر چاومان، بەڵام کاتێك وردتر و قـوڵتر دەڕوانـین دەبیـنین کـارێکی ئەسـتەمە شـیکردنەوەی چەمکی ((کات))، باشترین گوزارشت بۆ ئەم دۆخـە پێدەچـێت ئـەو گوزارشـتەی ئاوگۆستین بێت لە بارەی کاتەوە دەڵێت: ((ئەگەر کـەس لـێم نەپرسـێت ئـەوا مـن دەزانم، بەڵام ئەگەر لەسەرم بێت شی بکەمەوە بۆ پرسیارکەر ئەوا من نـازانم))[1]، لـە ڕاستیدا ئەگەر لە هەریەك لە ئێمە پرسیار بکرێت لەوانەیە سەرەتا زۆر بە ساناى بێتە بەر چاومان، بەڵام سەرەنجام بۆمان دەردەکەوێت لێکدانەوەی ئـەم چـەمکە کـارێکی ئالۆزە. هەر ئاوگۆستین لە بارەی جاویدانی کاتەوە دەڵێـت: ((خوایـە مـن دانـت بـۆ بەوەدا دەنێم من تا ئیستا هیچ نازانم بەرامبەر بە چییێتی کات))[2].

یەکێك لە گرانییەکانی تری لێکدانەوەی ئەم چـەمکە ئەوەیـە، هەریـەك لـە بیریاران و فەیلەسوفان و زانایان جۆرێك لێکدانـەوەیان هەیـە بـۆ ئـەم چـەمکە و جیاواز لەوانی تر باسیان کردووە. ئەگەرچی ئێمە دەمانهەوێت باسی ئەم چـەمکە بکەین وەك ئەوەی لای شپنگلەر دەردەکەوێت، بەمـەش پێدەچـێت خۆمـان لـەم گرفتە ڕزگار بکەین، بەڵام ناچارین هەرچۆنێك بێت ئاماژە بە بۆچـوونی هەنـدێك لە گەورە فەیلەسوفان بدەین سەبارەت بە چەمکی کـات چـونکە لـەوەوە ئاسـتی جیاوازی شپنگلەرمان بۆ دەردەکەوێت.

لای هەندێك لە فەیلەسوفان کـات بـەوە پێناسـەکراوە جەوهەرێکـە ڕووت و داڕنراوە لە مـاددە[3]. لای دیکـارت کـات و شـوێن دوو شـتی جیـاوازن، شـوێن

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل245.

[2] جعفر، عبدالوهاب: مبادىء الفلسفة واشكالياتها، منشاة المعارف، الآسكندرية، 2002، ل130.

[3] الحفني: المعجم الشامل، س.پ، ل298.



درێژبووەوەی سێ ڕەهەندی ئەندازیارییە، بەڵام کات دوو جۆرە کـاتی سروشـتی و کاتی دەروونی یان خودی، کاتی سروشتی، شتێکی سەرەتایی و بەڵگـە نەویـستە هەرکەسێ بە وریایی لە سروشتی کات بڕوانێت دەزانێت، بۆ پاراستنی هەرشتێك پێویسی بە ویستی خواهەیە، بەشێکی تری کات کاتی دەرونییە[1]، ئەویش خـۆی لە کۆجیتۆدا دەبینێتەوە ((من بیردەکەمەوە کەوتە من هەم))[2]. مەبەستی کـاتی سروشتی ئەوەیە ئەگەر ئەو هۆیە نـەبێت کـە هـۆی بەردەوامیمانـە، مەبەسـت هۆیەکـە کـە خودایـە، ئـەوا بـەدوا یەکـدا هـاتنی کـات نابێتـە هـۆی بەردەوامیمان[3].بەڵام ئەوەی پەیوەندیدارە بە کاتی دەروونـی یـان خـودی بـوونی مرۆڤە یاخود هەستکردنی مرۆڤە بە بوونی خۆی لە کاتی بیرکردنەوەدا.

ئاسان نییە بۆچوونی کانت لەمەڕ کات وابـەڕاگوزەری پیـشان بـدەین، بـەڵام هەرچۆنێك بێت ئاماژەیەکی کورت بە بۆ چونی کانت سەبارەت بەکات پێویستە، لەم بارەیەوەکانت دەڵێت: ((کات هیچ شتێك نییە جگەلە مـەرجێکی خـودی بـۆ پەیبردنمان (مرۆیی) کـە بـەردەوام هەسـتەکییە، واتـە ئـەوەی کـەنابێت مەگـەر کاریگەبین بە بابەتگەلێك، ئەو لە خودیدا هیچ نییە، لـە دەرەوەی خـود))[4]، بـەم جۆرەی کانت پەسنی کات دەکات لە خودی خۆیدا کات نییە یـان شـتێك نییـە، بەڵکو ئەوە خودە مانای کات دەدات بەکات، یان ڕوونتر پەیبردنی زهنـی مرۆڤـە مانا دەدات بەکات. هەربۆیە کانت دەڵێت: ((ناتوانیت بڵێین هەموو شـتەکان لـە ناو کاتدان))[5]، هۆی ئەمەش ئەوەیە ئێمە پەیبردنی زهنـی ڕووت دەکەینـەوە لـە شتەکان، کەمەرجە بۆ بوونی کات.

[1] عباس، راوية عبدالمنعم: ديكارت و فلسفة عقلية، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت، 1996، ل352- 353.

[2] رايت، وليم كلي: تاريخ الفلسفة الحديثة، ت: محمود سيد احمد، ط2، مجلس الآعلى للثقافة، القاهرة،2005، ل98.

[3] عباس: س.پ، ل352.

[4] كنط، عمانوئيل: نقد العقل المحض، ت: موسي وهبة، مركز الانماء القومي، 1988، ل66.

[5] ه: س. پ، ل66.

لەبارەی رووداو یان (کردار) و کات یان پەیوەندی نێوانیان کانت پێی وایە هەررووداوێك لە خاڵێکی دیاریکراوی کاتدا روودات، ئەوا ئەو رووداوە دەبێتە ئەنجام بۆ ئەوەی کە لە کاتێکی رابردووتردا لە پێش ئەو خاڵەوە روویداوە[1].

بەرتراند راسل لەبارەی کاتەوە دەڵێت: ئەوەی پەیوەندی دارە بەکاتەوە، هەستکردنمان بە مانەوە و کەموکورتی کات بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو نییە، چونکە تێپەڕینی کات لامان چونیەك نییە، ئەوکاتانەی لە ئازار و ناخۆشیداین هەست بە درەنگ تێپەڕینی کات دەکەین، بەڵام ئەوکاتانەی لە خۆشیداین هەست دەکەین کات بە خێرای تێدەپەڕێت، هەندێك کاتیش هیچ هەست بە تێپەڕینی کات ناکەین وەك ئەوەی نەبێت، بۆ نمونە لەکاتی خەوتندا. وەك ئەوەی دەردەکەوێت کات لە ماوە ((مدة)) پێك هاتووە، بۆیە پێویستە جیاوازی لە نێوان کاتی تایبەت و کاتی گشتیدا بکەین[2]. بەڵام بەتەواوی بۆمان رون ناکاتەوە مەبەستی چییە لەکاتی تایبەت و کاتی گشتی.

لای مارتن هایدگەر کات یەکسانە بە بوون یان بریتییە لە بوون، کات چۆنیەتییە[3]، کات پانتایی نییە تا مرۆڤی تێدابێت بەڵکو بوونی مرۆڤ خۆی کاتە و، وەك خۆی نامێنێتەوە شتێکی هەربوونێتییە دەبێت کۆتایی پێبێت[4].

---

[1] کنت، عمانوئیل: نقد العقل العملي، ت: احمد الشیبانی دار الیقظة العربیة، بیروت، 1966، ل164.

[2] رسل، برتراند: مشاکل الفلسفة، ت: عبدالعزیز السام و محمود ابراهیم محمد، ط2، مطبعة نهضة مصر، القاهرة، دون سنة، ل44- 45.

[3] هایدگر، مارتین: مفهوم زمان و چند اثردیگر، ترجمەی علی عبداللهی، چاپ دوم، نشرمرکز، تهران، 1383، ل70 و دواتر.

[4] کەمال، محمد: هایدگەر و شۆرشێکی فەلسەفی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007، ل135.



## چەمکی کات لای شپنگلەر

شپنگلەر چەمکی کات بە چەمکێکی کێشە ئامێز ناو دەبات، ئەو پێیوایە ئەم چەمکە هەروەك چەمکی چارەنووس، هەموو بیریاران بەتەواوەتی خراپ لێی تێگەیشتوون. پاشان باس لە رێبازەکەی خۆی دەکات بۆ چارەسەری ئەم چەمکە، کە دەست پێدەکات بە کۆت کردنێکی سەرەتایی، لە پاشاندا تێدەپەڕێت بۆ ئەنجامگیرییێکی زۆر روون، واتە بیرۆکەی چارەنووس[1]. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین شپنگلەر زۆر بە راشکاوی و بەبێ ترس بۆچوونی سەرجەم یان زۆرینەی بیریاران دەربارەی کات بەهەڵە دادەنێت و بۆچونی خۆی لەم بارەیەوە پێشان دەدات، رێبازەکەی خۆشی بە روون و ئاشکرا دادەنێت.

ئەم هێرشەی شپنگلەر بۆ سەر ئەو بیریارانەیە وێنایەکی ئامێری دەکەن بۆ کات کە دەگونجێت لەگەڵ وێناکردنیاندا بۆ گەردوون لەسەر وێنەی سروشت نەك لەسەر وێنەی مێژوو، لە سەروو هەمووشیانەوە رەخنە ئاراستەی کانت دەکات، چونکە ئەو گرنگی زۆری بەکات و شوێن داوە و هۆکارێتی ((العلیة))ی داوەتە پاڵیان، رەخنەی ئەوە لەکانت دەگرێت لە تیۆرا بەناوبانگەکەیدا کە باس لە کات دەکات هیچ ئاماژەیەکی بە ئاراستە ((اتجاه)) نەداوە، ئەوەچ (کات)ێکە کە ئاراستەی نەبێت؟![2]. هۆی ئەو رەخنە توندەی شپنگلەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لای شپنگلەر کات کرۆکێکی ئەندامی (زیندوو)ی تایبەتی هەیە، هەموو شتێکی زیندووش خاوەنی (ژیان) یان ئاراستەیە، خاوەنی هاندان و بەخششە. زیندوو شایستەی بەشکردن و هەڵوەشان و هەڵگەڕانەوە نییە، یەکجار روودەدات رووداێنکی ناوازەی ئەوتۆ دووبارە نابێتەوە، میکانیکییەت ناتوانێت رێڕەوەکەی دیاری بکات، جۆری ئەم پەسنکرنە(وصف) سەر بەکات و چارەنووسە[3]. بەم جۆرە

---

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل240.

[2] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل79.

[3] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل240.

سەبارەت بە پرسی کات شپنگلەر پێیوایە نیوتن توانیوێتی بە لیهاتوی خۆی باشتر لە کانت نزیك ببێتەوە لە چارەسەرکردنی کێشەی کات، ئەو توانیویەتی بەهۆی یاسای جیاکارییەوە(تفاضل) پەی بەکێشەی خۆگۆڕکێ ببات، بەمەش لە کێشەی کات تێگەیشتووە. هەروەها (فایێر شتراوس) یش تێکۆشانی زۆری کردووە و زۆر قوڵ بۆتەوە، بەهۆی ئەوەوە کێشەی کات لە بازنەی لێکۆڵینەوەی ماتماتیك دەرچووە[1].

وشەی کات بریتییە لە جۆرێك لە تەلیسم و جادوو، شتێکی خودییە، بڕوایەکی ناوەکییە بەرەو رووی دەبینەوە((بە نامۆ))، شتێکی ئەو تۆیە لەناو هەریەك لە ئێمەدا هەیە، ((خودێتی)) و ((چارەنووس)) و ((کات)) وشە گەلێکن ئەگەر هەریەك لەو ووشانە لەجێگەی ئەوی تریان دابنرێن دروستە[2]. تێبینی ئەوە دەکەین ئەگەرچی شپنگلەر دەیهەوێت کاتمان بۆ پەسن بکات بەوەی شتێکی خودییە و بەستراوە بەکەسێتییەوە، هەموو خودێك لە ناو خۆیدا هەڵیگرتووە، بەڵام لەوسەرەتایەدا کەدەیهەوێت بیکاتە دەسپێك بۆ کات، جۆرێك لە خۆ رزگارکردن دەبینین چونکە کات بە جادوو تەلیسم ناودەبات، لێرەشدا دەبینین نزیکە لە ئاوگۆستین سەرسوڕمان و بێتوانایی خۆی پیشان دەدات لە مەڕ کات، وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

ئەوەی کە لە زەنگی وشەی کاتەوە هەستی پێدەکەین، کات بەڕوونی دەردەکەوێت لە مۆسیقادا وەك لەزماندا، لە شعردا تا لە پەخشاندا، راستیەکە ئەوەیە کات کرۆکێکی ئەندامی تایبەتی هەیە[3]. ئەوەی شپنگلەر مەبەستییەتی لەبارەی کاتەوە وێنای بکات وێناکردنێکی زیندووە و دەیهەوێت کات لە چوارچێوەی شتە زیندووەکاندا بهێڵێتەوە، بۆ وێنە کاتێك شپنگلەر باس لەوە دەکات کات بەڕوونی لە مۆسیقا و شعردا دەردەکەوێت، گوزارشتە لەوەی کات لە

[1] هـ. س. پ، ل248.
[2] هـ.س، ل240.
[3] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل240.



هیچ پەیوەندییەك لە نێوان کات و سروشت یان میکانیکییەتدا نییە، چونکە کات زیندووە و سروشت و میکانیکییەت مردوون و کار لە مردووش دەکەن.

ئەگەر بارەکە بەم جۆرەبێت جۆن کانت و هاوڕاکانی مافی ئەوەیان دەبێت کات ملکەچ بکەن (لە پەنا شوێندا) بۆ لێکۆڵینەوەی رەخنەیی مەعریفە[1]. کەواتە رەخنەکە لەوەدایە ناکرێت یەك شێوازی چارەسەر و لێکۆڵینەوە بەکاربرێت بۆ دوو چەمکی جیاوازی وەك کات و شوێن، چونکە کات و شوێن دوو شتی لێکدژن و گوزارشتن لە زیندوو و مردوو.

شپنگلەر زیاتر لە هەر بیرێك رەخنە ئاراستەی کانت دەکات، ئەو دەڵێت نابێت کانت خۆی بدات بەدەست ئەم جۆرە هەڵانەوە و ملکەچیان بێت، جێگەی سەرسوڕمان نییە یەکێکی وەك شوپنهاوەر بکەوێتە هەڵیەکی لەو جۆرەوە، چونکە لە ماتماتیکدا لاوازە، بەڵام بۆ کانت نابێت چونکە لەبیرکاریدا لێهاتووە[2]. رەخنەی ئەوەی لێدەگرێت چەمکی کاتی شێواندووە، چونکە بەستوێتییەوە بە ژمێرییارییەوە و بەوهۆیەوە چییەتی کات بە تێنەگەیشتوویی ماوەتەوە و ئاراستەشی لێداڕنیوە[3]، شپنگلەر پێی وایە کانت توانیوێتی بەڵگەی باش پێشکەش بکات لە پەیوەندی نێوان بۆشایی ((Spase)) و ئەندازیاریدا، بەڵام دوور دەکەوێتەوە لە وێنەی ئەو بەڵگە هێنانەوانە لە پەیوەندی نێوان کات و ژمێریاری (یان ماتماتیك)، لەم بابەتەدا لە وێناکردن و گومان تێناپەڕێت، جەختکردنەوەی کانت لە هاو وێنەیی هەردوو چەمکی ((کات و بۆشایی)) بەرەو هەڵدێریدەبات و میتۆدەکەی تێك دەشکێنێت[4]. شپنگلەر ئەو تێکەڵکردنە میتۆدیەی کانت لە نێوان کات و بۆشاییدا(شوێن) کردوویەتی بەمەترسیدار دادەنێت و بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی میتۆدەکەی دادەنرێت، ئەو پەیوەندییەش کەباسی دەکات لەنێوان کات و بۆشاییدا، هیچ بەڵگەیەکی بۆ نەهێناوەتەوە.

[1] بدوي، عبدالرحمن: الزمان الوجودي، ط3، دار الثقافة، بيروت، 1973، ل124.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل246.
[3] بدوي: الزمان الوجودي، س. پ، ل25.
[4] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل245.

که دەڵێت: ((ئەگەر هیچ کەس لێم نەپرسێت دەزانم، بەڵام ئەگەر لەسەرم بێت شیبکەمەوە بۆ پرسیارکەر ئەوا نازانم))[1]. ئەمەش مانای هێشتنەوەی هەستکردنێکی ناوەکی و خودییە بە کات، بەدەر لە پەیپێبردنێکی هەستەکی و چوارچێوە بۆ دانراو، شپنگلەر تاڕادەیەك لەمەدا لە ئاوگۆستین نزیکە وەك لە هەر کەسێکی تر.

مرۆڤی سەرەتایی هیچ بیرۆکەیەکی لەبارەی چەمکی کاتەوە نییە و لەماناکەی تێناگات، ئەو بە سانایی دەژی بەبێئەوەی رووبەڕووی هیچ شتێك ببێتەوە، ئەو خاوەنی کاتە بەڵام هیچ شتێکی لەبارەوە نازانێت، چونکە تێگەیشتن لە کات بیرکردنەوە بەرهەمی دەهێنێت[2]. عەقڵ لە شارستانیەتە گەورەکاندا وێنای کاتێك دەکات لەژێر کاریگەری وێناکردنی بۆ شوێن و ژمارە، ئەم وێناکردنەش بەسە بۆ پڕکردنەوەی (تێرکردنی) پێویستیەکانی، ئەم کاتە بێ ئاراستەیە، لەسەر وێنەی سروشتە، ئەو وێناکردنەش لە خولی مەدەنییەت یان پیاوانی شارستانیەتە باڵاکاندا دەردەکەوێت[3].

هۆی ئەو بێئارامییە لای مرۆڤ بەرامبەر بەکاتی راستەقینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تایبەتترین تایبەتمەندی کات ئەستەمی گەڕانەوەیەتی، ئەستەمی گەڕانەوەی کاتیش لە دەروونی مرۆڤدا بێئارامی دروست دەکات، ئەمەش لە دەرەوەی ویستی مرۆڤە، بەم جۆرە کات مەیدان خوازی لەگەڵ مرۆڤدا دەکات، ئەگەر مرۆڤیش بیهەوێت وەڵامی مەیدان خوازییەکەی بداتەوە، لەڕێگەی تێکۆشانەوە، لەو ڕێگەیەوە دەبێت سروشتی کات تێکبدات و بیشێوێنێت، ئەویش بە وێناکردنی کات بە وێنایەك کە دژ بە سروشتی کات بێت وەك ئەوەی وێنای بکات بە شوێن[4].

هەموو ئەو شتە مەزنانەی لە شارستانیەتەکاندا بەرهەم هاتووە هونەردەنوێنن و نزیکن لە ئایینەوە نەك لە ماتماتیك، دەبنە کلیلێك بۆ کردنەوەی

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل245.
[2] ه. س. ل241.
[3] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل80.
[4] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل 81.



چوارچێوەی شتە زیندووەکاندا بهێڵێتەوە، چونکە مۆسیقا و شعر لای شپنگلەر زیندوویێتی دەنوێنن.

تەنها بە دروستکردنی ناو بۆ کات وەك خۆرزگارکردن وایە لێی، ناونانی شتێك مانای سەرکەوتنە بەهێز بەسەر ئەوشتەدا، هەرئەمەیە کرۆکی جادوو ((سحر)) لای مرۆڤی سەرەتایی، هێزە خراپەکارەکانی کۆتکردووە بەهۆی ناونانیانەوە، ئەوەی شایستەی تێگەشتن و پێوانەکردن و ناونانە زاڵ بوون بە سەریدا ئاسانە، نهێنی ترس لە کات و ژیان، ناوە رۆکە کەیان پوچەڵ دەکرێتەوە بەهۆی جادووی پەیپێبردنەوە.[1] شپنگلەر پێی وایە هەوڵی تێگەیشتن لە کات لەلایەن بیریارانەوە، لەهەوڵی مرۆڤی سەرەتایی دەچێت بۆ زاڵ بوون بەسەر هێزە خراپکارەکاندا لە رێگەی جادوو و ناولینانیانەوە، ترسی بیریاران و فەیلەسوفانیش لە نهێنی کات وایلێکردوون ناو و پێوەری بۆ دابنێن تا لەو ریگەیەوە زاڵبن بەسەریدا، بەڵام ئەمە هیچ نییە جگە لە پوچەڵکردنەوە و بێ ناوەرۆککردنی کات.

ئەوەی لە فەلسەفەی زانستی و دەرونزانی و فیزیادا هاتووە لەبارەی کاتەوە، وەڵامدانەوەیەکی گریمانەییە، ئەوەی باسکراوە لەلایەن زانستەکانەوە وێنەی تارماییەك دەنوێنێت لە فۆرمێکی شوێنیدا دارێژراوە و لەجێگەی کات دانراوە و نوێنەریەتی، باشتر وایە ئەو پرسیارە نەکرێت مەبەست لە پرسیاری ((کات چییە؟))یە هەربۆیە کات هیچ جێگەیەکی نییە لەناو میتۆددا، خۆ ئەگەر کات بە میتۆدی کرا ئەوا کات دەبێتە قوربانی[2]. کەواتە ئەوەی ئەنجامدراوە لەلایەن بیریاران و فەیلەسوفان بۆ تێگەیشتن لە کات، هیچ نەبووە جگەلە کوشتنی مانای راستەقینەی کات، کە ناکرێت چوار چێوەی بۆ دابنرێت، بەڵکو دەبێت نهێنی ئامێز لەگەڵیدا هەڵبکەین. هەربۆیە دەبینین شپنگلەر لە ناو ئەو هەموو خوێندنەوە و تێڕوانینانەی بۆ کات کراوە، بە چاوێکی رێزەوە سەیری بۆچوونی ئاوگۆستین دەکات و بە قوڵترین و تەنها بۆ چوونی پەسەندی دادەنێت لەبارەی کاتەوە

[1] ه. س. ل243.
[2] ه. س، ل243، 246.

دەرگای کێشەی کات، کە کێشەیەکە چارەسەرکردنی تەنها لە بواری مێژوو کارێکی گرانە[1]. تێبینی ئەوە دەکەین شپنگلەر هونەر و ئاین بە هۆکار دەزانێت بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەی کات، کە بە میتۆدی زانستی و ماتماتیکی چارەسەر ناکرێت، لێرەشدا نزیکی هەردوو چەمکی چارەنووس و کات پیشان دەدات، چونکە تێبینی ئەوە دەکەین شپنگلەر هونەر و ئاین بەهۆی لێکدانەوەی پەیپێبردنی چارەنووس دەزانێت[2].

هەر شارستانیەتێك تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە بۆ کات کە جیاوازە لە شارستانیەتەکانی تر[3]، هیندییەکان هیچ ئەندازەگیری و ڕێزێکیان نەبووە بۆ کات، کاتژمێریشیان نەبووە، هەر لەبەر ئەوشە مێژوو، یان ژیان، یان یادەوری، یان گرنگی پێدانیان نەبووە، ئەوەش کە لەلای ڕۆژئاواییەکان ناودەبرێت بە مێژووی هیندی، مێژوویەکە بەبێ ئەوەی هەست بکات بەخۆی لە دوور و نزیك چیدەکات خۆی ڕزگار کردووە. تەنانەت مرۆڤی چینیش لە قۆناغی (تشۆ)دا کە بە قۆناغێکی هەستپێکردنی قوڵی گەشە کردنی قۆناغە مێژووییەکان ناسراوە، بەوجۆرە بەرز و بە ئاگاو هەستی قوڵ لەکات و هۆشیای و ئاراستە و قەزاو قەدەر و بزاوتن (حرکة) نەگەیشتوون وەك ئەوەی لە ڕۆژئاوادا هەیە[4]. لێرەدا شپنگلەر بەجۆرێکی بەرز و پەسنئامێز باس لە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی دەکات کە تێگەیشتنی بۆ کات لە ئاستێکی باڵای ئەوتۆیە کە مرۆڤی شارستانیەتی هیندی و چینی نەگەیشتونەتە ئەو ئاستە.

مێژووی ڕۆژئاوایی مێژوویەکی مەبەستگەرا بووە، بەڵام مێژووی هیندی مێژوێك بووە کەڕوویداوە، لە مێژووی کلاسیکیشدا بە دەگمەن گرنگی بە ژماردنی ساڵ دراوە، بەڵام لای ڕۆژئاوای بەوردی ژماردن بۆ هەموو بەشەکانی کات کراوە و، بە

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل252.
[2] دەڕوانرێتە تەوەرەی یەکەم لە بەشی چوارەم
[3] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل249.
[4] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل259.



گرنگ سەیری کات کراوە، میسرییەکانیش بەهەمان شێوە گرنگیان بەکات داوە، توانیویانە پادشا و فیرعەونەکانیان بەزیندوویی بهێڵنەوە، لەڕێگەی هەڵکەندنی ژیان و مێژووی فیرعەونەکانیان لەسەر بەرد، بەمەبەستی پاراستنیان[1].

## کات و بۆشایی

بۆزیاتر تێگەیشتن لە چەمکی کات بەراوردکردن لەنێوان کات و بۆشاییدا (یان شوێن) یارمەتیمان دەدات، چونکە کات و بۆشایی دووشتی لێکدژن، شتەکانیش بەدژەکانیاندا دەناسرێنەوە، واتە زۆرجار بۆ ئەوەی بەباشی لەشتێك تێبگەین پێویستە دژەکەی یان پێچەوانەکەی بناسین.

بۆشایی شایستەی تێگەیشتنە، بەڵام کات شایستەی تێگەیشتن نییە، بەڵکو بریتییە لە هێمای دەنگ، بۆیە هەر وێنا کردنێکی کات یان بەکارهێنانی بەشێوەیەکی زانستی، هیچ ناگەێنێت جگە لە تێکدانی تێگەیشتنی سروشتی کات نەبێت[2]. کات پێچەوانە و دژی بۆشاییە و دوور لە بۆشایش گەشە دەکات، هەروەك وێناکردنی ژیان دژی هزرە و، لەدایك بوون دژی مردنە، ئەمەش لە کرۆکی هۆشیاری خودیدا ناسراوە[3]. لێرەدا بەڕوونی بۆچوونی شپنگلەر دەردەکەوێت، کەپێی وایە کات و بۆشایی دووشتی تەواو لێکدژن، بەپێچەوانەی بۆچونی زۆرێك لە بیریار و فەیلەسوف و زانایان وەك کانت و مینکۆفسکی، ئەمەی دواییان پێی وایە لێکجیاکردنەوەی کات و بۆشایی تەنها وێژینگەیە کە((وهم))[4]. بەدەر لەوە شپنگلەر هەرچی شتە زیندووەکانە دەیداتە پاڵ کات و هەرچی شتە مردووەکانیشە دەیداتە پاڵ بۆشایی، ئەم تێڕوانینانە لای برگسۆنیش

[1] ه. س، ل60 و دواتر.
[2] ه. س، ل241.
[3] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل248.
[4] بدوی: الزمان الوجودی، س. پ، ل125، 135.

هەیە بۆ کات و بۆشایی (شوێن)، ئەوپێیوایە بۆ ئەوەی لە ژیان و مادده تێبگەین پێویستە لەکات و بۆشایی تێبگەین[1].

بۆشایی لەدایك بووی کاتە، بەڵام هۆی مردنی کات بۆشاییە، ئەگەر کانت زۆر وردبوایە لە دیاریکردنی بیردۆزەکەیدا بیگوتایا ((کات فۆرمی پەیپێبردنە و، بۆشایی فۆرمی پەیپێبراوە)) بۆشایی بە بەرد بوو رەقە، بۆشایی بەتەواوی بوونییەوە لەدەرەوەی کاتە و دابراوە لە کات و لە ژیان، مانەوەی خۆی تیادا شاردۆتەوە، بەشێکە لە کاتێکی رۆیشتوو و هەڵوەشاو[2]. ئەگەر بەوردی لەم بۆچونەی شپنگلەر بڕوانین دەبینین بۆشایی بریتییە لەکاتێکی لەبەریەك هەڵوەشاو، کاتێك کە تێپەڕبووە و تایبەتمەندێتی کاتی لەدەستداوە کە زیندووێتییە، جگەلەوە کات بەجۆرێك دەردەکەوێت کە شێوە و فۆرمی پەیپێبردنە، واتە ئەو رێگایەیە بەهۆیەوە شتەکان دەدۆزرێتەوە، بەڵام شتە دۆزراوە کە بریتییە لە بۆشایی (شوێن).

بەڵام بەپێچەوانەوە بۆشایی کوژەری کاتە، چونکە هەرکاتێك زیندوو خرایە پانتایی بۆشاییەوە دەمرێت چونکە بۆشایی مردووە و مرێنەرە، لەبەر ئەوەی سەربە سروشتە و جیهانی پێوانەو یاسایە[3]، بە پێچەوانەی کات کە زیندووە و سەربە ژیانە. کاتێك چووە چوارچێوەی بۆشایی زیندویەتی خۆی لەدەست دەدات.

---

[1] بدوي: اشپنجلر، س، پ، ل32.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل322.
[3] هـ. س، ل242.

## تەوەرەی سێیەم: رەخنەی شپنگلەر لە بیروبۆچونی باوی هەندێک لە مێژوونووس و فەیلەسوفانی رۆژئاوا

هەندێك بیروبۆچون لەناو مێژوونووسان و فەیلەسوفانی رۆژئاوا جێگیر بووە و بۆتە شتێکی باو، زۆرجار وەك راستیەکی گومان هەڵنەگر سەیریکراوە، نەك تەنها لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە، بەڵکو ئەوەندە گوتراوەتەوە و جەختی لەسەرکراوەتەوە فەیلەسوفان و مێژوونووسانی نارۆژئاواییش وەریان گرتووە و لایان بۆتە شتێکی گومان هەڵنەگر، ئەمەش لە پڕ دروست نەبووە، بەڵکو ماوەیەکی ویستووە و کاری زۆری بۆ کراوە، بۆیە ئەوانەی لە خۆرئاوا باوەڕیان بەم بۆچوونانە نییە زۆر کەمن، ئەگەر هەشبن زۆر بە دەگمەن رەخنەیان لێگرتوون، شپنگلەر یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی ئەو بۆچوونانە رەتدەکاتەوە، بە توندی رەخنە لە رۆژئاواییەکان دەگرێت و ئەو بۆچوونانە بەبێ بنەما پەسن دەکات.

### یەکەم: رەخنە لە سێنترالیزمی رۆژئاوا

شپنگلەر رەخنە لەو میتۆدە دەگرێت کە رۆژئاواییەکان کاری پێدەکەن بە پێی ئەومیتۆدە ئەوروپای رۆژئاوا دەبێتە جەمسەرێکی جێگیر و پارچەیەکی ناوازە، لەسەر زەوی هەلبژێردراوە بەبێ هیچ هۆیەکی جیاکەرەوە تەنها ئەوە نەبێت ئەوانی لەسەر دەژین، هەر ئەم میتۆدەیە وادەکات مێژووی مەزن و خاوەن بەردەوامی خولی هەزار ساڵە و شارستانیەتە مەزن و کۆنەکان بە دەوری ئەم جەمسەرەدا بە ئاسانی بخولێنەوە، بەڕاستی ئەمە میتۆدێکی نامۆ و سەیرە وەك میتۆدی خۆر و هەسارەکان، ئێمە پارچەیەك لە زەوی دەکەینە سەنتەرێك بۆ میتۆدیی مێژوویی، هەر لەم پارچەیەوە هەموو رووداوەکانی روناکی وەرگرن. هەر بەهۆی ئەم میتۆدەوەیە کە مێژووی چەند هەزار ساڵەی وەك میسر و چین



کورت دەکرێتەوە و وەك چیرۆك تەماشا دەکرێت، بەڵام مێژووی چەند دەیەیەکی سەردەمی (لۆتەر و ناپلیۆن) زۆر بە گەورەیی و فراوانی پیشان دەدرێت[1].

باشترین ناو بۆ ئەم میتۆدە رۆژئاواییە، ئەوەیە ناوی لێبنێین میتۆدی بەتلیمۆسی. بەڵام ئەو میتۆدەی شپنگلەر جیاوازە لە میتۆدی رۆژئاوایی، ئەو میتۆدەکەی خۆی بە دەرخستنێکی کۆپەرنیکییانە دادەنێت لە بواری مێژوودا، جگە لەوە ئەو داننانێت بە هیچ شارستانیەتێکدا وەك سەنتەر و چەقی شارستانیەتیەکانی تر سەیر بکرێت[2].

ئەو تێڕوانینەی رۆژئاواییەکان ماوەیەکی دوور و درێژ وەك راستییەکی گومان هەڵنەگر سەیریان دەکرد، شپنگلەر بە هیچی نازانێت تەنها بەوە نەبێت دەیچوێنێت بەوەی پێشتر چۆن خەڵکی تیۆری بەتلیمۆسیان کردبووە راستییەك و زەوییان بە سەنتەری هەموو گەردوون دادەنا، بە هەمان شێوە ئەو بۆچوونەش کە شارستانیەتی رۆژئاوایی بە سەنتەری هەموو شارستانیەتەکان دەزانێت هاوشێوەی بۆچونی بەتلیمۆسە، ئەو میتۆدەش شپنگلەر پەیڕەوی دەکات بە گوتەی خۆی هاوشێوەی شۆڕشی کۆپەرنیکۆسە لە بواری میتۆدی مێژوویی و تێڕوانین بۆ شارستانیەتەکاندا.

بۆیە پێویستە رۆژئاواییەکان واز لەو بیر و بۆچوونە بەتلیمۆسییە بهێنن و تێڕواتنینیان بگۆڕن بەرامبەر بە شارستانیەتەکەی خۆیان، چیدی وەك سەنتەری شارستانیەتەکانی تر سەیری نەکەن، چونکە هەر شارستانیەتێك یەکەیەکی سەربەخۆ و تەواو دابڕاوە لە شارستانیەتەکانی تر، هیچ پەیوەندیەك نییە لە نێوان شارستانیەتەکاندا[3].

---

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل61.

[2] ه. س. ل 62-63.

[3] حسین، محسن محمد: فەلسەفەی سروشتی لە لێکدانەوەی مێژوودا- تایبەتێتی زیبندوویی شارستانەتی یەکان لای شپنگلەر، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە 24 ، بغداد ، 1989، ل25.

## دووەم: رەخنە لە دابەشکردنی مێژوو بۆ کۆن و ناوەڕاست و نوێ بەپێی ئەژیندەی رۆژئاوایی

دابەشکردنی مێژوو لەسەر بنەمای کۆن و ناوەڕاست و نوێ بەپێی ئەژیندەی رۆژئاوایی کە رۆژئاواییەکان سەپاندویانە بەسەر میتۆدی مێژووییدا و، بە شێوەیەکی نەگۆڕ و بڕاوە بۆ سەرجەم مێژووی جیهان بەکاری دەهێنن، شپنگلەر بەمیتۆدێکی گونجاوی نازانێت و بەتوندی رەخنەی لێدەگرێت و بەدروستی نازانێت، بەمیتۆدێکی بێ بایەخ و نەخۆش و ئەوەندە بێ مانای دادەنێت تا ئاستێك عەقڵ باوەڕی پێناکات، سەبارەت بەزیانەکانیشی دەڵێت: ((دەڵێم بە هۆی ئەم دابەش کردنەمانەوە شکستمان هێنا لە دەرککردنی سەنتەری راستەقینەی رەگەزی مرۆیی لە مێژووی گشتیدا))[1].

شپنگلەر نەك تەنها ئەم دابەشکردنە پەسەند ناکات بەڵکو بەزیان بەخشیشی دەزانێت، چونکە بۆتە بەربەستێك لە بەردەم دەرککردنی سەنتەر و شوێنگەی راستەقینەی مرۆڤ لە مێژوودا. ئەم میتۆدی دابەشکردنە بۆ مێژوو بە هۆی زاڵبوونی شارستانیەتی رۆژئاواییەوە سەپێنراوە بەسەر سەرجەم مێژووی جیهاندا، ئەگەر ئەم دابەشکردنە بۆ مێژووی رۆژئاوا دروست بێت، ناتوانرێت بۆ سەرجەم مێژووی جیهان بە دروست دابنرێت، چونکە ئەم دابەشکردنە لە ئەنجامی تێڕوانینی رۆژئاواییەکانەوە بۆ مێژووی خۆیان بۆیان دروست بووە، لەسەر بنەمای گەشەکردن و پێشکەوتنی شارستانیەتی رۆژئاوایی دانراوە، بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین لەسەردەمێکی مێژوویی دیاری کراودا رۆژئاوا بە قۆناغێکی تاریك و سستیدا تێپەڕیوە، هەر لەو کاتەدا شارستانیەتی ئەو تۆ هەبوون لەوپەڕی پێشکەوتندا بوون، بۆیە ئەم دابەشکردنە جۆرێك لە پیرۆزی دەدات بە مێژووی شارستانیەتی رۆژئاوا لە چاو شارستانیەتیەکانی تردا، ئەمەش هەر لە چوارچێوەی سێنتراڵیزمی رۆژئاوادا دەمێنێتەوە.

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل60.



لەبەر ئەوەی مێژوو لە وێنەی شارستانیەتدا دەردەکەوێت[1]، یان بە دەربڕینێکی تر یەکەی لێکۆڵینەوەی مێژوو و شارستانیەتە نەك مێژووی جیهان بە گشتی، واتە ناکرێت مێژووی تێکڕای جیهان وەك یەکەیەکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی سەیر بکرێت[2]، هەر لەبەر ئەوەیە بەدەر لەو دابەشکردنە، شپنگلەر دابەشکردنێکی نوێ پێشکەش دەکات، کە لەسەر بنەمای شارستانیەتەکانە، واتە هەر شارستانیەتیەك وەك یەکەیەکی سەربەخۆ و جیاواز تەماشا دەکات، بۆ وێنە کاتێك ئاماژە بە سەردەمە مێژووییەکان دەدات، پۆلێنیان دەکات بۆ شارستانیەتی ئەپۆلۆنی (گریکی) و شارستانیەتی سیحری (ئیسلامی) و شارستانیەتی فاوستی (رۆژئاوایی)[3]، و...هتد.

ئەگەر ئەم دابەشکردنە (دابەشکردنی رۆژئاوایی) دروست بێت، ئەوا مێژوونووسێکی چینیش مافی ئەوەی هەیە مێژوویەك بۆ جیهان دابنێت، بەرووداوە گرنگەکانی ئەورووپادا وەك هێرشی خاچیەکان و رێنیسانسدا تێبپەڕێت بەبێ دەنگی بێ ئەوەی ئاماژەیان بۆ بکات[4].

## سێیەم: رەخنە لە بیروبۆچونی کاریگەری شارستانیەتەکان لەسەر یەکتری و پەیوەندی نێوانیان

شپنگلەر رەخنە لە بۆچونێکی تری مێژوونووسان و فەیلەسوفانی رۆژئاوا دەگرێت، کە پەیوەندی هەیە بەپرسی کاریگەری شارستانیەتەکان لەسەر یەکتری و پەیوەندی نێوانیان، ئەو کاریگەریەی زۆرێك لە مێژوونووسان وەك هزرێك برەویان پێداوە، شپنگلەر پێی وایە بەو کارەیان مێژوویان لەکەدار کردووە و خەڵکیان گومڕا کردووە، ئەو مێژوونووسانە گوتویانە لە نێوان شارستانیەتەکاندا

[1] کامل: س. پ، ل143.
[2] اشبغلر: س. پ، ب1، ل60.
[3] فرحان: س. پ، ل51.
[4] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل62.

پەیوەندی هەیە، ئەو پەیوەندیەش بریتییە لە پەیوەندی دەرئەنجام بە هۆکارەوە، ئەوان پێیان وایە هیچ شتێکی نوێ نییە بەڵکو هەموو شتەکان دەرئەنجامن، بۆیە ئەمانە هەرکات رەگەزێکی رووکەشیان بینیبێت لە شارستانیەتێکی نوێدا لە هەمان کاتدا لە شارستانیەتێکی کۆنیشدا بەدی کرابێت، یەکسەر هاواریان کردووە و گوتویانە ئەمە (کاریگەرییە)، وایان ئەندێشە کردووە مێژوونووس هیچ کارێکی نییە تەنها پەردە لادان نەبێت لەسەر (کاریگەری) ئەگەر ئەم کارەیان کرد بەکاری خۆیان هەستاون و هیچ نەماوە بیکەن[1].

شپنگلەر بە پێچەوانەی زۆربەی مێژوونووسانی ئەوروپاوە کە زۆر جەخت لە پرسی کاریگەری شارستانیەتەکان لەسەریەکتری دەکەن، ئەو رەخنە لەم بۆچوونە دەگرێت و بە ناڕاستی دادەنێت، باوەڕی وایە هەر شارستانیەتێك یەکەیەکی بازنەیی داخراوە بەسەر خۆیدا و هیچ رێگایەك نییە بۆکاریگەری لێکران و کاریگەری لێککردن، یان بۆ بەخشین و وەرگرتن[2]، هیچ دەروازەیەك لە نێوان شارستانیەتەکاندا نییە، تەنها دەروازەیەکی تایبەت نەبێت ئەویش رێگە بە هاتنە ناوەوەی هیچ شتێك نادات لێوەی بێتە ناوەوە ئەگەر لەگەڵ ناوەڕۆکی شارستانیەتەکەیدا نەگونجێت، ئەو شتانەش کە رێگەیان پێدەدات راستەوخۆ دەیان گۆڕێت، بەشێوەیەك لەگەڵ سروشتی خۆیدا بگونجێت، ئەو وانابینێت هاوشێوەیی لە هەندێك وێنە و بارودۆخدا لە نێوان شارستانیەتێك و یەکێکی دیدا هەبێت، مەگەر وێکچوونێکی رووکەش و دەرەکی بێت[3].

ئەم تێڕوانینە قوڵەی شپنگلەر پێویستی بەوردبوونەوەهەیە بۆ تێگەیشتنی، چونکە ئەو زۆر بە قوڵی و لێکدانەوەیەکی هزریانە باس لە پەیوەندی نێوان شارستانیەتیەکان دەکات، تێبینی ئەوە دەکرێت شپنگلەر دان بە هیچ کاریگەریەکدا نانێت لە نێوان شارستانیەتەکاندا، ئەم تێگەیشتنەش وای کردووە

[1] بدوي: اشپنجلر، س. پ، ل131.
[2] الملاح: المفصل في فلسفة التاريخ، س. پ، ل434.
[3] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل141 و دواتر.



زۆرێك لە مێژوونووسان و فەیلەسوفانی مێژوو رەخنە لەو بۆچونە بگرن و جەخت لەوە دەکەنەوە شارستانیەتەکان کاریگەریان هەیە لەسەر یەکتری، بەڵام ئەگەر وردتر لەم بۆچونە بڕوانین دەبینین راستە شپنگلەر نکوڵی دەکات لە کاریگەری و کارلێککردن لە نێوان شارستانیەتەکاندا بە شێوەیەکی راستەوخۆ و دیار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە دەکات کاتێك شارستانیەتێك شتێك وەردەگرێت لە شارستانیەتێکی تر تەنها ئەو شتانە وەردەگرێت کە لەگەڵ رۆحی شارستانیەتەکەدا دەگونجێت، چیتر ئەو شتە وەك خۆی نامێنێتەوە، بەڵکو دەیکات بە موڵکی خۆی و مۆرکی شارستانیەتەکەی خۆی پێدەدات.

شپنگلەر بەڵگە بۆ بۆچونەکانی بە شارستانیەتی هیندی و چینی دەهێنێتەوە، هەر دووکیان ئاینی بوزی یان وەرگرتووە بەڵام هەر یەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ئاینەدا کردووە، کاتێك ئاینی بوزی لە هیندەوە گوازرایەوە بۆ چین، چینیەکان ئاراستەیەکی رۆحی تایبەتیاندا بەو ئایینە و جۆرێکی نوێیان لێ دروست کرد، جیاواز بوو لەوەی لای هیندیەکان پەیڕە و دەکرا، بەدەر لەوەش تێبینی ئەوە دەکەین (ئەرستۆ) لای یۆنانیەکان زۆر جیاوازە لە ئەرستۆ لای موسڵمانەکان یان لای گۆسەکانی (غوط) سەدەکانی ناوەڕاست، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم تێڕوانینانە بۆ ئەرستۆ، بەجۆرێك شتێکی هاوبەش لەنێوانیاندا بەدی ناکرێت[1].

**چوارەم: رەخنە لە بیری پێشکەوتن**

مەبەست لە پێشکەوتن گۆڕانێکی پلەبەندییە بەرەو باش چوون، جایان لەبوارێکی سنورداردا، یان لەکۆی کارەکاندا. ((پێشکەوتن بەشێوەیەکی رەها، گوزارشتێکە زۆر بەکار دەبرێت، زۆرجار دەیکەن بە جۆرێك لە پێویستی مێژوویی یان گەردوونی، زۆرجاریش دەیکەنە هێزێکی راستەقینە کە کاریگەری لەسەر

[1] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل139 و دواتر.

تاکەکان دادەنێت....))[1]، زۆریك لە فەیلەسوفانی ئەورووپی باسیان لە پرسی پێشکەوتن کردووە، بەڵام تێڕوانینیان جیاوازە، هەندێکیان لە لایەنگرانی بیردۆزی پێشکەوتنن وەك (ئەرستۆ) و (پۆلبیۆس) و (فرانسیس بیکۆن) و (کانت) و ... هتد، هەندێکیشیان دژی بیردۆزی پێشکەوتنن و باوەڕیان بە پێشکەوتن نییە، وەك (خرۆسۆف) و (سەنیکا) و (ڕۆسۆ). بەدەرلەمە لە ناو ئەوانەشدا کە باوەڕیان بە پێشکەوتن هەیە تێڕوانینیان بۆ پێشکەوتن جیاوازە[2]، شپنگلەریش باوەڕی بە بیردۆزی پێشکەوتن نییە[3]، رەخنەیەکی زۆری لە تیۆری پێشکەوتن گرتووە.

شپنگلەر بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت: پێشکەوتن! پێشکەوتن نییە، هەروەك چۆن هەموو نەوەیەك گەمژەیێتی کەمتر نییە لە نەوەی پێش خۆی بەهەمان شێوە بۆ شارستانیەتەکانیش وایە[4]، شپنگلەر وەك بەڵگەنەویستێك باس لەوە دەکات هەر نەوەیەك دێت، زیرەکتر و ئاقڵتر نییە لە نەوەکەی پێش خۆی، جگە لەوەش گەمژەیێتی لە نەوەکەی پێش خۆی کەمتر نییە، بە شێوەیەك ئەمە باس دەکات پێویستی بە سەلماندن نییە تەنها بۆ ئەوە باسی دەکات شارستانیەتیش بچوێنێت بە نەوە مرۆییەکان، واتە بە هەمان شێوە هیچ شارستانیەتێك پێشکەوتوو تر و هەڵکەوتوو تر نییە لەوی تر.

شپنگلەر رەخنە لەو فەیلەسوفانە دەگرێت باوەڕیان بە بیردۆزی پێشکەوتن هەیە، پێیوایە بیردۆزی پێشکەتن بە هەڵەدا چووە لە تێگەیشتنی ڕێڕەوی مێژوو، کە پێیوایە بریتییە لە پێشکەوتنێکی سەرومڕی مرۆیی تا ناکۆتایی، لە کاتێکدا مێژوو شانۆی ژمارەیەکی زۆری شارستانیەتەکان بووە، مێژووی شارستانیەتیش هەروەك مێژووی هەبووە زیندووەکان وایە (مرۆڤ یان ئاژەڵ یان رووەك)، بەڵام

[1] لالاند، اندرية: موسوعة لالاند الفلسفية، ت: خليل احمد خليل، ط2، منشورات، بيروت-باريس، 2001، ج2، ص1054.
[2] بدوی، عبدالرحمن، ملحق موسوعة الفلسفة، ط4، المؤسسة العربية للدراسات والنسر، بيروت، 1996، ص115ومابعدها.
[3] حسين: س. پ، ل25.
[4] ولسون: س، پ، ل127.



وێناکردنی مێژوو بە جۆرێك تا ناکۆتا پێش دەکەوێت، هەروەك وێناکردنی ئەوە وایە بڵێیت کرمۆکەیەك بە خۆراك پێدان تا ناکۆتا گەشە دەکات[1].

یەکێکی تر لەو رەهەندانەی شپنگلەر دەیکاتە سەنگەرێك بۆ رەخنەگرتن لە تیۆری پێشکەوتن، بریتییە لە تێنەگەیشتنی نەوەکان لە پێشکەوتن، چونکە هەموو جیلێکی نوێ ئاڵ و گۆڕپێکردن بە گەشەسەندن و پێشکەوتن تێدەگات، زیندووکردنەوە و تواندنەوەی شێوازە کۆنەکان جێگەی بزاوتن و گۆڕانی راستەقینەی گرتۆتەوە[2]. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین شپنگلەر ئەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە رووکەشانەی بە سەر شتە کۆن و بیروڕا پێشینەکاندا دەهێنرێت بە پێشکەوتن نازانێت، بەڵکو پیشاندانەوەی رابردووە بە بەرگێکی نوێ، بۆ پشتگیری ئەم بۆچونەش بەڵگە دەهێنێتەوە، بۆ نمونە باس لە هونەری وێنەکێشانی چینی دەکات بۆ ماوەی هەزار ساڵ هیچ گەشەکردنێکی بە خۆوە نەدیوە تەنها درێژکردن و کورتکردنەوەی جل و بەرگەکان نەبێت[3].

[1] فرحان: س. پ، ل48.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل517.
[3] هـ. س. ل.

## بەشی چوارەم
## دروست بوونی شارستانیەت

### تەوەرەی یەکەم: لە دایک بوونی شارستانیەت

لەبەر ئەوەی شارستانیەتیش وەك مرۆڤ یان هەر هەبوویەکی زیندووی تر بە خودی ئەو قۆناغانەدا تێدەپەڕێت، مرۆڤ یان هەر هەبوویەکی تر پیایدا تێدەپەڕێت، واتە منداڵی و گەنجی و کامڵی (پیاوەتی) و پیرێتی، کەواتە شارستانیەتیش بە هەمان شێوە لەدایك دەبێت[1].

شپنگلەر لە بارەی لەدایك بوونی شارستانیەتەوە دەڵێت: ((شارستانیەت لەو چرکە ساتەدا لەدایك دەبێت کە رۆحێکی گەورە تیایدا بە خەبەر دێت، لەو بارە رۆحییە سەرەتاییە منداڵێتیە هەتاهەتاییەی مرۆڤایەتی جیا دەبێتەوە، وەك چۆن وێنە جیا دەبێتەوە لە شتێك وێنەی نەبێت، هەروەك سنورداریێتی و لەناوچوون هەڵدەقوڵێن لە بێ سنوری و مانەوە. لە خاك و ژینگەیەکدا گەشە دەکات دەکرێت بە تەواوەتی دیاری بکرێت، بەردەوام پەیوەندی پێوەی دەبێت، هەروەك پەیوەندی چەکەرە بەو زەوییەوە کە تیایدا گەشە دەکات...))[2].

بەم پێیە لە دایك بوونی شارستانیەت کردەیەکی رۆحییە، یان پەیوەندیەکی قوڵی هەیە بە ئاگاهاتنەوەی رۆحێکی گەورە، کە لە خودی ئەو شارستانیەتە و تاك و کۆمەڵگە مرۆییەکانی ناو ئەو شارستانیەتە هەڵدەقوڵێن، هەربۆیە بێژەی (لفظ) لەدایك بوون کە شپنگلەر بەکاری هێناوە، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە شارستانیەت خاسیەتێکی خودی (ذاتی) و ناوەکی (باطنی) هەیە و جیانییە لەو کۆمەڵگایەی تیایدا دێتە بوون و شتێکی خوازراو نییە. جگە لەوە شارستانیەت

[1] شبنغلر: س. پ، ب1، ل218.
[2] ه. س. ل217.



پەیوەندیەکی بەهێزیشی هەیە بەو خاك و زەویەی تیایدا لە دایك دەبێت و دێتە بوون، بەشێوەیەك ناتوانرێت لێی دابڕێت، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە یەکێك لە لایەنە پێکهێنەرەکانی شارستانیەت بوونی زەوی یان خاکێکە.

شارستانیەت کاتێك لەدایك دەبێت، لە ناو خۆیدا وێنەی بوونی خۆی هەڵگرتووە، بەڵام چەندین هێزی دەرەکی تێکەڵ بووە ناگونجێن لەگەڵ هێنانەدی ئەو وێنەیەدا، یان ئەو هێزانە رێگرەبن لەبەردەم هێنانەدی ئەو وێنە رەسەن و خودییەی شارستانیەت، بۆیە پێویستە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو وێنەیە و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی، ئەو تێکەڵییە رێکبخات و ئەو رێگرانەش لاببات لە رێگایدا[1].

هەموو شارستانیەتێکی نوێ بە هۆی تێڕوانینێکی نوێ بۆ جیهان بە ئاگادێت، واتە لە ئەنجامی نیگایەکی کتوپڕ لە مردن بە ئاگادێت، رۆحی فاوستی بە هۆی ئەو ئایینەوە لەدایك بوو، کە لە ئەوروپادا بیروبۆچونی کۆتایی جیهانی بڵاوکردەوە، بە هەمان شێوە مرۆڤی سەرەتایی بە هۆی سەرسامی زۆری لە مردن، ترسێکی زۆری لێ نیشتووە و هەموو هێز و توانای خۆی دەربڕیوە بۆ بەرگری کردن لە خۆی، ئەم بەرگرییە زیندوو و کارایە (الفعال) خۆی شاردۆتەوە لە قوڵایی بوونی نائاگاییدا[2].

لەم گوتانەی شپنگلەر ئەوە دەخوێنرێتەوە ئاین رۆڵی هەبووە لە بە ئاگاهێنانەوەی رۆحیی لە شارستانیەتەکاندا، چونکە گوتاری ئاین سەبارەت بە مردن ترسی بۆ مرۆڤ دروستکردووە بەرامبەر بە چارەنووسی خۆی، بەردەوام لە هەوڵی بیرکردنەوە و رزگارکردنی چارەنووسی خۆیدا بووە، ئەمەش هانی داوە بۆ ئەوەی کۆششی نەبڕاوە بکات لە پێناو چارەنووسیدا، سەرئەنجام ئاین پشکدار بووە لە ئاراستە کردنی مرۆڤدا بۆ دروستکردنی شارستانیەت.

ئەگەر چی شپنگلەر شارستانیەت دەچوێنێ بە هەبوویەکی زیندوو لە رووی گەشەکردن و پێگەیشتن و پیربوون و لە ناوچوونییەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت

[1] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل102-103.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل312.

لێکۆڵینەوەی شپنگلەر لە شارستانیەت، لێکۆڵینەوەیەکی دورە لە خوێندنەوەی شارستانیەت وەك دیاردەیەکی رۆحی پەیوەست بە ژینگە سروشتییەکەیەوە، چونکە شارستانیەت لای شپنگلەر بووژانەوەیەکی رۆحی کۆمەڵێك خەڵکە، کە تێگەیشتنێکیان هەیە بۆ بوون، ئەمەش بەیەکیانەوە دەبەستێت، هەر ئەم تێگەیشتنەشە رەنگ دەداتەوە لە چالاکییە جۆربەجۆرەکانیاندا، لە بوارەکانی ئاین و فەلسەفە و سیاسەت و ئابووری و جەنگ و...هتد، بەدەر لەوەش تێگەیشتنی ئەو کۆمەڵە بۆ ئەو شوێنەی تیایدا دەژین و چالاکییەکانیانی تیا ئەنجام دەدەن بواری گوزارشت کردنە لە ئەو بوژانەوە رۆحییە[1].

بە لەدایك بوونی شارستانیەتی نوێ پشێوی و ئاڵۆزی نامێنێت، کە پێشتر هەبووە، ملکەچی بۆ سیستەم و یاسا دروست دەبێت، بەمەش ئافراندن و داهێنان دروست دەبێت، ئەم داهێنانە زیندووەش بەردەوام دەبێت لە شارستانیەتدا، تا شارستانیەت لە خولی منداڵییەوە بەرە و گەنجێتی و پاشان پیربوون دەچێت[2]. لێرەوە کاتێك شارستانیەت دروست دەبێت، دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی ئاڵۆزی و پشێوی لەناو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا و چیتر کۆمەڵگە لە پەرتەوازەیی و ناجێگیری رۆحییدا نامێنێت، بەڵکو باری رۆحی کۆمەڵگەکان بەرە و بڵندی و باڵابوون دەچێت و کۆمەڵگەکان یاخود کۆمەڵگە لە چەند یەکەیەکی پەرتەوازەی بێ ناونیشانەوە، دەبنە یەکەیەکی رۆحی خاوەن داهێنان، رەنگ دانەوەی دەبێت لەسەرجەم بوارە جۆربەجۆرەکانی وەك فەلسەفە و ئاین و زانست و هونەر و...هتد، کە هەموویان گوزارشت دەکەن لە رۆحی ناوەکی ئەو شارستانیەتە و مۆرکی ئەو شارستانیەتەیان پێوەیە.

ئەگەر چی شپنگلەر پێیوایە شارستانیەت بە هۆی بە ئاگاهاتنی رۆحێکی گەورەوە لەدایك دەبێت، بەڵام هەندێك هۆکاری دەرەکیش رۆڵیان دەبێت لە کارتێکردن و بەئاگاهێنانەوە و رەخساندنی بارودۆخ بۆ لەدایك بوونی

[1] الشرقاوي: س. پ، ل198.
[2] هـ. س، ل201.



شارستانیەت، ئەو توانا زۆرە بە پیت و دەوڵەمەند و شاراوانەی هەن کارا دەبن و هێزی داهێنان کاری دەردەکەوێت و ئەو پەرتەوازەیی و شێواوییەی هەیە کۆدەبێتەوە، لەسەرجەم بوارەکانی وەك زمان و ئاین و زانست و هونەر و...هتد دا، دەردەکەوێت[1].

**بەم جۆرە شارستانیەت لە سێ باردا دروست دەبێت، کە بریتییە لە:**

**یەکەم:** وروژاندن و چالاککردنی تواناکانی کۆمەڵێك کە بە بارودۆخێکی وەستاو و ناچالاکدا تێدەپەڕێت، بە ئاژاوە و شڵەژاوی دەورە دراوە، بەهۆی ئەو کارتێکردنەوە رۆحێکی پڕ لە توانا و پیت سەر هەڵدەدات و شارستانیەتێکی خاوەن بەرهەم و داهێنەر دێتەبوون، توانا و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو رەوشی ئاڵۆزی و ئاژاوەیەدا کە هەیە دەسەپێنێت و ئەو رێگر و کۆسپانەی لە بەردەمیدان تێکیان دەشکێنێت[2]. لەم بارەدا هەموو ئەو پێکهێنەر و بنەمایانەی پێویستن بۆ دروست بوونی شارستانیەت بوونیان هەیە، بەهەمان شێوە رەگەزە سەرەکیەکانیش بۆ دروست بوونی شارستانیەت هەن، واتە ئەو شارستانیەتە کاتێك دروست دەبێت بە هۆی شتانێکەوە دروست نابێت کە لە دەرەوەی شارستانیەتەکەوە هاتبن، بەڵکو ئەو هۆکارە دەرەکییە تەنها رۆڵی بە ئاگاهێنانەوە دەبینێت، چونکە شپنگلەر باوەڕی بە کاریگەری و کار لەیەکتریکردن نییە لە نێوان شارستانیەتەکاندا[3].

**دووەم:** پێکهاتنی درۆزنانەی شارستانیەت: دروست بوونی شارستانیەت لەم بارەدا لە کتێکدا دەبێت، دوو شارستانیەت بەیەك دەگەن، یەکێکیان زۆر بەهێزە، بەڵام ئەوی تریان خاوەنی داهێنانی گەورە و قووڵ و رەسەنایەتییە، شارستانیەتە بەهێزەکە بە هێز خۆی دەسەپێنێت بەسەر

[1] صبحي: س. پ، ل255.
[2] حسين: س. پ، ل27.
[3] مجتهدی، کریم: فلسفه تاریخ، چاپ دوم، مجتمع فرهنگی سروش، تهران، 1385، ل166.

ئەوی تریاندا، شارستانیەتە دۆڕاوەکە ناچار دەبێت بەڕووکەش خۆی لەگەڵ شارستانیەتە سەرکەوتووەکەدا بگونجێنێت، چونکە ناتوانێت بە شێوەیەك گەشە بکات گوزارشت بێت لە سروشتی تایبەتی خۆی[1]، ئەم شارستانیەتە لە جێگەی ئەوەی گەشە بەخۆی بدات بە هۆی ئەو توانا خودییانەی هەیەتی، تەنها رق و کینە تیایدا گەشە دەکات دژی ئەو هێزە بێگانەیە[2]، کەواتە ئەگەر چی بەشێوەیەکی رووکەش وادەبینرێت ئەو شارستانیەتە رازی بووە بە وەرگرتنی ئەو شارستانیەتە بێگانەیە، بەڵام ئەو شارستانیەتەی وەرنەگرتووە و پێشی رازی نییە، زیاتر لەوەش هەوڵی خۆ رزگارکردن دەدات لێی.

ئەگەر کەسێك سەیری رووکەشی ئەو شارستانیەتە بکات وا دەبینێت شارستانیەتە دۆڕاوەکە بەتەواوی ونبووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو شارستانیەتە ون نەبووە، بەڵکو لە ژێر توێژاڵی دەرەکی ئەو شارستانیەتەدایە کە خۆی بەسەردا سەپاندووە[3]، بۆ پشتگیری ئەم بۆچونە، شپنگلەر نمونە بە دوو شارستانیەت دەهێنێتەوە، یەکێکیان شارستانیەتی عەرەبییە(*)، شارستانیەتی عەرەبی لە ژینگەیەکدا گەشەی کردووە رابردوویەکی کۆن و قوڵی هەیە کە ژینگەی شارستانیەتی بابلی کۆنە، بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ شانۆی زۆرێك لە لەشکرکێشییەکانی فارسی بووە، کاتێك ساڵی (300)ی زاینی هات، لەم ناوچەیە بە ئاگاهاتنەوەیەکی گەورە لەناو گەلانی تازە پێگەیشتووی دانیشتوانی ناوچەکانی نێوان سینا و شاخەکانی ئێران کە بە زمانی ئارامی دەدوێن دروست بوو، لەوکاتەوە پەیوەندیەکی نوێ لە نێوان خوا و مرۆڤدا دروست بوو، هەستێکی

1 صبحی: س. پ، ل255.
2 بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل144.
3 صبحی: س. پ، ل 255.
(*) لەڕاستیدا دروست ئەوەیە بگوترێت شارستانیەتی ئیسلامی، نەك عەرەبی، بەڵام لەبەر ئەوەی شپنگلەر خۆی بەوجۆرە ناوی بردووە، ئیمەش وامان داناوە.



گەردوونی نوێ سەرجەم ئەو ناوچەیەی گرتەوە، بووە پاڵنەرێك بۆ داهێنان و نوێ بوونەوە[1]، بەم جۆرە شارستانیەتێك لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوو، تایبەتمەندی خۆی هەبوو، بەڵام لە دوای ئەوەی (ئەسکەندەری گەورە) شارستانیەتی هیلینی سەپاند بەسەر ناوچەکانی میسر و باشوری ئاسیادا، بۆ ماوەی نزیکەی هەزار ساڵ سەرجەم بوارەکانی چالاکی هزری و رۆشنبیری ئەم ناوچەیە مۆرکێکی هیلینی وەرگرت، بەڵام شارستانیەتی هیلینی وەك توێژاڵێکی خەڵەتێنەر ناوەڕۆکی راستەقینەی شارستانیەتە رەسەنەکەی شاردبۆوە، لە بەرامبەر ئەم رەوشەدا کاردانەوەی رۆژهەڵاتی دژ بە شارستانیەتی هیلینی دروست بوو، نەك تەنها لە رووی جەنگی و رامیارییەوە، بەڵکو لە لایەنی رۆشنبیری و ئایینیشەوە، کاتێك دەوڵەتی رۆمانی ئاینی مەسیحی پەسەند کرد، ئەم شارستانیەتە ئایینزا گەلێکی تری هەڵبژارد بە پێچەوانەی ئایینزای رۆمانەکانەوە، وەك ئایینزای (یەعقوبی) و (نەستوری)، پاشان ئەم شارستانیەتە بە دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام بە خێرایی ئەو ئایینەی وەرگرت و وەڵامی دایەوە، هەژموونی (هیمنة) شارستانیەتی رۆمانی پاشەکشەی کرد[2]، رۆحی خۆی لە ئاینی ئیسلامدا بینیەوە، ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوانی ئەو هەلە بوو بۆ رزگار بوونی لەو شارستانیەتەی خۆی بە سەردا سەپاندووە، پاشان لە رواڵەتەکانی ئەو شارستانیەتەش رزگاری بوو، رواڵەتی راستەقینەی رەسەنی خۆی وەرگرت[3]. بەو جۆرە پێکهاتنی درۆزنانەی شارستانیەت نەما، شارستانیەتێکی راستەقینە و رەسەن دروست بوو، کاتێك توانی رۆحی ونبووی خۆی بدۆزێتەوە و بەخەبەربێت لەو خەوەی لە ژێر پەردەی شارستانیەتی بێگانەدا لێ کەوتبوو.

1 بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل144-145.
2 صبحی: س پ، ل256.
3 حسین: س. پ، ل28.

**سێیەم:** بارێکی تری لەدایك بوونی شارستانیەت، کە ناگاتە ئەنجام و پێش ئەوەی گەشە بکات و پێبگات دەخنکێنرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە شارستانیەتێکی زۆر بەهێز و قوڵ و بەپیت و داهێنەر، دەگات بە شارستانیەتێك کە لە بێشکەدایە و پێنەگەیشتووە، لەم کاتەدا شارستانیەتە ساوا کە دەخنکێت، وەك شارستانیەتی مەکسیکی و هیندییە سورەکانی ئەمریکا، شارستانیەتی رۆژئاوایی لە ناوی بردن[1].

[1] صبحی: س پ، ل256.

## تەوەرەی دووەم: هێماکانی شارستانیەت

یەکێك لەو بنەمایانەی شپنگلەر گرنگی پێداوە لە لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنی شارستانیەتەکاندا هێمایە (الرمز). هێماکان بەتایبەتی هێما کەڵچەرییەکان بەکارهێنراون بۆ گوزارشت کردن لە حەقیقەتە هەتاهەتاییەکان، ئەو هێمایانە وەرچەرخانی زۆریان بە سەردا هاتووە، بە بارێکی پەرەسەندنی هۆشیارانەدا تێپەڕبوون، بەوەش بوون بە وێنەی کۆپەسەندی لای کۆمەڵگە شارستانیەکان، جگە لەوە ئەم هێمایانە بەشێکی زۆری ناسروشتێتی رەسەنەکەی خۆیان پاراستووە[1]. بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان هێما کەڵچەریەکان و لایەنە شاراوەکانی شارستانیەتدا هەیە، دەتوانین لە رێگای ئەو هێمایانەوە لە نهێنیەکانی ئەو شارستانیەتە تێبگەین کە بە هێما گوزارشتی لە رۆحی ئەو شارستانیەتە کردووە، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان ئەو هێمایانە شتێکی لە خۆوە و بێ مەبەست دروست نەبوون، بەڵکو جۆرێك لە هۆشیاری و مەبەست بەشداربووە لە دەربڕین و دانانی ئەو هێمایانەدا.

لە بارەی هێماوە شپنگلەر دەڵێت: ((هێما سەرنجێکە لەسەرنجەکانی بوونی حەقیقی، لای خەڵکی خاوەن هەست و هۆشیاری شتێك دەگەیێنێت (بەڵگەیە لەسەر شتێك)، ناکرێت وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەقڵ، بەڵکو رێ پیشاندەرێکە راستەوخۆ لەسەر دڵنیایی ناوەکی وەستاوە))[2]، لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو هێمایانەی خەڵکانی سەر بە شارستانیەتێکی دیاری کراو بە شێوەیەك لە شێوەکانی هونەر یان بە هەرجۆرێك دەری دەبڕن دەتوانرێت شتێکی لێبخوێنرێتەوە یان بەڵگەیە بۆ شتێك، ناشکرێت بە زمانی عەقڵ مامەڵەی لە گەڵدابکرێت بەڵکو شتێکی ناوەکییە.

---

[1] یۆنگ، کارڵ گۆستاف: مرۆڤ و هێماکانی، و: ئاوات ئەحمەد، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2005، ل137.

[2] وەرگیراوە لە بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل152.



بەڵام گرفتی راڤە نەکرانی هێما دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناکرێت هێما راڤە بکرێت، چونکە ئەگەر راڤە بکرێت دەبێت بە هێما راڤە بکرێت، جگە لەوە هێما تەنها دەتوانرێت هەندێکی پەی پێببرێت (درك) نەك هەمووی، ئەویش لە رێگەی ویژدانی راستەوخۆوە، ئەمەش تەنها لای ئەو کەسانە هەیە هێماکانیان یەك سەرچاوەیان هەیە، چەندەش زیاتر بەشدار بن لە وەرگرتن لەو سەرچاوەیەوە، ئەوەندە زیاتر توانایان دەبێت لەو هێمایانە بگەن و راڤەی بکەن[1].

تێگەیشتنی هێماکان پەیوەندی بە نزیکی لەسەرچاوەکانیانەوە هەیە، چونکە شتێکی ناوەکییە و بە هۆی ویژدانەوە مرۆڤ دەتوانێت هەندێك لە هێماکان شی بکاتەوە و لێیان تێبگات، مەبەستیش لە ویژدان نزیکیە لەو رۆحەوە کە سەرچاوەی ئەو هێمایەیە، یان ئەو کەسە بە پێی بەشداری لە دروستکردنی ئەو هێمایە و نزیکی لەو کەڵچەرەوە کە هێماکەی دروستکردووە دەتوانێت لەو هێمایانە تێبگات، پشتگیری ئەم بۆچونەش بە یەکێك لە بیرەکانی شپنگلەر دەکەین، ئەو پێیوایە هیچ کەسێکی سەر بە شارستانیەتێکی دیاری کراو ناتوانێت لە شارستانیەتێکی تر تێبگات[2]، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی رۆحی شارستانیەتەکان.

لەدایك بوونی شارستانیەتێك لە شارستانیەتەکان بە پێی ئەو تێڕوانینەیەتی هەیەتی بۆ قوڵی (العمق)، بەپێی جیاوازی ئەو تێڕوانینەش شارستانیەتەکان جیاواز دەبن، کەواتە هەر شارستانیەتێك جۆرێك تێڕوانینی هەیە بۆ قوڵی، ئەو هێما یەکەمییەش دەبێتە مۆرکی هەموو دیاردەکانی شارستانیەتەکە و رەنگدەداتەوە تیایدا، بۆیە لە پێکهاتەی دەوڵەت و ئەفسانە و بیروباوەڕە ئاینیەکان و، نمونە باڵاکانی رەوشتی و شێوەکانی وێنەکێشان و مۆسیقا و شیعر و ...هتد دا رەنگ دەداتەوە[3]. بەو جۆرەی شپنگلەر باس لە پەیوەندی نێوان

---

[1] هـ س، ل153.

[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل309.

[3] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل156-157.

تێڕوانینی شارستانیەت بۆ قوڵی و هێمای یەکەمیی شارستانیەت دەکات، هەر شارستانیەتێك هێمای یەکەمیی خۆی هەیە و جیاوازە لە هێمای یەکەمی شارستانیەتەکانی تر، ئەمەش نهێنی جیاوازی نێوان شارستانیەتەکانە، چونکە ئەو هێما یەکەمییە دەبێتە مۆرکی ئەو شارستانیەتە و لەسەرجەم بوارە جیاوازەکانی شارستانیەتدا رەنگ دەداتەوە.

پاشان شپنگلەر باس لەوە دەکات هەر شارستانیەتێك هێمای تایبەتی خۆی هەیە، بۆ وێنە هێمای یەکەمیی شارستانیەتی میسری رێگایە، کارامەیی قوڵی داهێنەرانەی ئەم رۆحە سەبارەت بە جیهان هەر لە کرۆکی ئەو ئاراستەیەوە وەرگیراوە، رۆحی میسری هەستی بە خودی خۆی کردووە کاتێك لە گەشتێکدا بەرێ کەوتووە لەسەر رێگای ژیانێکی بەرتەسکی ئەندازە بۆ کێشراو ناتوانێت لێی لابدات، چونکە رۆژێك دێت لە بەردەم دادگایەکدا دەوەستێنرێت، بۆیە ئەو گەشتەی ئەم شارستانیەتە بە یەك رێگادایە و لێی لانادات، هەموو دیاردەکانی شارستانیەتی میسریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هێما یەکەمییەی شارستانیەتی میسری[1]، جگە لەوەش شەقامی هەرەمەکان و پەیکەرەکانیان و پەرستگا بەردین و پلەپلەکانیان، ئەمانە هەموو ئەو تاك رەهەندییە قوڵ دەکەنەوە کە مرۆڤی میسری دەیناسێت ئەویش گۆڕە. ئەو تەرزە میسرییەی هەبووە تەرزێکی ئەندازیاری تەلارسازی ئەبستراکت بووە، ئەم تەرزە بەو جۆرە مایەوە تا دوایین هەناسەی رۆحی میسری، بۆیە بەهیچ شێوەیەك نەزەخرەفە و دیکۆری تیا بەدی دەکرێت، نەرێگاش دەدات بە هونەری رابواردن و مۆسیقای دنیایی[2].

هێمای یەکەمیی شارستانیەتی میسری وەك ئەوەی شپنگلەر ئاماژەی پێدەکات رێگایە، بەڵام ئەم رێگایە بریتییە لەرێگایەکی دیاری کراوی نەخشە بۆ کێشراو، مرۆڤی سەر بە ئەم شارستانیەتە تەنها یەك ئاراستەی هەیە و چاویشی لەیەك ئاراستەیە، وا هەست دەکات بەستراوە بە چارەنووسییەوە و ئەوە

---

[1] ه. س. ل165-166.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل370.



چارەنووسییەتی، دەتوانین بڵێین شێوەیەك لە وەستاوی و بێجوڵەیی وەرگرتووە و لادان لێی ئەستەمە، هەر ئەم هێمایەش لە بوارەکانی هونەر و تەلارسازی میسریدا رەنگی داوەتەوە، جگە لەوەش شێوەی تەلارسازییەکەشی دەق گرتوو و نەگۆڕ و ئەبستراکتە.

هێمای یەکەمیی شارستانیەتی میسری و چینی لە یەکدەچن، چونکە هەردووکیان ئاراستەیەکیان هەیە بۆ قوڵی، بەڵام هێمای یەکەمیی میسری جیاوازە لە هی چینی، چونکە میسری شوێن رێگایەکی دیاری کراو و نەخشە بۆ کێشراو دەکەوێت و تا کۆتایی لادانی نییە، بەڵام چینی دەگەڕێت بەدوای ئەو گەردوونەی تیایدا دەژی بە بێ ئەوەی بە رێگایەکی دیاری کراودا بگوزەرێت، هەر بۆیە دەبینین پەرستگای چینی پەرستگایەکی دابڕاو نییە (المنعزل) بەڵکو جۆرێکە لە تەلار گوڵ و دار و ئاو تیایدا یاری دەکات[1].

سەبارەت بە هێمای یەکەمیی شارستانیەتی یۆنانی، کە شپنگلەر بە شارستانیەتی ئەپۆلۆنی ناوی دەبات، بە ناوی ئەپۆلۆنی خواوەندی رۆشنایی و گەنج و مۆسیقا و بەخشەری گوناه و پاك بوونەوە ناوی ناوە، پەیکەرەکەی بەرجەستە دەبێت لە پیاوێکی گەنجی تەواودا (کمال)[2]، شپنگلەر پێی وایە شارستانیەتی ئەپۆلۆنی قەبارەیەکی دابڕاوی ئێستایی هەستپێکراوی کردۆتە نمونەی باڵا کە بریتییە لە هێمای یەکەمیی ئەو شارستانیەتە، ئەو پەیکەرەش جگە لەوەی پەیکەرێکی دابڕاوە، پەیکەرێکی رووتە و گوزارشت لە رۆحی ئەپۆلۆنی دەکات[3]، مەبەست لە ئێستا (الحاضر) ئەوەیە ئەو شارستانیەتە بە هێماکانی گوزارشتی لە ئێستای شارستنیەتەکەی خۆی کردووە، نەك ئاوڕدانەوە لە رابردوو یان سەیرکردنی داهاتوو.

---

[1] بدوي: اشپنجلر، س. پ، ل167.
[2] بتري، آ: مدخل الى تاريخ الاغريق و ادبهم و آثارهم، ت: يوئيل يوسف عزيز، ط2، دار الكتب للطباعة والنشر(جامعة الموصل)، موصل، 1977، ص 88-89.
[3] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل335.

بەهەمان شێوە تێڕوانینی شارستانیەتی ئەپۆلۆنی بۆ گەردوونیش بەو جۆرەیە، گەردوون بەتەواوەتی داخراوە بە هۆی گومەزی (قبة) ئاسمانی ماددییەوە، هەروەها بە هۆی پێکەوە گونجان و لە شوێنخۆیی (تناسب) تێکڕای شتە نزیك و دیارەکانەوە ڕێکخراوە، بریتییە لە هەمەکییەکی (کل) دابڕاوی داخراوی ماددی بەرجەستە، هیچ شتێك لە پشتییەوە نییە[1]، بەم جۆرە ئەو هێمای یەکەمییە لە تێڕوانینی ئەپۆلۆنیدا بەرامبەر بە گەردوونیش رەنگی داوەتەوە، چونکە تێڕوانینی ئەپۆلۆنی بۆ گەردوون تێڕوانینێکی ماددی سنورداری داخراوە، ئەوەی ئەم رۆحە دەرکی پێدەکات تەنها ئەو شتانەن بەرهەست و بەرجەستەن و لە پشت ئەوانەوە هیچی تر نابینێت و وێنا (تصور) ناکات.

جگە لەوە ئەم بارە لە رووی رامیاریشەوە رۆحی ئەپۆلۆنی گوزارشتی لێکردووە، پێکهاتووە لە کۆمەڵە دەوڵەتە شارێکی دابڕاو لە یەکتری[2]، ئەمەش دەربڕی ئەو سنورداری و دابڕاویەیە کە وەك هێمای یەکەمی شارستانیەتی ئەپۆلۆنی دەردەکەوێت.

دژی رۆحی ئەپۆلۆنیش رۆحی فاوستییە (ڕۆژئاوایی)، بە پێچەوانەی شارستانیەتی ئەپۆلۆنی بۆشایی و (فراغ) بێسنوری وەك هێمای یەکەمی خۆی هەڵبژردووە[3]، ئەم بۆچونەش تەواو پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ هەندێك لە فەیلەسوف و مێژوونووسان، کە شارستانیەتی رۆژئاوایی بە کوڕی یان لەدایك بووی شارستانیەتی یۆنانی گریکیی دادەنێن، بۆ نمونە تۆینبی بە باوك و کوڕ ناوی ئەو دوو شارستانیەتە دەبات[4].

بە تێڕوانینی شپنگلەر ئەم دوو شارستانیەتە، نەك تەنها هێمای یەکەمییان جیاوازە، بەڵکو جیاوازییەکەیان تا ئاستێکە دژی یەکترن، بۆ نمونە لە کاتێکدا

[1] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل157.

[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل336.

[3] ه. س، ل335.

[4] توينبي، ارنولد.ج: بحث في التاريخ، (موجز مجلدات ستة الاولى بقلم د. س. سمرفل)، ت: طه باقر، مطبعة التفيض الاهلية، بغداد، 1955، ج1، ل17.



داهێنانەکانی رۆحی ئەپۆلۆنی خۆی لە جیهانی وەستاو و بێ جوڵەییدا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئاینزاکانی خوای شاخ و ئۆڵەمپدا، هەروەها لەڕووی رامیارییەوە خۆی لە دەوڵەتە شارە دابڕاوەکاندا دەبینێتەوە، بەڵام داهێنانەکانی رۆحی فاوستی خۆی لە دینامیکیەتەکانی (گالیلۆ) و دۆگماتیزمی کاتۆلیکی و پڕۆتستانتی و دبلۆماسییەتی بنەماڵەی پادشایی (بارۆکی)دا دەبینێتەوە[1].

رۆحی فاوستی بە پێچەوانەی رۆحی ئەپۆلۆنییەوە، لەڕووی رامیاریشەوە بە ئاراستەی رامیارییەکی جیهانیی کاری کردووە، هەوڵی پێکەوە گرێدان و پەیوەندی لە گەڵ سەرجەم گەلانی جیهاندا ئەنجام داوە، لەڕێگای داگیرگەکانەوە (مستعمرات) ئەوەی پیشانداوە، جگە لەوە پەیوەندی لەنێوان داگیرگەکاندا دروستکردووە و ئیمپراتۆریەتێکی لێ پێکهێناون و بەستونیەتەوە بە دەوڵەتە رەسەنەکەوە (داگیرکەرەکەوە)، بەدەر لەمانەش گەشتە دەرخەرەکان (رحلات استكشافية) کە رۆژئاواییەکان ئەنجامیان داوە گوزارشت دەکەن لە خواستی بێکۆتایی و بێ سنوری روانین بۆ دوری[2].

بەڵام سەبارەت بە شارستانیەتی ئیسلامی کە شپنگلەر بە شارستانیەتی سیحری ناوی دەبات، تاك تیایدا هەست بە بوونی رۆحی خۆی دەکات، بەڵام بەڕەچاوکردنی ئەوەی رۆحێکە لەناو رۆحێکی گەورەتردا، رۆحی تاکی موسڵمان لەم شارستانیەتەدا لەو شتانەی بەرجەستەن تێ دەپەڕێت بۆ ئەو شتانەی ئەبستراکت و نابەرجەستەن، لەبەر ئەوەی خواکەشی دورە لەبەرجەستە بوون بۆیە هونەرەکەشی دورە لە بەرجەستەبوون بۆیە هونەرەکەشی مۆرکێکی ئەبستراکتی هەیە بریتیە لە چەند هێڵێکی دارِنراو لە وێنە و بەرجەستەبوون[3].

شپنگلەر هێمای یەکەمیی شارستانیەتی سیحری (ئیسلامی) بە ئەشکەوت دادەنێت، واتە هێمای یەکەمیی شارستانیەتی سیحری ئەشکەوتە، بەڵام ئەم

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل336.

[2] بدوی: اشپنجلر، س.پ، ل160.

[3] الصبحی: س. پ، ل249.

ئەشکەوتە جۆرێك لە بلاَوی و بۆشایی (فراغ) تیایدا بەرجەستەیە[1]، مەبەستی لەوەیە لەگەڵ ئەوەدا هێمای شارستانیەتی سیحری ئەشکەوتە بەڵام گوزارشت نییە لە داخران و سنورداری وەك تێڕوانینی ئەپۆلۆنی بۆ گەردوون، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی رۆحێکی دوور و دابڕاوە، بەڵام دەتوانێت بە هۆی هەندێك شتەوە بێتە گوتن و پەیڤین، بە هۆی جەبرەکەی (ماتماتیك) و زانستە گەردوونیەکانی و نەخشەکانییەوە، جگە لەمانەش بەهۆی سیستەمی خیلافەکەیەوە دەتوانێت خۆی نمایش بکات و گوزارشت لە خۆی بکات[2].

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە بۆچونەکانی شپنگلەر سەبارەت بە هێمای یەکەمیی شارستانیەتەکان، ئەوەیە هەریەك لە شارستانیەتەکان هێمای یەکەمیی تایبەتی خۆیان هەیە، گوزارشت لە رۆحی ئەو شارستانیەتە دەکات، لەسەرجەم بوارەکانی ئەو شارستانیەتەدا هەست پێدەکرێت و رەنگ دەداتەوە، بۆیە دەبینین لە بوارەکانی هونەر و فەلسەفە و زانست و ئاین...هتددا رەنگ دەداتەوە، چونکە ئەم لایەنە پێکهێنەرانەی شارستانیەت لە هەموو شارستانیەتەکاندا جیاوازییان هەیە، بەدەر لەوەش ئەو هێمایانە گوزارشت دەکەن لە رۆحی ئەو شارستانیەتانە، لە رێگای ئەو هێمایانەوە شارستانیەتەکان بەشێوەیەکی هێمایی ناڕاستەوخۆ کرۆك و رۆحی شارستانیەتەکەیان دەردەبڕن، کە سەرجەم تاکەکانی ئەو شارستانیەتە بەشێوەیەکی نائاگاییانە (لاشعوري) لەسەری رێککەوتوون.

---

[1] اشبنغلر: س. پ، ب2، ل333.

[2] هـ. س. ل336.

## تەوەرەی سێیەم: وەرزەکانی شارستانیەت

جگە لەوەی شپنگلەر شارستانیەت دەچوێنێ بە هەبوویەکی زیندوو، شارستانیەت دابەش دەکات بەسەر چوار وەرزدا[1]، هەروەك چۆن وەرزەکانی ساڵ پێك دێت لە چوار وەرز کە بریتین لە بەهار و هاوین و پایز و زستان، هەریەك لەو وەرزانەش تایبەتمەندی خۆی هەیە، بە هەمان شێوەش شارستانیەت پێك دێت لە چوار وەرز یان بە هەمان چوار وەرزدا تێدەپەڕێت.

سەرەتای هەموو شارستانیەتێك بەوەرزی بەهار دەست پێدەکات، شپنگلەر پێی وایە لەم وەرزەدا داهێنانی زۆر گەورە ئەنجام دەدرێت لەلایەن ئەو رۆحە بە ئاگاهاتووە نوێیەوە و کۆمەڵێك خەونی زۆری لە خۆگرتووە، جگەلەوە لە سەرەتای ئەم وەرزەدا ئەفسانەی زۆر گەورە لە دایك دەبن، گوزارشت دەکەن لە هەستێکی نوێ بەرامبەر بە خوا و ترس لە جیهان، بەهاری شارستانیەتی هیندی لە (1500 پ ز) دەست پێدەکات بۆ (1200 پ ز)، ئاینی ڤیدا و ئەفسانەی ئارییەکان لەو ماوەیەدا هەبووە[2].

بەڵام بەهاری شارستانیەتی کلاسیکی (ئەپۆلۆنی) لە (1100 پ ز) بۆ (800پ ز)، دەکاتە سەردەمی (هۆمیرۆس) و ئەفسانەکانی گریکی، لە شارستانیەتی عەرەبیشدا لە (0 - 300ز) کە سەرەتای مەسیحیەتە، بەهاری شارستانیەتی رۆژئاواییش (فاوستی) (900-1200ز)، کە سەردەمی کاتۆلیکی ئەڵمانییە. هەر لە بەهاری شارستانیەتدا سۆفیزمی سەرەتایی میتافیزکی و تێڕوانینی نوێ بۆ جیهان و لوتکەی فەلسەفەی لاهوتی دەرکەوت، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەشە سەرەتاییەکانی ڤیدا لە شارستانیەتی هیندی ، (هسیود) لە شارستانیەتی (ئەپۆلۆنیدا) ، (مانی) و (ئاڤێستا) و...هتد لە شارستانیەتی

---

[1] النشار، مصطفى: فلاسفة ایقظو العالم، ط3، دار القباء للطباعة و النشر و التوزیع، القاهرة، 1998، ل346.

[2] اشبنغلر: س. پ، ب2، (الوحة الاولى).



ئیسلامی، (تۆمای ئەکوینی) و (دۆنس سکوت) و...هتد لە شارستانیەتی فاوستیدا[1]. لە بۆچونەکانی شپنگلەرەوە سەبارەت بە بەهاری شارستانیەت ئەوە دەردەکەوێت، لە بەهاری شارستانیەتدا شارستانیەت لەدایك دەبێت و سەرەتای گەشەکردنیەتی، بەو دیاردە و شێوازانەی تیایدا دەردەکەوێت، دەیهەوێت گوزارشت لە خۆی بکات و تایبەتمەندی خۆی وەربگرێت.

بەنزیك بوونەوەی شارستانیەت وردە وردە لە هاوینی خۆی، رووکارەکەی دەردەکەوێت و ئەو زمانەی کە بە هۆیەوە گوزارشت لە خۆی دەکات جێگیر دەبێت، دەبێتە خاوەنی مۆرکی تایبەتی خۆی، هەموو دیمەنێك لە دیمەنە هەڵبژاردەکانی بە وردی دەردەکەون، شاراوەیی و روونی تیابەدی دەکرێت، هەروەك چۆن بە روونی لە شوێنەواری هونەری ئەو ماوەیەدا دەردەکەوێت کە شارستانیەتەکە تیایدا گەشەی کردووە، هەروەك لە کاتدرائی (ئایاسۆفیا) لە شارستانیەتی عەرەبیدا، لە تابلۆی (تنسیانۆ) لە شارستانیەتی ئەپۆلۆنیدا دەردەکەوێت[2]. هەر لە هاویندا وەستانەوەی میللی بەرامبەر بە شێوازە جۆربەجۆرە گەورەکانی بەهاری شارستانیەت بەدی دەکرێت، جگە لەوە هەر لە هاوینی شارستانیەتدا فۆرمێکی فەلسەفی ئەبستراکت وەك هەستکردن بەرامبەر بە جیهان و بەرهەڵستکردنی رێبازە میسالی و راستەقینەکان (الحقیقي) دروستبوو، ئەم دۆخەش لە شارستانیەتی ئەپۆلۆنیدا خۆی دەبینێتەوە لە فەیلەسوفانی پێش سوکرات، لە شارستانیەتی فاوستیشدا لە (گالیلۆ) و (دیکارت) و (برۆنۆ بۆهمی) و (لایبنز)دا خۆی دەبینێتەوە[3].

پاشان لە وەرزی پایزدا سەرچاوە رۆشنبیرییە رۆحییەکان بەرە و پێگەیشتن دەچن، سەرەتای پیری و ماندووبوونی شارستانیەت دەست پێدەکات[4]، لێرەدا

---

[1] هـ. س.ل.

[2] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل105.

[3] اشبنغلر: س. پ، ب2، (الوحة الاولى).

[4] صبحي: س. پ، ل250.

مەبەست لەوەیە سەرچاوە رۆشنبیری و رۆحییەکانی شارستانیەت لەم قۆناغەدا کامڵ دەبن، ئەوەی پێیانە لە توانای داهێنان و بەرهەم هێنان، بەشێوەیەکی پیگەیشتوو پێشکەشی دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەی ماندوو بوون و پیریێتی پێیانەوە دیارە و ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە دوا قۆناغی بەرهەمهێنان و داهێنانە لەو شارستانیەتەدا.

هەر لە وەرزی پایزدا بزاڤی رۆشنگەری دروست دەبێت، باوەڕبوون بە عەقڵ دەچێتە پێش هەموو شتێکە و عەقڵ پیرۆز رادەگیرێت، ئایینی عەقڵانی دێتە کایەوە، ئەم دۆخە هاوکاتە لەگەڵ هاتنی (بوزا) لە شارستانیەتی هیندیدا، سەردەمی (سۆفیستەکان) و (سوکرات) و (دیموکریتس) لە شارستانیەتی ئەپۆلۆنیدا، سەردەمی (معتزیلة) و (کیندی) لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، سەردەمی عەقڵانییە ئینگلیزەکانی وەك (لۆك) و ئینسکلۆپیدییە فەرەنسییەکانی وەك (ڤۆڵتێر) و (رۆسۆ) لە شارستانیەتی رۆژئاواییدا[1].

سەرئەنجام شارستانیەت دەگاتە دوا وەرزی خۆی کە وەرزی زستانە، لەم وەرزەدا تێڕوانینی ماددیی بۆ جیهان و زاڵبوونی زانست و، بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی دەبێتە مۆرکی شارستانیەت[2]، هەر بە دەست پێکردنی زستانی شارستانیەت هونەر مۆرکی ئاڵۆزی و نهێنی لە خۆی دەگرێت، فەلسەفەش مۆرکی گومان و نازانمی((اللاادرية)) وەردەگرێت[3]، گەیشتنی شارستانیەت بەم وەرزە ئەوە دەگەیێنێت شارستانیەت گەیشتۆتە لوتکە، چیتر شتێکی نەماوە پێشکەشی بکات و هەرچی هەبوو لە توانا و لێهاتوویی و داهێنان بەکاری بردووە[4].

لەسەرەتای وەرزی زستاندا ئاراستەی هزری و فەلسەفی سەرەتاکەی لە شارستانیەتی هیندیدا سەردەمی (سنیخا) و (تشارفاکا)یە، لە شارستانیەتی

1 اشبنغلر: س. پ، ب2، (الوحة الاولى).
2 هـ. س. ل.
3 صبحى: س. پ، ل250.
4 بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل105.



ئەپۆلۆنیشدا سەردەمی (کەلەبیەکان) و کۆتا سۆفیستەکانە، لەسەردەمی شارستانیەتی ئیسلامیشدا سەردەمی (اخوان الصفا)یە، لە شارستانیەتی رۆژئاواییشدا سەردەمی (داروین) و (سبنسر) و...هتد[1].

پاش ئەوەی شارستانیەت چووە وەرزی زستانەوە کە کۆتا وەرزی شارستانیەتە، ئیتر شارستانیەت بەرەو پیری دەڕوات، لە شارستانیەتەوە دەگۆڕێت بۆ مەدەنیەت، ئەو پرشنگ و رووناکییەی پێشتر هەیبوو دەکوژێتەوە، ئەگەرچی دەی هەوێت کاریگەری مەزن دروست بکات بەڵام ناتوانێت[2]، کەواتە کاتێك شارستانیەت چووە ناو وەرزی زستانەوە وردە وردە زیندوویێتی خۆی لە دەست دەدات و توشی وەستان دەبێت و لە کارایی دەوەستێت، ئەگەرچی زۆر جار دەی هەوێت بچێتەوە دۆخەکەی جارانی و بەرهەم و داهێنانی هەبێت، بەڵام ناتوانێت ئەو کارە بکات، چونکە هەروەك ناتوانرێت وەرزێك لە وەرزەکانی ساڵ بگەڕێنرێتەوە بەهەمان شێوەش ناتوارێت هیچ کام لەوەرزەکانی شارستانیەت بگەڕێنرێتەوە، چونکە وەرز گوزارشتە لە کات (زمان) لە تایبەت مەندییەکانی کاتیش ئەوەیە ناگەڕێتەوە: ((گرنگترین تایبەتمەندی کات ئەستەمی گەڕانەوەیەتی))[3]، کەواتە بەم پێیە بێت بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت شارستانیەت لە وەرزی زستان رزگار بکرێت و بگەڕێنرێتەوە بۆ سەرەتا و بەهاری شارستانیەت، شپنگلەر پێیوایە مەدەنیەت چارەنووسی هەربوونێتی (حتمی) شارستانیەتە[4]، واتە گۆڕانی شارستانیەت بە مەدەنیەت شتێکی بڕاوەیە و هەرچەندە مرۆڤەکان هەوڵی نەبڕاوە بدەن ناتوانن شارستانیەت لەو بارە رزگار بکەن و ئەوە چارەنووسی شارستانیەتە.

گۆڕانی شارستانیەت بۆ مەدەنیەت کە لە وەرزی زستانی شارستانیەتدا روو دەدات، گۆڕانی بزاوتن و جوڵەیە بە نەبزاوتن و بێ جوڵەیی یان وەك هاتنی مردنە

1 اشبنغلر: س. پ، ب2، (الوحة الاولى).
2 بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل105.
3 هـ. س. ل81.
4 اشبنغلر: س. پ، ب1، ل87.

بەدوای ژیاندا[1]، بەم جۆرە شپنگلەر پێیوایە گۆڕانی شارستانیەت بە مەدەنیـەت، هیچ نییە جگە لە مردن و کۆتایی شارستانیەت نەبێت.

لـە دابەشـکردنی تەمــەنی شارسـتانیەتدا بـەپێی وەرزەکـان لەبۆچـوونی شپنگلەردا ئەوە دەردەکەوێت، هەموو شارستانیەتەکان وەك یەکەیـەکی جیـا بـە چوار وەرزدا تێدەپەڕن، هیچ کام لە شارستانیەتەکان بەدەرنین لەوەی بەو وەرزانەدا تێبپەڕن، جگە لـەوەش شـتێکی هــەربوونێتی و بڕاوەیـە و چارەنووسـی هــەموو شارستانیەتەکان بەو جۆرەیە.

گرنگی ئەم شـێوازی دابەشـکردنە لەوەدایـە، شـپنگلەر بـە جیـا بـاس لـە وەرزەکانی هەریەك لە شارستانیەتەکان دەکات، هەریەکەیان تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیە، ئەگەرچی لە هەریەك لە وەرزەکاندا کۆمەڵێك تایبەتمەندی گشتی هەیە بـۆ هــەموو شارســتانیەتەکان دروسـتە، بـەڵام شــپنگلەر نایــەت دابەشــکردنێکی دیاریکراو بکات بۆ شارستانیەتی رۆژئاوایی و بیکاتە پێوەر بۆ شارستانیەتەکانی تر، وەك ئەوەی هەنـدێك لـە مێژوونووسـان و بیریـارانی رۆژئـاوایی کردیـان بـۆ مێژووی رۆژئاوا و دابەشیان کرد بەسـەر (کـۆن، ناوەڕاسـت، نـوێ)، پاشـان ئـەو دابەشکردنەیان کرد بە پێوەر بۆ مێژووی هەموو جیهان[2].

[1] هـ. س. ل.
[2] دەڕوانرێتە تەوەرەی سێیەم لە بەشی دووەم.

## تەوەرەی چوارەم: مەدەنیەت و شارستانیەت

هەردوو زاراوەی شارستانیەت (الحضارة) و مەدەنیەت (المدنیة) دوو زاراوەی کێشە ئامێزن، پێناسە و پەسنی جیاوازیان بۆ کراوە، خودی دوو زاراوەکە لە سەرجەم زمانەکاندا کێشە هەیە لە سنورداركردنیان و پێناسەکردنیاندا، تەنانەت لە زمانە رۆژئاواییەکانیشدا ئەم گرفتە بەئاشکرایی دەردەکەوێت[1]، بەڵام لەزمانی کوردیدا گرفتەکە لەمەش زیاترە، چونکە ناتوانین تەنها لەڕووی زمانەوانیشەوە ئەم کێشەیە یەکلایی بکەینەوە، چونکە زۆربەی ئەوانەی لەم بارەیەوە نووسینیان هەیە (الحضارة)یان بە شارستانیەت یان شارستانێتی کردۆتە کوردی و (المدنیة)شیان بەهەمان شێوە کردۆتەکوردی، بەڵام هەندێکی تر کە زۆرکەمن (الحضارة)یان بە ژیار کردۆتەکوردی و (مدنیة)ش بەشارستانیەت، ئەوەی تێبینی دەکرێت فەرهەنگە کوردییەکان ئەم جیاوازییەیان نەکردووە مەگەر زۆربە دەگمەن، بەتایبەت دوو بەناوبانگترین فەرهەنگی کوردی (فەرهەنگی خاڵ)ی (شێخ محەمەدی خاڵ) و (هەمبانە بۆرینە)ی (هەژار)، هەردوو وشەی ژیار و شارستانیەتیان بەجۆرێکی نزیکی ئەوتۆ لەیەك داناوە، کە ناتوانرێت بۆ دوو وشەی جیاوازی وەك (الحضارة، المدنیة) بەکاربرێن[2]. بۆیە لێرەدا وامان بەباشزانی وشەی شارستانیەت بەرامبەر(الحضارة)دابنێین، (المدنیة)ش هەروەك خۆی واتە بەمەدەنیەت بەکاری بهێنین، چونکە لە ئاڵۆزی دورمان دەخاتەوە.

هەروەك گوترا پێناسەی جیاواز و تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ هەردوو چەمکەکە، هەندێك وا پێناسەی شارستانیەت دەکەن کە زۆر گشتگیرە و بەو یەکەیەی دادەنێن سەرجەم چالاکییە جیاوەزەکانی مرۆڤی تیا جێگە دەبێتەوە و

[1] الحفنی: المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفیة، ل301.

[2] خاڵ، شێخ محەمەد: فەرهەنگی خاڵ، چ2، بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2005، ل286" هەژار، عبدالرحمان شرفكندی: هەنبانە بۆرینە(فرهنگ کردی- فارسی)، چ5، سروش، تهران، 1385، ل463.



لە خۆیان دەگرێت، هەر لە بیروبۆچون و یاسا و خو و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و سەرجەم بەشەکانی مەعریفە و زانست و تەکنەلۆژیا و ئاین و هەموو دەسکەوتەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەو یەکەیەدا دەگرێتەوە. بەڵام مەدەنیەت تەنها دەسکەوت و داهێنراوە مادییەکان دەگرێتەوە کە مرۆڤ بەدەستی هێناون بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی و رێکخستنی ژیانی رۆژانەی[1]، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی شارستانیەتێکدا، یان ئەگەر فراوانتر وەری بگرین هەموو دەسکەوتە مادییەکانی مرۆیی.

لای بیگۆڤیج بەجۆرێکی تر دەردەکەوێت ئەو لەجیاتی شارستانیەت و مەدەنییەت، شارستانیەت و رۆشنبیری بەرامبەر بە یەك دادەنێت، ئەو پێی وایە هەرچی شارستانیەتە لایەنی ماددی و ئاڵ و گۆڕی نێوان مرۆڤ و سروشتە، بەڵام هەرچی رۆشنبیرییە بەدەروازەیەکی ئاسمانی دەستپێ دەکات کە ئاین و هونەر و رەوشت و فەلسەفە دەگرێتەوە، بەم جۆرە رۆشنبیری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاسمانە، لە چوارچێوەی جەختکردنەوە یان رەتکردنەوە یان گومان یان تێڕامان لە یادگاریەکانی ئەو ینەرەتە ئاسمانیەیە بۆ مرۆڤ[2]. لەم پۆلێن کردنەی بیگۆڤیجەوە دەردەکەوێت هەرچی شتەزیدووەکانی ژیانی مرۆییە وەك ئاین و هونەر و رەوشت و فەلسەفە و...هتد، لایەنی رۆشنبیرییە بەم پێیەش رۆشنبیری لە شارستانیەتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەڵام هەرچی شارستانیەتە لای بیکۆفیچ تەنها لایەنی ماددی دەگرێتەوە، بەمەش ئەم لایەنە لە هەموو شارستانییەتەکاندا وەك یەکە و جیاوازی نییە، چونکە بێلایەنە و پەیوەندی بە پێویستییەکانی ژیانی مرۆییەوەهەیە.

[1] عومەر، یاسین: فەلسەفە- ئازادی کۆمەڵگەی مەدەنی، ج1، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی، 2006، ل117؛ موسی، امین: ثقافة الحضارة،ط1 مطبعة كلیة الشریعة، کردستان، 1999، ل10 و دواتر.

[2] بیجوفیتش، علی عزت: الآسلام بین الشرق و الغرب، ت: محمد یوسف عدس ، ط1، کویت، 1994، ل94.

لەڕاستیدا بۆچونی زۆر و جۆراوجۆر هەیە لەسەر ئەم دوو چەمکە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا بیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە خودی ئەو دوو چەمکە نییە بەمانا فراوانەکەی و خستنەڕووی بۆچونە جیاوازەکانیش نییە، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا لەسەری بووەستین تێڕوانینی شپنگلەرە بۆ هەردوو چەمکی شارستانیەت و مەدەنیەت کە تا ئاستێکی زۆر جیاوازە لە زۆربەی تێڕوانینەکان بۆئەم دوو چەمکە. شپنگلەر خۆشی ئاماژە بەوەدەکات ئەم دوو وشەیە پێشتر بە جۆرێکی ئەوتۆ بەکارهێنراون کە گوزارشت بوون لە جیاکردنەوەیەکی ناڕوون و نادیاری کراو[1].

شپنگلەر ئەم دوو وشەیە بۆ گوزارشتکردن لە تێگەیشتنێکی خولییانە (الدوری) بەکاردەهێنێت، وەك بەدوایەکداهاتنێکی ڕێکخستنی زەروری. بەم جۆرە ((مەدەنیەت بریتییە لە چارەنووسێکی هەربوونێتی شارستاییەت))، ئەم پرەنسیپەش دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی قوڵ ترین کێشە و مەترسیدارترین کێشەی مۆرفۆلۆجیای مێژوویی، کە بریتییە لەوەی ((مەدەنیەتەکان بریتین لە تەنکترین بارودۆخی رووپۆشێتی و، دورترینیانن لە سروشتی ڕەسەنێتییەوە، دەشچنە چوارچێوەی توانایەکی پلەبەندی دیاریکرا و لە پلەکانی مرۆیی))[2].

لێرەدا تێبینی ئەوەدەکەین ئەم دوو وشەیە (مەدەنیەت و شارستانیەت) دوو وشەی تەواو سەربەخۆ و جیاوازنین لە یەکتری، ئەگەر چی جیاوازن لە پەسن و دیاردەکانیاندا، بەڵام تەواو لێك دابڕاو نین، بەڵکو بەشێوەیەکی خولین و تەواوکەری یەك خولن، بە شێوەیەکی ڕێخستنی و زەروری مەدەنیەت بەدوای شارستانیەتدا دێت، بەم پێیە مەدەنیەت هیچ نییە جگەلە داهاتووی شارستانیەت و قۆناغەکانی کۆتایی شارستانیەتە بەناچاری دەبێت بگاتە ئەو قۆناغە. شپنگلەر پێی وایە بەم جۆرە خوێندنەوە تایبەتەی ئەو دەیکات بۆ ئەو دوو چەمکە گەورەترین و مەترسیدارترین کێشەی پێکهاتەی دەرەکی

[1] اشبنغلر: س.پ، ل87.
[2] ه.س، ل.



((مۆرفۆلۆجیا))ی مێژوویی چارەسەر دەکات، بەوەی پێمان دەڵێت مەدەنیەت بریتییە لە رووکەش ترین و تەنکترین بارودۆخ، ئەگەر روونتر بڵێین لە مەدەنیەتدا قوڵییەکان نامێنن و شتەکان بەرەو رووکەشێتی دەچن. ((مەدەنیەتەکان بریتین لە دەرئەنجامی شتێك کەدەبێت و، شتێك بەجێ دەهێڵێت لە دۆخی خۆگۆڕکێدا ((الصیرورة)) بریتییەلە مردن کە بەدوای ژیاندا دێت، رەقێتی کە بەدوای نەرموونیانیدا دێت))[1]، لەم تێڕوانینەی شپنگلەرەوە ئەوە دەردەکەوێت مەدەنیەت رووی نێگەتیڤی شارستانیەتە و شارستانیەت بۆ خۆی رووی پۆزەتیڤە، چونکە لێرەدا مەدەنیەت کۆتایی شارستانیەتە و لەئەنجامی گۆڕانی زیندووی شارستانیەتەوە دروست بووە، بریتییە لە رووە مردوو و پاشماوەکەی شارستانیەت دوای ئەوەی هەرچی زیندوێتی و نەرمونیانی لە شارستانیەتدا هەبووە تکاوە، ئیتر مەدەنیەتی لێدروست بووە.

مەدەنیەتەکان کۆتاییەك پێك دەهێنن نە ویست و (ارادة) نە عەقڵ ناتوانن ڕێگە لە بەدی هێنانی بگرن، شارستانیەتەکان یەك لەدوای یەك پێی دەگەن و پاڵپێوەنەرێکی زەروری و ناوەکییان هەیە[2]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گەیشتن بە قۆناغی مەدەنیەت شتێکی خۆویستی نییە، بەڵکو شتێکی هەربوونێتیە و ئەگەر شارستانیەت بوونی هەبێت دەبێت بگاتە قۆناغی مەدەنیەت بەبێ ئەوەی ویستی مرۆی و عەقڵی بتوانن ببنە ڕێگرلێی، هەموو شارستانیەتەکان کاتێك لەدایك دەبن لە ناو خۆیاندا مەدەنیەتیان هەڵگرتوە و هیچ شارستانیەتێکیش لەمەبە بەندەر نییە.

لەکاتی گواستنەوەی شارستانیەت و چونی بەرەو مەدەنیەت شاری گەورەی جیهانی مەزن دروست دەبن و گەشەدەکەن، شپنگلەربەجۆرێك باسی لە دروست بوونی ئەم شارە مەزنانە کردووە هیچ کەس بەو جۆرە باسی نەکردووە، ئەو وای وێناکردووە ئەم شارە (شاری مەزنی جیهانی) جوانی شارستانیەت و ئەو درەوشانەوە کێشکەر و سەرنج راکێشەی هەی بوو لەگەل خۆیدا بردووێتی،

[1] اشبنغلر: س. پ، ل87.
[2] ه.س، ل.

مەبەست لێی بردنیەتی بەرەو مەدەنیەت، شپنگلەر خۆی بەم جۆرە ئەوەمان بۆ وینا دەکات: ((لە کۆتاییدا، هیمایەکی فرە مەزن دەستی پێکرد، هێمای زهنێکی تەواو رزگاربوو، شاری جیهانێتی، کە جێگەی ئەو سەنتەرەیە تیایدا مێژووی جیهانی کۆتای دێت و لاپەرەکەی دادەخرێت))[1].

هەروەك چۆن ئاماژەماندا بەوەی مەدەنیەت لەدایك بووی شارستانییەتە، شارستانیەت مەدەنیەتی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، بەهەمان شێوە کرۆکی شارستانیەت کە لادێیە یان شاری لادێییانەیە، لەناو خۆیدا کرۆکی مەدەنیەتی هەڵگرتووە کە شاری مەزنە. ئەمە لە قۆناغی سەرەتادا بەم شێوەیە، بەڵام لە قۆناغەکانی کۆتایدا جەنگ لە نێوان شارو لادێدا بەرپادەبێت، سەرەنجام شاری مەزنی جیهانی لادێ لاواز دەکات و قوتی دەدات و لەناو خۆیدا دەیتوێنێتەوە و مەدەنیەت لەدایك دەبێت، کە هەڵوێستێکی مردوانە دەنوێنێت و ریشەیەکی گەردوونی نییە، پەیوەندییەکی بەهێزی بە بەردبوون و عەقڵانیەتەوە دەبێت، زمانی زیندوێتی و خۆگێڕکێ دەبێتە زمانی وەستان و کۆتایی، ئاڵوگۆڕ دروست دەبێت، بەڵام دەستەوسان دەوەستێت لەبەردەم گەشەکردندا، ئیتر لێرەدا چارەنووس رۆڵی نابێت بەڵکو هۆکارێتی، ئاراستەی زیندوێتی نامێنێت بەڵکو تەنینەوە جێگەی ئاراستەی زیندوو دەگرێتەوە[2].

لە کۆتایی خولەکەدا کە مەدەنیەت سەردەکەوێت بەسەر شارستانیەتدا کە دیووە مرد و بە بەردبووەکەی شارستانیەتە بێڕیشەیە و، زیندوێتی و خۆگۆڕکێی و گەشەکردن تیایدا دەوەستێت، ئەمانەش خاسیەتی شارستانیەتن، لە جێگەی گەشەکردن، گۆڕان دروست دەبێت، مەبەستیش لەم دەستەواژەیە ئەوەیە لەبری ئەوەی شتەکان بە شێوەیەکی زیندوو گەشە بکەن تەنها رووکەشی ئاڵوگۆڕ و شێوەی شتەکان دەمێنێتەوە، چارەنووسیش کە بزوێنەری شارستانیەت و مێژووە و زیندوێتی و رۆحی بوون دەگەیەنێت و لە شارستانیەتدا رۆڵ دەبینێت، دەبێتە

[1] وەرگیراوە لە بویس: س. پ، ل50- 51.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب2، ل145.



هۆکارێتی کە لۆژیکی سروشتە نەك مێژوو، کار لە مردوو دەکات نەك زیندوو، بەم پێیەش مەدەنیەت قۆناغی مردوو و بە بەردبووی شارستانییەتە.

**شپنگلەر سێ قۆناغ جیادەکاتەوە مەدەنیەت پیایدا تێدەپەڕێت ناویان دەنێت بە قۆناغەکانی گەشەکردنی فۆرمی ناوەکی مەدەنیەت،** قۆناغی یەکەم قۆناغی رزگاربوونیەتی لە شارستانیەت، قۆناغی دووەم دروستبوونی فۆرمی رەسەنی مەدەنیەتە، قۆناغی سێیەمیش کە دواقۆناغی مەدەنیەتە، ئەویش قۆناغی وشك هەڵاتن و رەقبوونە[1].

لەبارەی جیاوازی دیاردەکانی شارستانیەت و مەدەنیەتەوە شپنگلەر پێی وایە دیاردەکانی شارستانیەت کەلە شێوەیەکی سادەدا ئاماژەی پێدەکات بریتین لە جومبازی و زۆران بازی و پێشبڕکێ، لەکاتێکدا وەرزش دیاردەیەکە لە دیاردەکانی مەدەنیەت، وای لێدێت خودی هونەر دەبێتە وەرزش، لێرەشەوەیە پرەنسیپی: هونەر لە پێناوی هونەردا گەشەدەکات. جا هیچ جیاوازییەکی نییە ئەو لێهاتووییە هونەرییە بریتی بێت لە زۆرێك ئاوازی نەزۆك لەکۆمەڵە ئامێرێکی جیاوازەوە دەربچێت، یان بریتی بێت لە چاوبەستێکی نامۆ لە تێکەڵکردنی رەنگەکان[2]. لێرەشدا بەهەمان شێوە شپنگلەر دەیهەوێت جەخت بکاتەوە لەسەر رووی پۆزەتیڤی شارستانیەت و رووی نێگەتیڤی مەدەنیەت، ئەو لای وایە ئەو دیاردانە کە داونیەتە پاڵ شارستانیەت دیاردە گەلێکن ئەگەرچی لە شێوەیەکی سادەدان، بەڵام گوزارشتن لەڕەندی و جوامێری، لەکاتێکدا دیاردەی وەرزش بەلاوزی پیشان دەدات کە دیاردەی مەنیەتە، لە شوێنێکی تردا شپنگلەر هەر سەبارەت بە وەرزش باس لەوە دەکات ئەو جیاوازییەی لەسەر یاریگای تۆپی پێ دروست دەبێت کۆتایی شارستانیەت دەگەیەنێت[3]، مەبەست لێی مەدەنییەتە، جگەلەوە هونەریش وەك خۆی نامێنێت، واتە ئەو زیندوێتییەی هونەری

[1] هـ.س، ب2، ل148.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل94.
[3] هـ. س. ل91.

شارستانیەتی پێ دەناسرایەوە، ئیستا لە مەدەنیەتدا تەنها لە پێناوی هونەر دایە نەك بەرهەم هێنانی شتی زیندوو و جوان، شپنگلەر ئەمە بەڕاشکاوانە تر دەڵێت کاتێك باس لە مەدەنیەتی رۆمانی دەکات کە بە قۆناغی مەدەنیەتی شارستانیەتی یۆنانی دادەنێت، دەڵێت: رۆمانییەکان دامالڕاون لە هونەر[1].

شارستانیەت ئاراستەی بەرەو ناوەوەیە و کرۆکییە، هەوڵی بەدەست هێنانی خود و گەشتنییەتی بە تەواوێتی، بەڵام مەدەنیەت تەنها رووکەشە مۆرفۆلۆجییە ((پێکهاتەی فۆرمی دەرەکی)) و هەرگیز ناتوانێت لە رووکەشەوە بەرەو کرۆك و جەوهەر بگۆڕێت، ئەو کرۆکەی هەیەتی هەربەو شێوەیەی هەیەتی بەردەوام دەبێت[2]. شارستانیەت بەهێزی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە لایەنگیری بۆ ئەو بەهایانە هەیە کە جیای دەکاتەوە، بە پێچەوانەی قۆناغی دوایی شارستانیەت کەمەدەنیەتە دوای ئەوەی ئەو بەهایانە لەدەست دەدات ئیتر ژیانێکی چەق بەستوو بەسەر دەبات[3].

لە خولی مەدەنیەتدا رۆحی شاری جیهانی هەرچی هێزە بەپیتە داهێنەرەکانیەتی لەدەستیان دەدات، بۆیە دەست دەکات بەگەڕان بەدوای شتانێکدا تا کیانی بپارێزێت و بوونی بهێڵێتەوە، لە کاتێکدا لە خولی شارستانیەتدا ئاراستەی سەلماندنی خودی خۆی بووە بەرامبەر بەو گەردوونەی خۆی تیابینیبۆوە، هەوڵی دەست بەسەرا گرتنی ئەو گەردونەی دەدا بە شێوەیەیەکی رێکخراو، جگەلەوەی لە خودی شارستانیەتدا ژیان لە خۆی ئاشکرا دەکات و ئەو هێزە داهێنەرانەی هەیەتی نمایشیان دەکات[4]. لەم تێڕوانینەوە بۆ شارستانیەت و مەدەنیەت ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، تایبەت مەندی دیاری شارستانیەت گیانی داهێنانە و لە خولی شارستانیەتدا بەردەوام شتی نوێ

1 هـ. س، ل88.
2 هـ. س، ب2، ل148-149.
3 نف: س. پ، ل272.
4 بدوي: اشپنجلر، س. پ، ل204.



بەرهەم دێت لە هەموو بوارە جیاجیاکانی هونەر و ئەدەب و ...هتددا، بەدەر لەوەش لە خولی شارستانیەتدا ئاراستە بەرەو ناوەوە و خودە کە رۆحی شارستانیەت دەیهەوێت خودی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام لە خولی مەدەنیەتدا داهێنان و بەرهەم هێنانی شتی نوێ تەواو نامێنێت و هەموو هێزی خۆی بەکار دەهێنێت لە پێناو مانەوەیدا. بۆیە هیچ داهێنانێکی گەورە لە خولی مەدەنیەتدا بەدی ناکرێت نە لەبواری ئایین‌دا و نە لەبواری هونەر و نە لەبواری سیاسەتدا، لەگەڵ ئەوەشدا قسەکردنی زۆر و خەرجکردنی زۆری کات و سامانیش بەکار دەهێنرێت لە هونەر و ئاین و سیاسەتدا، ئیتر ژیانی ئارەزوومەندی زهنی و بازرگانی باڵا دەست دەبێت، چیتر ململانێش وەك خولی شارستانیەت لەسەر هزرەکان (الافکار) نابێت، بەڵکو بە تەواوەتی لەسەر دەسەڵات دەبێت[1].

بیریارانی خولی مەدەنیەت بە سوکایەتیەوە سەیری میتافیزیك و لێکۆڵینەوەی تیۆری ئەبستراکت دەکەن، هزرە میتافیزییەکانیش بنەرەتی هزری ئەخلاقین، وەك ئەوەی کە لەلای بیریارانی خولی شارستانییەت هەبووە[2]، بەم جۆرە مەدەنیەت جۆرێك مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت کە لە رووی هزرییەوە زۆر بەهێزن، بەڵام هیچ هەستێکی میتا فیزیکییان نییە، هەر لێرەشەوە لێکدژی و جیاوازی نیوان مەدەنیەت و شارستانییەت دەردەکەوێت، کە لە شارستانییەتدا رۆح دەست باڵایە و لە مەدەنیەتیشدا هزر[3].

دیاردەیەکی تر لە مەدەنیەتدا دەبێت، لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو خولەوە دەردەکەوێت و دەدرێتە پاڵ پیاوی دانیشتووی مەزنە شارەکان، ئەویش بریتییە لە بێباوەڕی ((الالحاد))، شپنگلەر پێی وایە هەر شارستانیەتێك کاتێك دەچێتە باری مەدەنیەتەوە بێباوەڕی تایبەت بە خۆی دەبێت، بەم جۆرە بێباوەڕی یۆنانی هەیە و بێباوەڕی رۆژئاوایی هەیە و بێباوەڕی عەرەبیش هەیە، هەریەك

1 بویس: س. پ، ل56.
2 بدوی: اشپنجلر، س. پ،205.
3 اشبنغلر: س. پ، پ1، ل88.

لەم بێباوەڕییانەش لە ناوەڕۆك و مانادا لەوی تریان جیاوازە، ئەرستۆ لە شارستانیەتی یۆنانیدا بە بێباوەڕ دادەنرێت: هەروەك هەواداری رەواقیێتی هەواداری بێباوەڕییە، شوپنهاوەر و ئیشتراکییەتیش لە شارستانیەتی رۆژئاواییدا بێباوەڕن[1]. دانیشتوانی شاری مەزنی جیهانی کە بەرجەستەی خولی مەدەنیەت دەکەن ((دانیشتوانێکی مندالێتی گەرا و بێ نەریتن، رۆچوون لە واقعێتیدا، بێ ئایین، زۆر زیرەکن، نەزۆرکن))[2]، یەکێك لە نیشانەکانی خولی مەدەنیەت و دانیشتوزانی شاری مەزنی جیهانی بریتییە لە بێ ئایینی، لەمەشدا تەواو پێچەوانەی شارستانیەتە، چونکە رۆحی شارستانیەت لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا تەواو رۆحێکی ئاینییە[3]. بۆ تەواوی ئەو پەسنانەی تر کە شپنگلەر پەسنی خولی مەدەنیەتی پێدەکات پێچەوانەکەیان بۆ شارستانیەتیش دروستە، لێرەدا دیسان تێڕوانینی نێگەتیڤ بۆ مەدەنیەت دەردەکەوێت، کە پێچەوانەکەی شارستانییەتە و پۆزەتیڤ دەنوێنێت.

هەر لە خولی مەدەنیەتدا دۆخێك دروست دەبێت شپنگلەر ناوی دەبات بە دۆخی ((ئایینداری دووەم))[4]، بریتییە لە گەڕانەوەی ئەو شێوازە گۆڕاوانەی هەستیاری ئاینی کە لە رۆژە پڕشنگدارەکاندا هەبوون، بۆ ئەوەی باشتر لەم بزافە تێبگەین پێویستە باس لەو گەشە کردنە بکەین کەژیانی روحی هەی بووە لەوکاتەدا: هەستی ئایینی لە رۆژە پرشنگدارەکاندا دەگەشێتەوە، لەسەر شێوازی سانایی سەرەتایی و هێزیدا، بەڵام کاتێك کەنیسە تووشی چەقبەستن دەبێت و مانای ئیمانی رەسەن وون دەبێت، چاکسازی هەوڵدەدات بیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمە پرشنگدارەکەی، لەدوای ئەم سەردەمەشەوە سەردەمێك دێت چەق بەستوویی و دەمارگیری کوێرانە بۆ پارێزکاری ((التقوی)) دروست دەبێت ئەمەش

[1] بدوی: اشبنجلر، س.پ، ل223.
[2] اشبنغلر: س.پ، پ1، ل89.
[3] بدوی: اشبنجلر، س. پ، 222.
[4] ه. س. ل224.



دۆخی ئایینداری دووەمە[1]. وادەردەکەوێت دۆخی ئاینداریی دووەم بە هۆی ئەوەوە دروست بێت، یان کاردانەوەی ئەوەبێت ئایین رۆڵێکی زیندووی نەمابێت لە کۆمەڵگەدا بە تایبەت لە شاری مەزنی جیهانیدا، بۆیە ئاراستەیەك دروست دەبێت دەیهەوێت دووبارە ئایین بگەڕێنێتەوە کۆمەڵگە و ئەکتیڤی بکاتەوە.

ئەم دۆخە ئەگەرچی دەناسرێتەوە بە پارێزگاری قوڵ، بەڵام دوور لە داهێنان و تەڕوو پاراوی، هیچ شتێك دا نامەزرێت هیچ بیرۆکە یەك گەشەناکات[2]، خەڵکی هەوڵدەدەن بەزۆر ئاینەکەیان بسەپێنن[3].

شارستانیەتی کلاسیکی ((گریکی)) قۆناغی گواستنەوەی لە شارستانیەتەوە بۆ مەدەنیەت لەسەدەی چواردا بەئەنجام گەیش، بەڵام شارستانییەتی رۆژئاوایی لە سەدەی نۆزدەدا چۆتە ناو خولی مەدەنیەتەوە، لەم دوو مێژووە بەدوواوە لە هەردوو شارستانیەتەکەدا (کە چونە قۆناغی مەدەنیەتەوە)، بڕیارە هزرییە بڕاوەکانی وەك چاکسازی ئاینی لە هەموو جیهاندا نەدەدرا، بەڵکو لە سێ یان چوار شاری جیهاندا ئەو بڕیارانە دەدران[4]. ئەم بۆ چونەی شپنگلەر تەواو بەسەر جیهانی ئەمڕۆدا دەچەسپێت، بە پێی بۆچوونی شپنگلەر ئەم دۆخەی ئێستا دۆخی مەدەنیەتی شارستانیەتی رۆژئاواییە، بڕیارە زۆر گرنگە جیهانی و هزرییەکان لە چەند وڵاتێکی کەمی جیهاندا و لە شاری مەزندا یەکلایی دەکرێنەوە.

بیرۆکەی شۆڕش کاتێك دەردەکەوێت گواستنەوەی شارستانیەت بۆ مەدەنیەت دەنوێنێت، هەروەها سەرکەوتنی شاری مەزنی جیهانی دەنوێنێت[5]، جگەلەوە کۆلۆنیالیزم هێمای جیاکەرەوەی گیاندانی مەدەنیەتە یان خۆی

[1] بویس: س. پ، ل60.
[2] بدوی: اشبنجلر، س. پ، ل224- 225.
[3] بویس: س. پ، ل60.
[4] اشبنغلر: س. پ، پ1، ل89.
[5] اشبنغلر: س. پ، پ1، ل284.

گوزارشتە لە مەدەنییەتی رەسەن، لەم فۆرمە دیاردەییەدا کۆلۆنیـالیزم چانووسـی رۆژئاوای راپێچ کردووە، راپێچکردنێك نەگەڕانەوەی هەیـە و نـە هـەموارکردن[1].
لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین هەردوو چـەمك یـان کـردەی کۆلۆنیـالیزم و شـۆرش سـەربە خـولی مەدەنییـەتن کاتێـك ئـەم دوو چـەمکە زاڵ دەبـین بەسـەر شارستانییوتێکدا ئیتر ئەو شارستانیەتە بەتەواوی چۆتە خولی مەدەنیەتەوە.

[1] هـ. س. ل97.

# بەشي پێنجەم
# رووخانی شارستانیەت

## تەوەرەی یەکەم: بیرۆکەی چارەنووس

چارەنووس لە زمانەوانیدا سەرئەنجامی هەر کارێکە[1]، یان بریتییە لە کۆی ژیانی کەسیی هەبوویەك، ئەو رووداوانەی لە ژیانیدا روودەدەن، لە هێزێکی دەرەکی جیاواز لە ویستی ئەو هەبووەوە دێت[2].

ئەگەرچی بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی چارەنووس، بە پێی قوتابخانە فەلسەفیەکان و جۆری بیرکردنەوە ئاینییەکان دەگۆڕێت، بەلاّم زۆریك لە خوێندنەوەکان بۆ چەمکی چارەنووس خوێندنەوەیەکی جەبرییە، وەك ئەوەی لە مانا زمانەوانییەکەشیدا دەردەکەوێت وا دەگەیەنێت چارەنووس لەدەرەوەی ویست و خواستی مرۆڤە و شتەکان دەسەپێنرێت و مرۆڤ توانای هەڵبژاردنی نییە. ئەگەر سەیری وشەی چارەنووس بکەین لە زمانی کوردیدا لە فۆرمی وشەکەوە ماناکەی دەردەکەوێت: کە نووسرانی شتانێکە لە چارەی کەسێکی دیاری کراو، زیاتر لە بۆتەی سەپاندندا خۆی دەبینێتەوە، جگە لەوەی لەزمانی کوردیدا بەرامبەرەکەی بەبەخت دانراوە، یان بە بەخت لێك دراوەتەوە، وەك لە هەردوو فەرهەنگی (خاڵ) و (هەنبانە بۆرینە)دا هاتووە[3].

یەکێك لەو چەمکانەی شپنگلەر گرنگی پێداوە و بە قوڵی لێی دواوە، چەمکی چارەنووسە، بەڕوونی و بە شێوەیەکی فراوان لە کتێبەکەیدا باس لەم پرسە دەکات بەتایبەتی لە بەرگی یەکەمدا زۆر خستویتیە بەر باس و

1 صليبا: س. پ، ب2، ل385.
2 لالاند: س. پ، ب1، ل264.
3 خاڵ: س. پ، ل130؛ هەژار: س. پ، ل196.



لێکۆڵینەوە[1]. ئەم پرسە زۆر لە پێش شپنگلەرەوە جێگەی باس و خواس بووە، لەکایەکانی ئاین و فەلسەفە و میتۆلۆژیادا، فەیلەسوفانی پێش شپنگلەریش گفتوگۆیان لەسەرکردووە بەلاّم بەشێوازی جیاواز[2].

بۆنموونە بیرۆکەی چارەنووس لای شیلەر و هۆڵدەرلین بۆ روونکردنەوەی بیرۆکەی سڕینەوەی هەستکردنی ویژدانە بە بەدبەختی یان خراپە، بیرۆکەی چارەنووس لای ئەم دوانە کاریگەری مەسیحیەتی بەسەرەوە بووە. هیگڵیش کە هاوڕێی هۆڵدەرلین بووە کاریگەری هۆڵدەرلینی لەسەر بووە سەبارەت بە چارەنووس، هیگڵ لەسەرەتای گەشەکردنی ژیانیدا زۆر خۆی خەریك کردووە بە بیرۆکەی چارەنووسەوە و ویستویەتی گونجاندن بکات لە نێوان بیرۆکەی چارەنووس لای یۆنانییەکان و چارەنووس لە ئاینی مەسیحیدا، ئەو پێیوایە چارەنووس شتێکی دەرەکی نییە وەك یاسا یان سزادان، بەڵکو چارەنووس بریتییە لە خودی بوون، بەڵکو کۆی هەموو بوونە: بریتییە لە هەستکردنی هەبوو بە خودی خۆی بەرەوچاوکردنی ئەوەی کە دژی خۆیەتی، بەلاّم دوژمنایەتییەك دەتوانێت لەکەڵ خۆیدا رێك بکەوێت[3].

چارەنووس لای (زمیل) بریتییە لە زنجیرەیەك رووداوی بابەتی بەدوای یەکدادێت بەپێی یاسای هۆکارێتی، ئەم زنجیرە رووداوە لەگەڵ زنجیرەی ژیانی خودی ناوەکیدا بەیەکدا دەچن و کاریگەری لێکدەکەن یان دەبێتە هۆی رووخان یان دروست کردن[4]. کەواتە لای زیمل چارەنووس مانای سەپاندن ناگەیەنێت، ئەگەرچی دروست بوونی چارەنووس پێویستی بەڕووداوی دەرەکی هەیە زیمل ئەو رووداوە دەرەکیانەش بەڕووداوی لە خۆوە و سە پێنەر دانانێت، بەڵکو ئەو رووداوانەش پابەندی هۆکار و یاسان، ئەم رووداوانە لەگەڵ ژیانی ناوەکی

1 اشبنغلر: س. پ، ،ب1، ل232- 233، 238، 267- 287، دواتر.
2 بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل64- 67.
3 بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل 61دواتر.
4 ه. س، ل73- 74.

خودێكدا یەك دەگرن و بەناو یەكدا دەچن و سەرەنجام چارەنووسێك دروست دەبێت پێدەچێت پۆزەتیڤ و دروستكەر بێت، یان نێگەتیڤ و رووخێنەربێت.

تـاكی یۆنـانی واسـەیری چارەنووسـی كـردووە هێزێكـی باڵایـە بەسـەریەوە لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤە، ئەم چارەنووسە خەم ئامێزە پەیوەندییەكی دەرەكییە لەنێوان تاوان و سزادا، كە سیستمێكی خوایی دەیسەپێنێت[1].

شپنگلەر سەبارەت بە چـارەنووس دەڵێـت: ((لەڕاسـتیدا چـارەنووس رشـتەی راستەقینەیە بۆ دیـاردەی یەكـەمی، بـەجۆرێك بیرۆكـەی خۆگـۆركێی (صیرورة) زیندووی تیا دەردەكەوێت راستەوخۆ لە خودیدا بەرامبەر تێڕوانینێكی ویـژدانی، لەبەر ئەمەیە بیرۆكەی چارەنووس دەستی كێشاوە بەسەر تەواوی وێنەی مێـژووی جیهاندا))[2]. لێرەوە تێبینـی ئـەوە دەكـەین چـارەنووس لـە دیـاردەی یەكەمیـدا بەرجەستە دەبێت: وەك دەردەكەوێت دیاردەی یەكەمی سەرەتا و دەستپێكی هـەر رووداوێكـە، ئەمـەش پێـشاندەری ئەوەیـە چـارەنووس هـەر لەسـەرەتای كـارو رێگاكەدا هاوشـانە لەگـەڵ رووداو یـان كردارەكـەدا، لـەناو خۆیـدا چارەنووسـی هەڵگرتووە، بەشێوەیەك جوڵە و گۆران كە مـەرجن بـۆ بـوون و هاتنـە ئـەنجامی هەركارێك و بەردەوام بوونی ئەوكارە تیایدا دەردەكەوێت. بەڵام ئەمەش بەتـەنها نا بەڵكو پێویستی بە بوونی تێڕوانینێكی ویژدانی هەیە لەبەرامبەریدا.

چارەنووس رێڕەوی ژیان نییە بەڵكو شتێكە مرۆڤ كتوپڕ بەسەریدا دەكـەوێت و دەی دۆزێتەوە، هەربەم پێیە ئەسینا بریسكۆی بەرهـەم هێنـاوە (وێنـە كێـشان لەسەر دیوار)، چارەنووسی نابینا كە هـیچ مانایـەك نابەخـشێت یارمـەتی دەری كەسێتی (دەروونی) كلاسیكی نامێژوویی بووە بۆ دەرخستنی تـەواوی نـاوەرۆكی جیهانی تایبەتی خۆی[3]. لێرەوە دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە چـارەنووس رێبازێـك یـان رێڕەوێكی نەخشە بۆكێشراونییە، لەسەربنەمای هـۆ و هـۆداری وەسـتابێت، بـەڵكو

[1] هـ. س. ل67.

[2] اشبنغلر: س. پ، ،ب1، ل238.

[3] اشبنغلر: س. پ، ، ب1، ل283.



شـتێكە كتـوپڕ دروسـت دەبێـت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا رووداوی گـەورە و شـتی بەرهەمداری لێدەكەوێتەوە، چونكە وەك شپنگلەر ئاماژە دەكات زۆرێـك لـەو شـتە بەرهەم هاتوانەی شارستانیەتەكان بەهۆی چارەنووسەوە بووە، وەك ئەوەی لە پێـشەوە ئاماژەمان بە بۆچونی شپنگلەر كرد سەبارەت بەشارستانیەتی ئەپۆلۆنی (كلاسیك).

ئەوەی بەسەر رووپێوی مێژوودا زاڵە و فەرمانڕەوایی دەكات بریتییە لە شتە چاوەڕوان نەكراوەكان[1]. بەم شێوازەی شپنگلەر باسی دەكات ئەوەی رۆڵ دەبینێـت لە مێژوودا و دروستكەری مێژووە ئەوشتانەن كە چاوەروان كراو نەبوون، ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێت هۆكار و ئامادەباشی مرۆڤەكان رۆڵێكی ئەوتۆ نابینن لە دەست بەسەراگرتنی مێژوودا.

هەربۆیە شپنگلەر بۆ پشتگیری كردنی ئەم بۆ چونەی خۆی بەڵگە دەهێنێتەوە و دەڵێت: هـیچ كـەس چـاوەڕوانی هـاتنی گـەردەلولی ئیـسلامی نـەدەكرد، كاتێـك پێخغەمبەر (**محمد**)(د.خ) رێگـای خـۆی بـەرەو بـوون دەدۆزییـەوە، هـەروەك هـیچ كەسێكیش چاوەروانی ئەوەی نەدەكرد ناپلیۆن و رۆبسبێر بكەون، ئـەوپێی وایـە ئـەم راستییە بەهەمان شێوە بەسەر چارەنووسی هەموو گروپـە ئـاژەڵی و رووەكییـەكان و تەنانەت چارەنووسی زەوی و كۆمەڵە خۆرییەكانیشدا دەچەسپێت[2].

ئەگەرچـی تێڕوانینـی شـپنگلەر بـۆ چـارەنووس جیـاوازە لـەتێڕوانینی یۆنانییەكان بۆ چارەنووس، بەڵام دەبینین تێڕوانینی نێگەتیڤی شپنگلەر لـەبارەی چارەنووسەوە ئەوەندە زاڵ دەبێت تا ئاستێك زۆر نزیـك دەبێتـەوە لـە تێڕوانینـی یۆنانییەكان بۆ چارەنووس[3].

هەموو چەرخێك بەلێشاو توانا و شتگەلێكی زۆر بەكتوپڕی دروست دەبـن و تیایدا بەرجەستە دەبن، كە جێگەی چاوەڕوانی نەبوون. ئـەو رێكەوتـە نوێیانـەی روو دەدەن كاریگـەری لەسـەر ئـەو چـەرخە دادەنـێن لـەڕووی گەشـەكردنییەوە،

[1] هـ. س. ل269.

[2] هـ. س. ل269- 270.

[3] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل75.

شارستانیەتە دیاریکراوەکان، شارستانیەتێك بە هۆی هەستێکی هاوبەشمان بۆ جیهان بەیەکمانەوە دەبەستێت[1] .

شپنگلەر کانێك باس لە ناپلیۆن دەکات دەڵێت: ((ئەوە ناپلیۆن نەبووە ئەو بیرۆکەیەی پێکهێناوە، بەڵکو ئەو بیرۆکەیە ناپلیۆنی پێکهیناوە و دروستی کردووە))[2]، مەبەستی شپنگلەر لەمە ئەوەیە ناپلیۆن خاوەنی بیرۆکەی فراوانخوازی نییە کە بە هۆیەوە زۆربەی ئەوروپای گرت، بەڵکو ئەو بیرۆکەیە ناپلیۆنێکی بەوجۆرەی دروستکرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ناپلیۆن بەویستی خۆی سەرپشك نەبووە لەکردنی ئەوکارانە و جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە بەپێچەوانەوە ئەوبیرۆکەیە ناپلیۆنی بەکارهێناوە.

ناپلیۆن خۆشی باوەڕیی بەچارەنووسی خۆی هەبووە و لەم بارەیەوە گوتویەتی: ((هەست دەکەم من بەرەو کۆتاییەك دەچم کە نایزانم و کاتێکیش دەگەمە ئەو کۆتاییە، هیچ زەرورەتێك بۆ بوونی من نامێنێت لێرەدا، لەو کاتەدا تەنها گەردیلەیەك بەسە بۆ تێکشکانم. بەڵام پێش ئەوەی ئەوکاتە بێت هەموو هێزی رەگەزی مرۆی ناتوانن هیچ کارێکی یەکلاکەرەوە لەدژم ئەنجامبدەن))[3] . لەم دەقەوە کە گوتەی خودی ناپلیۆنە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە باوەڕێکی قوڵ لای ناپلیۆن هەبووە بەرامبەر بە چارەنووس، بەجۆرێك رۆڵی خۆی وەك پاڵەوانێك دەشارێتەوە و بوونی خۆی دەبەستێتەوە بەچارەنووسێکەوە، پێش ئەو چارەنووسە کەس ناتوانێت رۆڵی ئەو سنوردار بکات، ئەم بۆچونەی ناپلیۆن لەگەڵ بۆچونەکەی شپنگلەردا سەبارەت بە چارەنووس هاوڕێکە.

ئەوەی شپنگلەر جیادەکاتەوە لە فەیلەسوفان و مێژوو نووسانی تر، زۆرێك لە فەیلەسوفان و مێژوونووسان باسیان لە رۆڵی هۆکارێتی ((علیة)) کردووە کە رۆڵی گەورە دەبینێت لە مێژوودا و هەموو رووداوەکان دەگەڕێننەوە بۆ هۆیەك لە

[1] هـ. س، ل323.

[2] هـ. س، ل 287.

[3] اشبنغلر: س. پ، ، ب1، ل277.



بەجۆرێك وای لێدەکەن گەورە ببێت یان بچووك، پێگەیشتوو بێت یان خەم ئامێز، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بە خود نایەتەدی[1] . بەم پێیە رۆڵی خود لە دروستکردنی رووداوەکاندا زۆر لاواز دەبێت و چارەنووس و قەدەر باڵادەست دەبن بەسەر ماوە مێژووییەکاندا و زۆرجار ئەو نەخشانەی مرۆڤ دەیان کێشێت نایەنەدی بەڵکو بەپێچەوانەوە شتانێك روودەدەن و دێنەبوون کەس چاوەڕوانی نەکردوون.

بەهەمان شێوە ئەو دەرخستنانەی ئەنجامدراون لەبواری زانستی و گەردونیدا، شپنگلەر ئەوانەش بەچارەنووس دەزانێت، پێیوایە ئەو دەرخستنانە چۆنێتیان و کاتی دەرخستنیان، چارەنووس بووە وایکردووە ئەو دەرخستنانە ئەنجام بدرێن وەك دەرخستنی ئۆکسجین و هەسارەی نیبتۆن و یاسای کێشکردنی زەوی هەموویان لەڕێگەی چارەنووسەوە بوون: زیاتر لەمەش ئەوە هەر چارەنووسە وای کردووە کەسێك ببێتە ئەستێرەی مەزن لەبواری فیزیادا لەکاتێکدا کەسێتی مەزنی پێشتر لە بواری فیزیادا لەسەر شانۆ دیارنامێنێت، تەنانەت کەسێکی فیزیایی (زانای فیزیا) بە فیترەت باس لە قەزا و قەدەری پرسێکی دیاریکراو، یان مێژووی دەرخستن (اکتشاف) دەکات[2].لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین باوەڕی شپینگلەر بەچارەنووس لە ئاستێکدایە نەك تەنها رووداوە ئاساییەکانی ژیانی مرۆڤ، بەڵکو ئەو دەرخستنە زانستیانەش کە لەلایەن زانایان و پسپۆڕانەوە لە بوارە جیاوازەکاندا بەئەنجام گەیشتوون دەگەڕێنێنەوە بۆ چارەنووس کەزانایەك توانیویەتی ئەو دەرخستنە بکات و یەکێکی تر نەیتوانیوە ئەنجامی بدات، کەواتە دەرکەوتنی کەسێتییە مەزنەکانیش لەبوارە جۆراوجۆرەکانی زانست و مەعریفەدا بەهەمان شێوە چارەنووس رۆلی تیادا دەبینێت.

بەم جۆرە بیرۆکەی چارەنووس لەهەموو هێڵێك لە هێڵەکانی ژیاندا خۆی نمایش دەکات، هەر بەهۆی ئەم بیرۆکەیەوە ئێمە دەبینە کوڕی یەکێك لە

[1] اشبنغلر: س. پ، ، ب1، ل279.

[2] اشبنغلر: س. پ، ، ب1، ل235- 236.

لەدەست دەدات کە پێشتر بۆ گەردوون هەیبوو[1]. بۆ دەرخستنی بیرۆکەی چارەنووس پەیپێبردنی مرۆڤ دەبێت نائارامییەك و سەرگەرمیەکی هەبێت، لە بوونی راستەقینەی مرۆیی خۆی نزیك ببێتەوە، ئەویش بە خۆ رزگارکردن لەو هەموو بەربەستە مردوو و مادییانەی رێگرن لە بەردەمیدا بۆ پەیبردن بە بیرۆکەی چارەنووس، هەربۆیە دەبینی ئەو مرۆڤەی ژیانی ماددی و ئامێری بۆتە مۆرکی ژیانی ناتوانێت پەی بەو بیرۆکەیە ببات، ئەگەرچی خودی ئەو بیرۆکەیە لای هەموو مرۆڤەکان هەیە، بۆیە لەو چرکە ساتەدا ئەو مرۆڤە هەستێکی قوڵی بۆ دروست دەبێت و خۆی لە هۆکارێتی رزگاردەکات کە بۆتە تێڕوانینێکی جێگیری مرۆڤی ناو شارە گەورەکان، لەوکاتەدا دەتوانێت پەی بە چارەنووس بەرێت.

سەبارەت بە چییێتی چارەنووس شپنگلەر دەڵێت: ((لە راستیدا چارەنووس بریتییە لە وشەیەك بۆ زەرورەتێکی ناوەکی کە ناکرێت پەسن بکرێت))[2] کەواتە چارەنووس شتێکی ناوەکییە و دەکرێت مرۆڤ پەیپێبەرێت، بەڵام ناتوانێت پەسنی بکات، چونکە کارێکی گرانە مرۆڤ بتوانێت هەموو ئەوشتانەی پەی پێدەبات پەسنیان بکات، لێرەدا دەتوانین بۆ ئەم پرسە ئەو گوزارشتەی ئاوگۆستین بەکاربێنین کە دەڵێت: ((ئەگەر کەس لێم نە پرسێت ئەوە من دەزانم، بەڵام ئەگەر پێویست بێت لەسەرم شیبکەمەوە بۆ پرسیارکەر ئەوا نازانم))[3]، دەکرێت بڵێین چارەنووس ئەو شتە جاویدانییەیە لەوانەیە مرۆڤ پەیپێبەرێت، بەڵام ناتوانێت گوزارشتی لێبکات بە گوتە.

هەر ئەم مۆرکە تایبەتەی چارەنووسە وایکردووە ئێمە چارەنووس نەناسین مەگەر لەڕێگای کرداری هونەرمەندەوە، لە رێگەی هۆکارگەلی وەك وێنەکێشان و مەرگەسات (تراژیدیا) و مۆسیقاوە، لە بەرئەوەی ئەمشتانە زیندوون و کاری

[1] بدوی: ایشپنجلر، س. پ، ل77.
[2] اشبنغلر: س. پ، ،ب1، ل233.
[3] هـ. س، ل245.



هۆیەکان، بەڵام شپنگلەردەی بەستێتەوە بە چارەنووسەوە[1]، لەگەڵ ئەوەشدا شپنگلەر جەربەزانە جەخت لەسەر لێکدژی نێوان بیرۆکەی چارەنووس و پرەنسیپی هۆکارێتی دەکاتەوە و رەخنەش لە پێشینان دەگرێت کەدانیان نەناوە بە ئەم لێکدژییەدا بەڕوونی و بە بەهێزی[2]. ((بیرۆکەی چارەنووس پێویستی بە قاڵبوون و لێهاتوویی ژیانێتی هەیە نەك قاڵبوونی زانستێتی، داخوازی هێزی تێڕوانینە نەك هێزی ژمێریاری، پێویستی بە قوڵی هەیە نەك عەقڵ...))[3]، بەم جۆرە شپنگلەر مێژوو دەبەستێتەوە بە چارەنووسەوە، چارەنووسیش بەتەواوەتی رزگاردەکات لە هۆکارێتی و ((العلية)) ژمێریاری و عەقڵ، لە بەرامبەردا دەیبەستێتەوە بە زاراوە گەلێکی پێچەوانەی ئەمانە، کە ئەم زاراوانە زیندوێتی دەبەخشن و زاراوەگەلێکی ئەندامین و، لە میتۆدی زانستی دوورن، چونکە زانست کار لەسەر شتە مردوو و مادییەکان دەکات: هەر لەم دەقەدا و لەم زاراوانەی شپنگلەر بەکاریان دەهێنیچت دەتوانین بڵێین شپینگلەر بە بەکارهێنانی ئەم زاراوانە بەرەو قوتابخانەی بونگەراکان و بیرکردنەوەی بونگەرایانە و زیندووگەراکان دەچێت.

ئەوەی پەردە لەسەر بیرۆکەی چارەنووس لادەبات و دەری دەخات: نائارامییەکی (شپرزەیی) گەردوونییە بەرامبەر بە رۆح، ئەو خواستە زۆرەی هەیەتی بۆڕۆشنایی و گەشەکردن و بەدی هێنانی پەیامەکەی لەبووندا، ئەم بیرۆکەیەش لای هەموو مرۆڤێك بوونی هەیە، تەنها لای ئەو مرۆڤە نەبێت کەسەر بەخولە کۆتاییەکانی شارستانیەتە، ئەو مرۆڤەی لە ریشەی خۆی هەڵکەندراوە و لە شارە گەورەکاندا دەژی، ئەم جۆرە مرۆڤە ئەم بیرۆکەیە لە بیردەکات تا ئەوکاتەی دەگاتە چرکە ساتێکی زۆر قوڵ، ئیتر ئەو بیرۆکەیە بە رۆشنی و بە هێزیەکی بێئەندازە لەلای دەردەکەوێت و ئەو وێنا ئالی و هۆیەتیەی

[1] دەڕوانرێتە تەوەرەی دووەم لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە.
[2] بدوی: ایشبنجلر، س. پ، ل75.
[3] اشبنغلر: س. پ، ، ب1، ل232.

هونەرمەندیش کارێکە مامەڵە لەگەڵ زیندوودەکات، چارەنووسیش پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە، هونەرمەندیش کەسێکی چارەنووسێتی (مصيري)یە، چارەنووسێتیش داهێنەر و ئافرێنەرە لەسەر تا خواری[1]. ئەگەرچی مرۆڤ ناتوانێت پەسنی چارەنووس بکات یان لێی بدوێت وەك هەر چەمکێکی تر، بەڵام ئەو رێگەیەی مرۆڤ دەتوانێت گوزارشتی پێبکات لە چارەنووس رێگەی هونەرە، بۆیە ئێمەش دەتوانین لە رێگەی کاری هونەرمەندەوە پەی بە چارەنووس ببەین.

جگەلە هونەر بەهۆی ئاینەوە مرۆڤ دەگات بە چارەنووس و دەتوانێت پەی (درك) بە چارەنووس ببات، بەلام ناتوانرێت بە هۆی بەڵگە هێنانەوەوە پەی بەچارەنووس ببرێت[2]، هۆی ئەمەش هەر بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ئاین کار لەسەر شتە زیندوو و رۆحییەکان دەکات، چارەنووسیش بۆخۆی زیندووە و سەربە ژیانە.

زۆربەی ژێدەرە عەرەبییەکان ئاماژە بە تێروانینی شپنگلەر دەکەن بۆ چارەنووس بە جۆرێك ناتوانین لە کتێبەکەی شپنگلەردا ئەو تێروانینانە بەدی بکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە تێروانینێکی دژ بەو تێروانینە لە کتێبەکەی شپنگلەردا دەبینین. پێدەچێت سەرچاوەی ئەم بۆ چونە هەڵەیە لە (ئەحمەد مەحمود سوبحی) یەوەبێت، ئەو سەبارەت بە تێروانینی شپنگلەر بۆ چارەنووس دەڵێت: ((چارەنووس بریتییە لە هەستکردنی مرۆڤ بە خودی خۆی بەرامبەر بە هێزێکی مرۆیی تر کە مەیدانخوازی لەگەڵ دەکات و بوونی دەخاتە مەترسیەوە، لەوکاتەدا ووزەگەلێکی شاراوەی لێ هەڵدەقوڵێت لە پێناو جەختکردنەوە لە بوون: بەم جۆرە بیرۆکەی چارەنووس پێویستی بە دوو هۆکار هەیە: بوونی خودێکی سەربەخۆ کە کییان و مۆرکی سەربەخۆی خۆی هەبێت، پاشان بوونی رووداو گەلێکی دەرەکی))[3]، ئەگەر تێبینی بکەین ئەم پیشاندانەی سوبحی زۆردوورە لە تێروانینی شپنگلەر بۆ چارەنووس، پێدەچێت سوبحی بەهەڵە لە ((عبدالرحمن بدوی))

---

[1] هـ. س. ل233.
[2] اشبنغلر: س. پ، ،ب1، ل232.
[3] صبحي: س. پ، ل245.



وەرگرتبێت، بەدەوی کاتێك باس لە چارەنووس دەکات لای شپنگلەر لە کتێبی ((اشپنجلر))دا، پێش ئەوەی باس لە چارەنووس بکات لای شپنگلەر باسی چارەنووس دەکات لای فەیلەسوفانی پێش شپنگلەر، کۆتا فەیلەسوف کە بەدەوی باسی لێدەکات ((جۆرج زمیل))ە، ئەوەی بەدەوی سەبارەت بە چارەنووس گوتویەتی لەلای زمیل، سوبحی بە شپنگلەر تێی گەیشتووە[1]، بەم جۆرە سوبحی بۆچونی زمیل و شپنگلەری سەبارەت بە چارەنووی لێ تێکەڵ بووە، زۆربەی نووسەرانی تری عەرەب و جگەلە عەرەبیش ئەم بۆچونەیان بەبێ پشکنین لە سوبحی وەرگرتووە و بەو جۆرە ئەو شێواندنە لە تێگەیشتنی چارەنووس لە هزری شپنگلەردا دروست بووە.

ئەوەی شپنگلەر باسی دەکات لە زۆر بەی جێگەکانی کتێبەکەیدا سەبارەت بە چارەنووس پێچەوانەی ئەوەیە سوبحی ئاماژەی پێکردووە، جگە لەوەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد بۆ چونێکی تری شپنگلەر دەخەینەروو دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی نامەهوێت ئەو سوربوونەی نەوەی هۆشیار هەیەتی لاوازی بکەم، کە هیوایەکی بێسنوریان لێ دەتکی، پێش ئەوەی کاتی خۆی بێت هەندێك لە هیواکانیان دەبنە خەون و نایەنەدی، ئەگەر ئەو هیوایانە بەدی نەهاتنیان لە چارەنووسرابێت، ئەگەرچی زۆر گران بەهاو خۆشەویستیش بن، بۆیە پێویستە کەسێتی خاوەن بەها توشی تۆقین نەبێت[2]. لەراستیدا ئەم گوتەیەی شپنگلەر جێگەی بۆ خود نە هێشتۆتەوە و تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچونەیە سوبحی پیشانی داوە، بۆ زیاتر پشتگیری ئەم بۆچونە بەدەوی دەڵێت لایەنی پۆزەتیڤی چارەنووس لای شپنگلەر تەواو لاوازدەبێت، تائاستێك تەواو نزیکە لە بیرۆکەی چارەنووس لای یۆنانیەکان[3]. مەبەست لەوەیە ئەم بیرۆکەیە لای شپنگلەر نزیکە لە سەپاندنێتی ((الجبرية))، کە رۆڵی مرۆڤ تیایدا نامێنێت یان زۆر لاواز دەبێت.

---

[1] بدوی: شپنجلر: س. پ، ل71- 72.
[2] ایشپنغلر: س. پ، ل75.
[3] بدوی: شپنجلر: س. پ، ل75.

## تەوەرەی دووەم: رووخانی شارستانیەت

لەبەر ئەوەی شتێکی براوە و هەربوونێتییە(حتمي) دەبێت شارستانیەت بە وەرزەکانیدا تێبپەڕێت، سەرئەنجامیش دەبێت بگاتە وەرزی کۆتایی کە وەرزی زستانە، زستانی شارستانیەتیش گوزارشتە لە وەستان و چەقبەستن و نەمانی داهێنان، هەر لە زستانیشدا شارستانیەت دەگۆڕێت بۆ مەدەنیەت، گۆڕانی شارستانیەتیش بۆ مەدەنیەت واتای گۆڕانی زیندوویێتیە بۆ مردن، جوڵە و کارایییە بۆ بێ جوڵەیی و بێ بزاوتی[1].

شارستانیەت کاتێك دەمرێت، ئەو رۆحەی هەیەتی و (ئەو رۆحەی بە ئاگاهاتووە) هەرچی تواناکانیەتی لە شێوەی چەند گەل و زمان و ئاینزا و هونەر و دەوڵەت و زانستێکی زۆر و جۆراو جۆردا خستوێتیە گەڕ و بەخەرجی داوە[2].

ئەم تێڕوانینەی شپنگلەر گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە رووخان و مردنی شارستانیەت دەبەستێتەوە بە ئەوەوە شارستانیەت یان شارستانیەتێکی دیاری کراو کاتێك دەمرێت، چیتر توانای بەرهەم هێنانی شتی رەسەنی نەماوە، ناتوانێت وەك سەردەمە سەرەتاییەکانی داهێنان بکات و شتی نوێ بەرهەم بهێنێت، بۆیە ئەم لێکدانەوەیەی شپنگلەر وەك ئەو لێکدانەوە سادانە نییە کە کراون بۆ رووخانی شارستانیەتەکان و رووخانی شارستانیەتێکی گەورە یان ئیمپراتۆریەتێکی گەورە دەبەستنەوە بە تەنها جەنگێك یان رووداوێکی بچوکەوە، بۆ نمونە هەندێك رووخانی شارستانیەتی رۆمانی دەگەڕێننەوە بۆ هێرشی هۆزە جێرمانی و سلاڤیەکان بۆ سەر ئەو شارستانییەتە[3]. کەواتە رووخانی شارستانیەت رەهەندێکی خودی (ذاتي) هەیە، واتە پەیوەندی بەخودی

[1] دەڕوانرێتە تەوەرەی سێیەم لە بەشی چوارەم.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل217.
[3] ابراهيم، عبدالعزيز عبدالغني: محاضرات في تاريخ اوروبا الحديث (عصر النهضة)، منشورات ELGA، مالطا، 1999، ل13.



شارستانیەتەکە خۆیەوە هەیە کە پیربووە و توانای نەماوە ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت و شتی نوێ بەرهەم بهێنێت، نەك بەوجۆرەی دەگوترێ رووخانی شارستانیەتێکی مەزن بگەڕێنرێتەوە بۆ رووداوێك یان جەنگێك .

لەبەر ئەوەی شارستانیەت لای شپنگلەر هەبوویەکی ئەندامی (عضوي) سەربەخۆیە، هەربۆیە شتێکی بڕاوە و هەربوونێتییە هەموو شارستانیەتەکان دەبێت ئەو خولەی ژیانیان تەواو بکەن[1]، ئەم راڤەکردنە (ڕاڤەی بایلۆجی) بۆ شارستانیەت یان دابەشکردنی بۆ چوار وەرز بە وێنەی وەرزەکانی ساڵ، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە لە دوای بڕینی ئەو قۆناغانە شارستانیەت دەبێت بڕوخێت و کۆتایی پێبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت رووخانی شارستانیەت لای شپنگلەر شتێکی هەربوونێتییە و هەر کاتێك شارستانیەتێك گەیشتە دوا قۆناغی خۆی هەر دەبێت بڕووخێت و رزگار بوونی نییە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك شپنگلەر رووخانی شارستانیەتمان بۆ شیکار و راڤە دەکات، تەنها بەوە کۆتایی پێناهێنێت بڵێت شارستانیەت بەو قۆناغانەدا تێدەپەڕێت و کۆتایی پێدێت، بەڵکو زۆر بەوردی ئەو بۆچونەی راڤە دەکات و قۆناغەکانی پێش رووخان و لە ناوچونمان بۆ راڤە دەکات تا لامان روون بێت بۆچی شارستانیەت دەڕووخێت، لەم بارەیەوە دەڵێت کاتێك خەڵکی ئاینێکی نامیتافیزکی دروست دەکەن بۆ ئەوەی بەرهەڵستی ئاینزا و بیروباوەڕەکانی پێبکەن، کاتێك یاسایەکی سروشتی دادەنرێت دژ بە یاسای مێژووی، کاتێك شێوازی (اسلوب) هونەری دروستدەکرێت و چیتر شێواز بە لەدایك بوون یان بە بەدەستهێنان نابێت، کاتێك خەڵکی وا لەدەوڵەت دەگەن کە (سیستەمی کۆمەڵگەیە)، نەك تەنها دەکرێت بگۆڕدرێت بەڵکو پێویستە بگۆڕدرێت، ئەوکاتە ئیتر بە ئاشکرا دەردەکەوێت شتێکی وا خەریکە تێك دەشکێت و پارچە پارچە دەبێت[2].

[1] زريق، قسطنطين: في معركة الحضارة، ط4، دار العلم للملايين، بيروت، 1981، ل64.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل605.

دەبینین شپنگلەر چەند لایەنێکی جیاواز لێکدەداتەوە، کە رۆڵ دەبینن لە رووخانی شارستانیەتدا، یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی شپنگلەر ئاماژەی پێدەکات ئایین و بیروباوەڕ یان ئاینزایە (مذهب)، کاتێك کەسانی سەر بە شارستانیەتێك دەیان هەوێت ئەو ئایین و بیروباوەڕەی هەیانە بگۆڕن بە ئاینێکی میتافیزکی دەستکرد ئەوە نیشانەی رووخان و پارچە پارچەبوونی ئەو شارستانیەتەیە، جگە لەوە تێڕوانینی خەڵك و مامەڵە یان لەگەڵ شێوازی هونەر و یاسا و دەوڵەت ئەمانە هەموویان پەیوەندیان بە داڕووخانی شارستانیەتەوە هەیە.

دەتوانین بڵێین ئاین رۆڵێکی زۆر گرنگ لە رووخانی شارستانیەتدا دەبێنێت چونکە شپنگلەر لە پەیوەندی نێوان شارستانیەت و ئایینـدا دەڵێت: ((کرۆکی هەموو شارستانیەتێك ئایینە))[1]، ئەگەر ئایین ئەو پایە گرنگەی هەبێت لە پێکهاتەی شارستانیەتدا، بێگومان هەر گۆڕانێك لە ئایینی هەر شارستانیەتێکدا یان لاواز بوونی ئەو ئایینە هۆی لاوازی شارستانیەتەکەیە.

کاتێك شپنگلەر دێتە سەر باسی شارستانیەتی رۆژئاوایی بەم شێوەیە پەسنی دەکات، هاوەڵایەتی سەردەمی بێ ئایینی لەگەڵ بیرۆکەی شاری جیهانیدا ئەوە دەگەێنێت ئەو چاخە چاخی داڕووخانە، پاشان باس لەوە دەکات ئێمە چی بکەین کە لە سەرەتاکانی زستانی شارستانیەتی رۆژئاوادا لە دایك بووین، خۆ ئێمە خۆمان ئەوەمان هەڵ نەبژاردووە، پێشی وایە ئەگەر خۆشمان لەمە بدزینەوە بێگومان ناتوانین خۆمان دەرباز بکەین[2].

لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە شپنگلەر پێی وایە شارستانیەتی رۆژئاوایی لە دوا قۆناغەکانی خۆیدایە، هەروەك شارستانیەتەکانی تریش لە زووەوە بەو قۆناغانەدا تێپەڕیوون، بەهەمان شێوە شارستانیەتی رۆژئاوایی ئێستا و (مەبەست کاتی ژیانی شپنگلەرە) ماوەیەك بەر لە ئێستاش، واتە لە سەدەی نۆزدەوە شارستانیەتی رۆژئاوایی لە زستانی خۆیدا دەژی کە دوایین قۆناغی

[1] هـ. س. ل614.
[2] ولسون: س. پ، ل134.



شارستانیەتە، تیایدا شارستانیەت مەرگی خۆی دەبینێت، ئەمەش لە کاتێکدا روو دەدات شارستانیەت دەگۆڕێت بۆ مەدەنیەت، ئەم کردەیەش (عملية) لە شارستانیەتی کلاسیکیدا لە سەدەی چوارەمی زایینیدا بە ئەنجام گەیشت، بەڵام لەشارستانیەتی رۆژئاواییدا لە سەدەی نۆزدەدا بە ئەنجام گەیشت[1].

هەربۆیە شپنگلەر بە راشکاوی دەڵێت: ((داهاتووی رۆژئاوا ئاراستەیەکی بە دوایەکدا هاتووی هەتاهەتایی نییە بەرەو نمونە باڵاکانمان بەبێ سنور، بەڵکو دیاردەیەکە لە دیاردەکانی مێژوو، دیاردەیەکی سنوردارە لە رووی فۆرم و بەردەوامییەوە بەتەواوەتی، چەند سەدەیەکی کەم لە خۆی دەگرێت، دەتوانین ببینین و وەڵامی خۆمان هەڵگۆزین لەو هەموو پێشبینانەی لەبەر دەماندان))[2].

تێبینی دەکەین شپنگلەر بە جۆرێك لە رەهایی و دڵنیایی باس لە کۆتایی شارستانیەتی رۆژئاوایی دەکات، بە یەکێك لە دیاردە مێژووییەکانی لە قەڵەم دەدات، هەروەك چۆن دیاردەی مێژوویی تر هەبوون و کۆتاییان پێهاتووە، بێگومان ئەم دیاردەیەش وەك دیاردەکانی تر یان شارستانیەتەکانی تر سەرئەنجامی هەر کۆتایی هاتنە، بۆ پشتگیری ئەم بۆچونەشی ئاماژە بەوە دەکات دەتوانین ئەو وەڵامە لە مێژووەوە وەرگرین، چونکە ئەو شارستانیەتانەی لە مێژوودا هەبوون، بە چاو پۆشی لە مەزنی و فراوانی و هێزیان، بەڵام نەیان توانیوە تاسەر بمێننەوە و لە خاڵێکدا کۆتایی بە ژیانیان هاتووە.

شینگلەر پێی وایە یەکێك لەنیشانەکانی لە ناوچوون و چوون بەرەو مەرگی شارستانیەت کۆلۆنیالیزمە، کۆلۆنیالیزم هێمای گیاندان و مردنی مەدەنیەتی رۆژئاواییە، هەر ئەمە کۆتایی هێنانە بە چارەنووسی رۆژئاوا و هیچ گەڕانەوەیەکی نییە[3]. ئەمەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە دیارە ئەو شارستانیەتە توانای بەرهەمهێنان و پێشکەش کردنی شتی نوێی نییە، بۆیە دەی هەوێت لە

[1] اشبنغلر: س. پ، ب1، ل89.
[2] هـ. س. ل101.
[3] هـ. س، ل97

ڕێگەی داگیرکردنەوە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، پشگیری ئەم بۆچوونەش بە گۆتەی شپنگلەر خۆی دەکەین، ئەو پێیوایە زیندوێتی مرۆڤی شارستانی بەرە و ناوەکی یان ناوخۆی خۆیەتی، بەڵام زیندوێتی مرۆڤی مەدەنی بەرە و دەرەوەیە[1]. شپنگلەر باس لە ئاوابوون و مردنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شارستانیەت دەکات بەوردی، چونکە هۆی مردنی شارستانیەت دەگەڕێتەوە بۆ چەق بەستن و مردنی ئەو ڕەگەزانەی شارستانیەت پێک دەهێنن. شپنگلەر کاتێک باس لە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی دەکات دەڵێت: ((قەیرانی سەدەی نۆزدە کێشەی مردنە))[2]، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە سەدەی نۆزدە سەدەی مەرگە بۆ شارستانیەتی ڕۆژئاوایی، چونکە چیتر شارستانیەت نەماوە، بەڵکو ئەوەی دەبینرێت بریتییە لە مەدەنیەت نەك شارستانیەت، جگە لەوەش ئیتر لە سەدەی نۆزدە بەدواوە ئەو پێکهێنەرە بنەڕەتیانەی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی یان لێ پێکهاتبوو بەرە و نەمان چوو بوون، ئەوەی ماوەتەوە تەنها فۆڕمی ئەو پێکهێنەر و لایەنانەیە. بۆ نمونە شپنگلەر کاتێك باس لە هونەری فاوستی (ڕۆژئاوایی) دەکات، دەڵێت: هونەری فاوستیش هەر وەك هونەری ئەپلۆنی و میسری لە پیرێتیدا دەمرێت دوای ئەوەی ئەو توانا ناوەکیانەی هەی بوو، بە خەرجی داو ئەوەی ویستی هێنایە دی، ئەو پەیامەی پێی بوو گەیاندی[3].

سەبارەت بە هونەری سەردەمەکەی خۆی دەڵێت ئەو هونەرەی ئەمڕۆ پراکتیز دەکرێت هیچ نییە جگە لە لاوازی و هەڵبەستن، ئەوەش بە ناوی هونەرەوە پێشکەش دەکرێت تەنها بۆ ئەوەیە جەماوەرێك چێژی لێ ببینێت کە چیتر ئەو جەماوەرە هونەر و مۆسقا و شانۆ پێویستییەکی ڕۆحی نین بۆی، سەبارەت بە هونەرمەندیش پێی وایە هونەرمەندی نوێ وەك کرێکارێك وایە نەك داهێنەرێك[4].

---

1 ه. س. ل.

2 ه. س. ل515.

3 اشبنغلر: س. پ، ب1، ل515.

4 ه. س. ل501 و دواتر.



بەهەمان شێوە فەلسەفەش کە جۆرێك بیرکردنەوەی باڵا و گرنگە، بەرەو ئاوابوون چووە و هەرچی لە ناویدا هەبووە دوا دڵۆپی تکاوە، شپنگلەر پێیوایە فەلسەفەی میتۆدی لەگەڵ کۆتایی سەدەی هەژدەدا کۆتایی پێهاتووە، بۆیە گومان دەکات لەوەی فەلسەفەیەکی ڕاستەقینە گەشە بکات لەو ڕۆژگارەدا ئەو تێدا ژیاوە، کاتێك باس لە فەیلەسوفانی سەردەمی خۆشی دەکات بە کەسایەتی هەژار و نەزۆکیان دادەنێت، تێڕوانینە واقیع بینەکانیشیان بەبێ ئەرزش دەزانێت، پێیوایە جێگەی بەزەیین[1].

جگە لە هونەر و فەلسەفە کە دوو بنەمای سەرەکی و مەزنی شارستانیەتی ڕۆژئاواین، شپنگلەر لەو باوەڕەدایە زانستە سروشتییەکانیش لە ئاوابوون و کۆتاییدان، باس لەوە دەکات فیزیای نوێی ڕۆژئاوایی کەسانێکی زۆر کەم لە ڕۆژئاوا تێی دەگەن کە ژمارەیان لە هەزار کەس تێناپەڕێت، بەهەمان شێوە بۆ بیرکاریش ئەمە ڕاستە، ئەو زانستانەش کە پارێزگارییان لە ڕەسەنیەتی و کۆنی خۆیان کردووە لە لای کۆمەڵێکی زۆر کەم ماونەتەوە، ئەوانیش کەسانی هەڵبژاردە و پسپۆڕن، ئەمەش بوەتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەکی گەورە لە نێوان پسپۆڕان و خەڵکی گشتیدا، ئەم بۆشایی و لێك دورکەوتنەوە زۆرەش ئەوە دەگەیەنێت ژیانی فاوستی بەرەو هەڵوەرین دەچێت[2]. جگە لەوانەی باسکران شپنگلەر سەدەی هەژدە بە دوا سەدەی ئەندازیاری تەلارسازی دادەنێت، لەو سەدەیە بەدواوە ئیتر ئەندازیاری تەلارسازی لە شارستانیەتی ڕۆژئاواییدا دوا داهێنانی خۆی پێشکەش کرد و کۆتایی پێهات[3].

سەرئەنجام بە هۆی ئاوابوون و مەرگی ئەو لایەنە گرنگانەی شارستانیەتیان لێ پێکهاتووە هەر لە هونەر و، فەلسەفە و، زانستە سروشتییەکان و، ئەندازیاری و...هتد، شارستانیەت لە مەرگی خۆی نزیك دەبێتەوە، تایبەتمەندییەکانی

---

1 ه. س. ل108 و دواتر.

2 ه. س. ل569.

3 اشبنغلر: س، پ، ب1، ل500.

شارستانیەت لە دەست دەدات و بەرەو مەدەنیەت دەچێت. ئەم بارەش وەك شپنگلەر باسی دەكات لە سەدەی نۆزدە بەدواوە بەسەر شارستانیەتی رۆژئاواییدا هاتووە، هەرچی لە توانایدا بووە پێشكەشی كردووە، بۆیە شپنگلەر لە ناوچوون و ئاوابوونی شارستانیەتی رۆژئاواش بە شتێكی هەربوونێتی دادەنێت و رزگاربوونی نییە و هەر دەبێت ببێت.

هەر شتێك لە گۆڕان و بزاوتنی بەردەوامدا بێت لەناو دەچێت، گەلان و زمانەكان و رەگەزە جۆربەجۆرەكان و شارستانیەت لە ناو دەچن، چەند سەدەیەك لەمەو دوا نە شارستانیەتی رۆژئاوایی دەمێنێت و نە گەلانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی، مەدەنیەتی رۆمانی بەو هەموو هێز و توانایەی خۆیەوە نەیتوانی لە چەند سەدەیەك زیاتر تێپەڕێنێت، بۆیە رۆژێك دێت دیاردەی شارستانیەتی مەزن وون دەبێت، مرۆڤ و شتەكانی ئەو دیویی مرۆڤ وەك دیاردەكانی بوون و رووەك و ئاژەڵان لەسەر ئەم هەسارەیە نامێنن، سەرئەنجام هەموو جیهان لە ناو دەچێت[1].

بۆچوونەكانی شپنگلەر ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە نەك تاكە شارستانیەتێك كە شارستانیەتی رۆژئاواییە توانای مانەوەی بەردەوامی نییە، بەڵكو لەوەش زیاتر دەڕوات باس لەوە دەكات هەموو ئەو دیاردانەی ئێمە هەستیان پێدەكەین لەدەوروبەر و گەردووندان سەرئەنجامەكەی لە ناوچوونە، رۆژێكیش دێت بە تەواوەتی هەموو گەردوون تێكدەچێت و لەناو دەچێت، شپنگلەر سەرنجمان بەوە رادەكێشێت تێبینی ئەوە بكەین شارستانیەت و مەدەنییەتەكانی رابردوو بە هەمان شێوە خاوەنی هێز و توانای زۆر بوون، بەڵام ئێستا تەنها ناویان ماوە و لە ناو چوون، كەواتە دڵ خۆش مەكەن بە بەهێزیی و لێهاتوویی خۆتان، چونكە سەرئەنجام دەبێت ئەم شارستانیەتییەی ئێمەش لە ناو بچێت و گەردوونیش لە ناو بچێت.

---

[1] هـ. س. ل315.

## تەوەرەی سێیەم: هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە هەندێک لە تێڕوانینەکانی شپنگلەر

هەر خاوەن بیر و تیۆرەیەك هەرچەندە لە ئاستێکی زانستی وبیری باڵاشدا بێت، تەواوی گوتە و بۆچونەکانی وەرناگیرێن، چونکە مرۆڤ ئەگەرچی لەئاستێکی بەرزی بیرکردنەوەشدا بێت، ناتوانێت لە کاریگەرییەکانی هەست و ویژدان و ژیانی تایبەتی و ژینگەکەی خۆی، خۆی رزگار بکات، ئەمەش وای کردووە لە یەك بواردا چەندین تیۆرە و تێڕوانینی جیاواز بەرهەم بهێنرێت، بەڵام ئەو تیۆرە و تێڕوانینانە هەموویان روو بە رووی ڕەخنە لێگرتن بوونەتەوە، ئەگەرچی لایەنگر و سەرخەریشیان زۆر بوبێت. لەم سۆنگەیەوە بیر و بۆچونەکانی شپنگلەریش بێ ڕەخنە نەبوون و ڕەخنەی زۆر و جیاوازیان لێگیراوە.

کاتێك کتێبەکەی شپنگلەر بڵاو بۆوە، خەڵکی گفتوگۆیان لەسەر کرد، دووچاری ڕەخنەلێگرتن بۆوە و رۆژنامە بەناو بانگەکان شتیان لە دژی نووسی، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی زیاتر بڵاو ببێتەوە و چاپی زیاتری لێ بکرێت[1]، بەڵام ئەوەی شپنگلەر جیا دەکاتەوە لە فەیلەسوف و نووسەرانی تر، زیاتر ڕەخنەی لێگیراوە و بەتوندی لە بیر و بۆچونەکانی دراوە، بەدەر لەوەی خوێندنەوەی سەرلەبەر و تێکڕایی بۆ بکرێت، بەڵگەش بۆ ئەم بۆچونە ئەو کتێب و نووسراوانەی لەسەر شپنگلەر نووسراون ئەوە دەردەخەن زۆربەی ئەو نووسەرانە تێڕوانینێکی تاك رەهەندیان هەبووە بۆ بیر و بۆچونەکانی شپنگلەر، زۆربەشیان کتێبەکەی شپنگلەریان نەدیوە یان نەیان خوێندۆتەوە، کۆمەڵێك زانیاری دوو بارەیان لە نووسەرانی ترەوە وەرگرتووە، بۆ نمونە زۆربەی سەرچاوەکان جەخت لە لایەنی رشبینی شپنگلەر دەکەنەوە، بەدەر لەوەی لایەنە گرنگەکانی فەلسەفەی شارستانیەت و مێژووی شپنگلەر دەربخەن، کە کۆمەڵێك شتی نوێی هێناوەتە ناو

[1] ولسون: س. پ، ل125.



راڤەی فەلسەفییانەی مێژووەوە، بەدەرلەوەی مەبەستمان لەوە بێت ئەو شتانە هەموویان دروستن، بەڵام هیچ نەبێت جۆرێکە لە بیرکردنەوەی جیاواز، کە ئەو بیرکردنەوانە لەوە و بەر نەبوون یان بەوجۆرە دەرنەکەوتوون.

(عبدالرحمن بدوي) پێی وایە شپنگلەر میتۆدێکی نوێی دەرخستووە، لەسەر بنەمای ئەو میتۆدەش قوتابخانەیەکی مێژوویی بە هێزی دامەزراندووە، تێڕوانینێکی نوێی بۆ بوون پێشکەش کردووە، کە زۆر قوڵ و ڕەگ داکوتاوە[1].

یەکێك لەو کارە گرنگانەی شپنگلەر پێی هەستاوە پاککردنەوە و راستکردنەوەیەتی بە شێوەیەکی ورد بۆ رۆحی سەردەم، ئەمەش لە رێگای روونکردنەوەی لایەنی لێکچوو و پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی یەك رۆشنبیری و کەلچەر کەوادەبینرێت پەیوەندی لە نێوانیاندا نییە، بۆ نمونە نزیکی و پەیوەندی نێوان بنەماکانی وێنەکێشانی رۆژئاوایی بە رەنگی زەیتی و چونە ناو بۆشایی ئاسمان لە لایەن رۆژئاواییەکانەوە[2]، مەبەست لەمە ئەو پەیوەندیەیە لە نێوان لایەنە جیاوازە پێکهێنەرەکانی یەك شارستانیەتدا هەیە، شپنگلەر وای لێك دەداتەوە ئەو لایەنانە زۆر لە یەکدی جیاوازنین، ئەگەرچی لەڕووکەشدا واش دیاربن، بەڵام لە راستیدا ئەو شتانە هەموویان پەیوەندی دارن بەیەکەوە، بۆ نمونە پەیوەندی نێوان هونەر و فەلسەفە و زانست و هەموو بەشەکانی تری شارستانیەت، تەنانەت پەیوەندی تەلارسازی و ئەندازیاری بەلایەنەکانی ترەوە.

یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی تێڕوانینی فەلسەفییانەی شپنگلەر بۆ مێژوو و شارستانیەت، بریتییە لە تێڕوانینی گشتگیرانەی شپنگلەر بۆ مێژوو و شارستانیەت، چونکە ئەو مێژوو لە یەك رەهەندەوە نابینێت و بەیەك جۆر راڤەی ناکات، بۆیە دەبینین شارستانییەت بەیەکەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دادەنێت، لەمەشدا رۆشنبیری فراوانی یارمەتی داوە، چونکە تێڕوانینێکی هاوشێوەی

[1] بدوی: اشپنجلر، س. پ، ل114.

[2] نف: س. پ، ل106.

تێڕوانینی شپنگلەر پێویستی بە مەعریفەیەکی فراوان هەیە، بۆیە کاتێک کتێبەکەی دەخوێنینەوە هەست بە سەرسوڕمان دەکەین لەو مەعریفە فراوانەی شپنگلەرهەیەتی، ولسون لەم بارەیەوە دەڵێت: ((عەقڵی شپنگلەر فراوانییەکی مەزن فراوانە، لەپەڕەیەکی کتێبەکەیدا باسی گۆتە و بەرناردشۆ دەکات، لەپەڕەی دوا تردا باس لە ئەنیشتاین و بیرکاری زانەکانی سەردەمی ئێستای دەکات، لە پەڕەیەکی تردا باس لە هونەری چینی و نەحتی گریکی یان کاریگەری مەغۆل بەسەر چینەوە دەکات...))[1]، ئەمەش یەکێک لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی فەلسەفەی شپنگلەر و کتێبەکەیەتی کە جێگەی نرخاندنە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت کەمتر خوێندنەوەی ڕەخنەییانە بۆ فەلسەفەی شپنگلەر و کتێبەکەی کراوە، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی بخرێتەبەر لێکۆڵینەوە و راڤە بکرێت، ئەوەی دەبینرێت زیاتر بڕیار لەسەردانە نەک هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن.

یەکێک لەو ڕەخنانەی لە شپنگلەر گیراوە بە شێوەیەکی بڵاو، لەلایەن مێژوونووسانی ڕۆژئاواوە، شپنگلەر کەسێکی ڕەش بینە و هیچ دەرفەتێک ناهێڵێتەوە بۆ ئومێدەواری سەبارەت بە سەرئەنجام و داهاتووی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی، بەڵام ئەو خۆی بەرپەرچی ئەوە دەداتەوە، خۆی بە تاکە کەس دادەنێت توانیویێتی داهاتووی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی ببینێت[2]. هەر سەبارەت بە ڕەش بینی هەندێک لە ڕۆوژئاواییەکان زۆر بەتوندی وەڵامیان داوەتەوە، بە تایبەتی ئینگلیزەکان وەک ((کۆلن ولسن)) و ((کۆلنگوود))، بۆ وێنە کۆلنگوود بەم شێوەیە پەسنی کتێبەکەی شپنگلەر دەکات و دەڵێت: ((کتێبەکەی شپنگلەر پڕە

[1] ولسون: س. پ، 126ـ

[2] غنيمات، مصطفى عبدالقادر: الحضارة و الفكر العالمي، ط1، دار الاسرة للنشر و التوزيع، مصر، 2005، ل56.



لە ڕۆشنبیری مێژوویی ژەهراوی، بەڵام تۆ دەبینیت ئەم ڕۆشنبیرییە شێوێنراوە و تێکدراوە بۆ ئەوەی لە گەڵ مەبەستەکانی پەیامەکەیدا بگونجێت))[1]، کۆلن ولسنیش دەی چوێنێت بە نیچە و هەردووکیان بە کورتبین دادەنێت[2].

ئەوەی زیاتر ڕۆژئاواییەکانی تووڕەکرد باسکردنی شپنگلەر بوو لە ڕووخانی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بەشێوەیەکی هەربوونێتی (حتمی) و ڕزگاربوونی نییە، ئەگەر چی پێدەچێت شپنگلەر لەمەدا زیادەڕۆیی کردبێت، بە تایبەتی لەوەدا سنوری بۆ قۆناغەکان داناوە و، ئەو سەردەمەش خۆی تیایدا ژیاوە بە زستانی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی داناوە، بە چاو پۆشی لە وردەکارییەکانی ئەو باسە، بۆچونی شپنگلەر خاڵی نییە لە ڕاستی، چونکە بە درێژایی مێژوو ئەو شارستانیەتانەی هەبوون، هەرچەندە بەهێز و ماوە درێژ بووبێتن لە ڕووی مانەوەوە، بەڵام سەر ئەنجام ئەو شارستانیەتانە ئاوابوون و لەناوچوون[3]، کەواتە ئەگەرچی لێکدانەوەکەی شپنگلەر بەلای ڕۆژئاواییەکانەوە قورسە، بەڵام نمونە مێژووییەکان و ئەو ڕووداوانەی رابردووە پشگیری لەم بۆ چونەی شپنگلەر دەکەن، تائێستا هیچ شارستانیەتێک نەیتوانیوە بەردەوام بە ژیانی بدات تا ناکۆتا ئەمە بۆ شارستانیەتی ڕۆژئاوایش ڕاستە.

ڕەخنەیەکی تر کە ئاراستەی شپنگلەر دەکرێت، پەیوەندی دارە بەپرسی کاریگەری شارستانیەتەکان لەسەر یەکتری، شپنگلەر پێی وایە هیچ کاریگەرییەک نییە لەنێوان شارستانیەتەکاندا، ئەوەش دەبینرێت تەنها شتێکی ڕووکەشە، بەڵام هەندێک لە نووسەران و لێکۆڵەران ڕەخنە لەم تێڕوانینەی

[1] كولنجوود، ر. ج: فكرة التاريخ، ت: محمد بكير خليل، ط1، لجنة التاليف والترجمة والنشر، 1968، ل323.

[2] ولسون: س. پ، ل125.

[3] دەڕوانرێتە تەوەرەی دووەم لە بەشی پێنجەم.

شپنگلەر دەگرن، دەڵێن ناکرێت لەنێوان شارستانیەتەکاندا هیچ پەیوەندییەک نەبووبێت و کاریگەریان لەسەر یەک دانەنابێت و نەبێت[1].

راستە شپنگلەر باس لە داخراوی شارستانیەتەکان دەکات و پێی وایە کاریگەریان نییە لەسەر یەکتری، بەڵام ئەمەش بە شێوەیەکی رەها نییە، چونکە هەر شپنگلەر خۆی باس لەوە دەکات ئەگەر شتێکیش وەربگرێت ئەوا ئەو شتە وەردەگرێت لەگەڵ رۆحی شارستانیەتەکەیدا دەگونجێت[2]، واتە شپنگلەر ئەوە بە وەرگرتن نازانێت، چونکە کاتێک وەریدەگرێت، دەیگۆڕێت بۆ شێوازی شارستانیەتەکەی خۆی و مۆرکی تایبەتی خۆی پێدەدات، بەمەش دەبێتە موڵکی شارستانیەتەکە و بە وەرگرتن دانانرێت.

یەکێکی تر لەو رەخنانەی لە شپنگلەر گیراوە، سەبارەت بە چواندنی شارستانیەتە بە هەبوویەکی زێندوو، شپنگلەر پێی وایە شارستانیەتیش وەک هەر هەبوویەکی تر وایە، یەکێک لەوانەی ئەو رەخنەیەی گرتووە لە شپنگلەر (عبدالحمید صدیقي) یە، ئەو پێی وایە شارستانیەت دروستکراوی مرۆڤە، مرۆڤیش وەک هەر ئاژەڵێکی تر نییە، بەڵکو خاوەنی ویستێکە (ارادة) هەڵی دەنێت بۆ کارکردن، جگە لەوە ویژدانیشی رێنیشاندەریەتی، هەر بۆیە یاسایەکی یەکانگیر نییە پێویستی بکات هەموو شارستانیەتەکان بەو قۆناغانەدا تێبپەڕن کە شپنگلەر باسیان لێدەکات (منداڵی و پێگەیشتن و پیربوون و مردن)[3].

(هنری فرانکفۆرت) رەخنەی ئەوە لە شپنگلەر دەگرێت، شپنگلەر بەرهەڵستی ئەوە دەکات مرۆڤ ئازادی رۆحی و توانای مامەڵەی ئازادانەی هەبێت بە هەڵسوکەوتی خۆیەوە، ئەو دەڵێت ئەوە ئیمانە پاڵ بە شپنگلەرەوە دەنێت ئەو

[1] النشار، مصطفی: فلاسفة ایقظوا العالم، ط2، دار القباء للطباعة و النشر و التوزیع، القاهرة، 1998، ل356.

[2] دەڕوانرێتە تەوەرەی سێیەم لە بەشی سێیەم.

[3] صدیقي، عبد الحمید: تفسیر التاریخ، ت: کاظم الجوادي، ط1، دار القلم، کویت، 1980، ل46-47.



شتانە بڵێت نەک مەعریفە و زانیاری[1]، مەبەستی فرانکفۆرت ئەوەیە شپنگلەر لێکدانەوەیەکی مەعریفی و زانستی نەکردووە بۆ ئەو شتانەی لێیان دواوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئازادی و چارەنووسی مرۆڤەوە هەیە، مرۆڤ دەسەڵاتی نییە بەسەر خۆی و گۆڕینی چارەنووسی خۆیدا، فرانکفۆرت پێی وایە ئەو شتانەی شپنگلەر باسیان لێدەکات بە شێوەی ئیمان لای شپنگلەر گەڵاڵە بوون و بڕوای خۆی دەربڕیوە.

هەر لەم جۆرە رەخنانە رەخنەی ئەوە لە شپنگلەر دەگیرێت، کاری لەسەر پێوانە (قیاس) کردووە، ئەمەش هیچ سودێکی شیکاری یان شێوازی شیکاری نابەخشێت، چونکە راستە کۆمەڵگەکان پێک هاتوون لە لاشەی مرۆیی زیندوو، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت، کۆمەڵگە خۆی لاشەیەکی زیندووە، یان هەمان کاری لاشەی زیندوو دەکات[2].

کاتێک شپنگلەر باس لە شارستانیەتی ئیسلامی دەکات، سەرەتای ئەو شارستانیەتە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکانی هاتنی ئایینی مەسیحی، ئەگەر چی ئەو باس لەوە دەکات هەموو شارستانیەتێک یەکەیەکی سەربەخۆ و دابڕاوە لە شارستانیەتەکانی تر، بەلام ئەو تایبەتمەندییە لە شارستانیەتی ئیسلامی دەکاتەوە، لەمەشدا کەوتۆتە هەڵەوە و دوالیزمەیی لە بۆ چونەکانیدا دروست بووە، چونکە سەرەتاکانی ئایینی مەسیحی بە سەرەتای وەرزی بەهاری شارستانیەتی ئیسلامی دادەنێت، ئەمەش دوو لایەنی نێگەتیڤی هەیە: یەکێکیان ئەوەیە ئایینی ئیسلام بە پاشکۆ یان درێژە پێدەری ئایینی مەسیحی دادەنێت، بەمەش خاسیەتی خودی و سەربەخۆیی لە ئایینی ئیسلام دەکاتەوە، دووەمیشیان ئەوەیە بەهۆی ئەم بۆچونەوە سەرەتای شارستانیەتی ئیسلامی و

[1] فرانکفورت، هنري: فجر الحضارة في الشرق الادنی، ت: میخائیل خوري، دار الحیات، بیروت-نیورك، 1959، ل18.

[2] اتکن، هیو. ج: دراسة التاریخ و علاقتها بالعلوم الاجتماعیة، ت: محمد زاید، دار العلم للملاین، بیروت، 1963، ل123.

وەرزەکانی وەك ئەوەی شپنگلەر لێی دواوە، بە شێوەیەکی دروست دەرناکەوێت، ئەمەش خوێندنەوە و تێگەیشتنمان بۆ شارستانیەتی ئیسلامی لاواز دەکات.

شپنگلەر کاتێك باس لە تێگەیشتنی کەسێکی سەر بەشارستانیەتێکی جیاواز دەکات، بۆ شارستانیەتێکی تر، باس لەوە دەکات هیچ کەسێکی سەر بە شارستانیەتێکی جیاواز ناتوانێت لە ڕۆحی شارستانیەتێکی تر بگات، بەڵام خۆی بەپێچەوانەوە دێت خوێندنەوەی زۆر ورد دەکات بۆ شارستانیەتە جیاوازەکان، باس لەکۆمەڵێك شتی وەك هێماکانی شارستانیەتەکان دەکات، کە کەم کەس دەتوانێت پەی بەو شتانە بەرێت، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکەی خۆیەتی و دەکرێت، بیکەینە ڕەخنەیەك و ئاراستەی شپنگلەری بکەین.

شپنگلەر باوەڕی وایە هیچ ئامانجێك نییە لە ڕێڕەوی مێژوودا[1]، واتە ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن چارەنووس ڕۆڵیان تیادا دەبینێت نەك مەبەستێك کە مرۆڤەکان هەوڵی بۆ دەدەن، بەڵام کاتێك باسی مێژووی ڕۆژئاوایی دەکات دەڵێت مێژووی ڕۆژئاوایی مێژوویەکی مەبەست گەرایە[2]. لێرەدا دەبینین شپنگلەر دەکەوێتە ناو لێکدژییەکی ئاشکراوە، چونکە دوو تێڕوانینی دژ بەیەك لەمەڕ یەك پرس پیشاندەدات.

---

[1] ولسون: س. پ، ت127.
[2] اشبنغلر: س. پ، ب1، ت260.

## ئەنجام

- ئەگەر چی فەلسەفەی مێژوو، مێژوویێکی قوڵتری هەیە، لەپێش سەردەمی شپنگلەردا لای گەورە فەیلەسوفان جێگەی باس و خواس بووە، واتە ئەو پرسەی شپنگلەر لەبارەیەوە دواوە پرسێکی نوێ نەبووە، بەڵام تێڕوانینێکی تا ئاستێکی زۆر جیاواز پیشاندەدات سەبارەت بە پرسەکانی فەلسەفەی مێژوو. مەبەستمان لەوەیە ئەگەر چی شپنگلەر یەکەم کەس نییە گفتوگۆی لەبارەی ئەو پرسانەوە کردبێت، کە تایبەتن بە بوارەکانی فەلسەفەی مێژوو و شارستانیەت، بەڵام ئەو خاوەن ڕێبازێکی تایبەتمەندە لەم بوارەدا و توانیوێتی وێنەیێکی جیاواز سەبارەت بە مێژوو و شارستانیەت بکێشێت، کە زۆر بەدەگمەن فەیلەسوفانی مێژوو و شارستانیەت بەو جۆرە گفتوگۆیان لەو پرسانە کردووە، ئەمەش ئەوە ناگەێنێت شپنگلەر سودی لە فەیلەسوفانی پێش خۆی وەرنەگرتووە، چونکە ئەو خۆی باس لەوە دەکات کاریگەری هەندێك فەیلەسوفی وەك نیچە و گۆتەی بەسەرەوەیە، جگە لەوەش نابێت ئەوەمان لەبیربچێت شپنگلەر کوڕی سەردەمەکەی خۆیەتی و کاریگەری فەلسەفەی باوی ئەوکاتە و واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و ژینگەکەی لەسەر بووە.
- شپنگلەر خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەندی هەیە بۆ شارستانیەت و مێژوو، کاتێك باس لە شارستانیەت یان مێژوو دەکات، تەنها لەیەك دەروازەوە ناچێتە ناو شارستانیەت و لە یەك ڕەهەندیشەوە سەیری مێژوو ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتگیر و تێکڕایی دەچێتە ناو بوارە جیاوازەکانی ئەم دوو لایەنە، لە هەمەکییەوە (کلي) دەست پێدەکات پاشان دەچێتە ناو بەشەکییەوە (جزئي)، چونکە ئەو باوەڕی وایە تا بەشێوەیەکی هەمەکی لە مێژوو تێنەگەین ناتوانین بەشێوەیەکی بەشەکی و بەوردی تێی بگەین، لەمەشدا پاش خانی قوڵ و بەربڵاوی ئەو ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە.



- یەکێك لەو پرسانەی شپنگلەر تاوتووی کردووە پرسی زانستی بوون یان زانسی نەبوونی مێژووە، ئایا مێژوو زانستە یان نا؟ ئەو بە پێچەوانەی ئەوانەی لایەنگیری مێژوو دەکەن و دەیان هەوێت بە زانستی دابنێین بیردەکەتەوە، ئەگەرچی مێژوو بەرز رادەگرێت، بەڵام پێی وانییە مێژووزانستە، چونکە لێکۆڵینەوەی زانستی هۆکارێتی و یاسای جێگیر ڕۆڵی تیادا دەبینێت و زانست یەکسانە بە سروشت، بەڵام لێکۆڵینەوەی مێژوویی چارەنووس و شیعر ڕۆڵی تیادا دەبینن و مێژوو سەر بەژیانە یان خۆی ژیانە.
- شپنگلەر شارستانیەت بە یەکەی لێکۆڵیینەوەی مێژوویی دادەنێت، جگە لەوەش شارستانیەت دەچوێنێت بە زیندەوەرێکی زیندوو، چۆن هەر هەبوویێکی زیندوو بگریت سەرەتا لە دایك دەبێت و پاشان گەشە دەکات و دەمرێت، بەهەمان شێوەش شارستانیەت بەو قۆناغانەدا تێدەپەڕێت، کە هەر هەبوویێکی تر پێیدات تێپەڕدەبێت.
- لە ئەنجامی ئەو لێکدانەوە تایبەتەی شپنگلەر دەیکات بۆ شارستانیەت، دەگاتە ئەو بڕوایەی هەموو شارستانیەتێك بەبێ هەڵاوێردکردن و جیاوازی، شتێکی بڕاوە و هەربوونێتییە و دەبێت کۆتایی پێبێت و بگاتە پایان، واتە هیچ شارستانیەتێك تاسەر نامێنێتەوە بەڵکو ڕۆژێك دێت کۆتایی پێدێت، دوور تر لەوەش دەڕوات و دەڵێت ڕۆژێك دێت هەموو گەردوون تێکدەچێت.
- شپنگلەر ڕێبازێکی تایبەتی داهێناوە لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، ئەویش بەرنامەی هاوچەرخێتی فەلسەفییە کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ لێکۆڵەری مێژوویی، بەوەی دەتوانێت بەهۆی ئەو بەرنامەیەوە ماوە ونبووەکانی شارستانیەتە کۆن و رابردووەکان بدۆزێتەوە، جگە لەوەش دەتوانرێت بەهۆی ئەو بەرنامەیەوە ڕووداوەکانی داهاتوو پێش بینی بکرێت.
- شپنگلەر ڕەخنە لە تێڕوانین و بۆچوونی فەیلەسوفان و مێژوونووسانی ڕۆژئاوایی دەگرێت، کە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بە سەنتەری هەموو شارستانیەتەکانی تر دادەنێن و شارستانیەتەکانی تر بە دەوری ئەم شارستانیەتەدات دەخولێنەوە،

مێژووشیان دابەش کردووە بۆ کۆن و ناوەڕاست و نوێ بە پێی مێژووی شارستانیەتی رۆژئاوایی و ئەو میتۆدەیان سەپاندووە بەسەر هەموو مێژووی جیهاندا، هیچ بایەخیان بۆ مێژووی ناوچەکانی تری جیهان دانەناوە و چاویان پۆشیوە لە مێژووی ئەو گەورە شارستانیەتانەی لەدەرەوەی جوگرافیای رۆژئاوادان، بەمەش وایان کردووە ئێمە نەتوانین لە مانای راستەقینەی مێژووی جیهان تێبگەین.

- تێڕوانین لە بیروبۆچوون و راڤەکردنەکانی شپنگلەر، دەمان گەێنێتە ئەو بڕوایەی شپنگلەر فەیلەسوفێکی بوونگەرایە (وجودیة) یان نزیکە لە رێبازی بونگەراکان، چونکە ئەو رەخنە لە عەقڵ دەگرێت، جگە لەوە لە راڤەکردنەکانیدا پشت بە کۆمەڵە شتێکی وەك ویژدان (وجدان) و پەیبردن (الادراك) و تێڕوانینی ناوەکی و گرنگیدان بە خودێتی تاکەکەس و شارستانییەت، ئەمانەش کەرەستە گەلێکن فەیلەسوفانی بوونگەرا جەختیان لەسەر دەکەنەوە و بەکاریاندەهێنن لە لێکۆڵینەوەکانیاندا.

ئەگەرچی شپنگلەر لە رێبازی بوونگەراییەوە نزیکە و دەتوانرێت بە فەیلەسوفێکی بوونگەرا ناوزەد بکرێت، بەڵام لە خوێندنەوەکانیدا بۆ شارستانیەت و مێژوو و ئەو چەمکانەی تر کە لەچوارچێوەی شارستانیەت و مێژوودان، تێبینی ئەوە دەکەین لە رێبازی فەلسەفی زیندووگەرایی ((الحيوية)) نزیك دەبێتەوە، چونکە ئەو لە زۆربەی خوێندنەوەکانیدا بۆ چەمکە جیاوازەکانی وەك ((شارستانیەت و مێژوو و کات و چارەنووس و ...هتد)) بە شتگەلێکی زیندوویان دادەنێت و لەسەر بنەمای لێکدژی چەمکەکان کاردەکات، لێکدژییەك لەسەر بنەڕەتی ((زیندوو، مردوو))، واتە لەبەرامبەر هەر چەمکێك کە خوێندنەوەی زیندووی بۆ دەکات، چەمکێکی مردووش دادەنێت، بەڵام زیندووێتی بەرز دەنرخێنێت و ئەویش مەبەستە، دەشتوانین بڵێین لەم بارەدا لەهەردوو فەیلەسوفی زیندووگەرا (برگسۆن) و (فلهلم دێلتای) نزیکە.

## پێرستی ناو و بابەتەکان

**1- (اخوان الصفا):**

گروپێکی ئیسلامی بوون، لە سەدەی چوارەمی کۆچی بە شێوەیەکی نهێنی لە بەسرا دروست بوون، لە بەغدادیش لقیان هەبوو، ئەم بزافە پەیوەندی بە هزری ئیمامییەوە هەبووە، باوەڕیشیان وابووە فەلسەفە و ئایین تەواوکەری یەکترین. {خليفة، عبدالله: الاتجاهات المثالية في فلسفة العربية الاسلامية، ط1، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 2005، ج3، ل135 و دواتر}.

**2- ئینسکلۆپیدییەکان:**

کۆمەڵێك لە بیریاران و فەیلەسوفانی فەڕەنسی بوون ڕۆڵیان هەبووە لە بزافی ڕۆشنگەری، بە تایبەتی ڕۆشنگەری فەڕەنسی، لەسەروو هەموویانەوە دیدرۆ بووە، بە ناوبانگترینیشیان (دالامبێر، ڕۆسۆ، ڤۆلتێر، مۆنیسکیۆ...هتد)، پڕۆژەی گەورەیان بریتیی بوو لە دەرکردنی ئینسکلۆپیدیایەك لە ساڵی 1760بەدواوە. {الحفني، عبدالمنعيم: المعجم الشاملة لمصطلحات الفلسفة، ط3، مكتبة مبدبولي، القاهيرة، 2000، ل855}.

**3- بودا:**

نزیکەی سەدەی شەشەمی پێش زایین ژیاوە، ناوی (گۆتاما وساکیامۆنی)یە، دامەزرێنەری بوودابیزمە، ژیانی بەشێوەیەکی ئەفسانە ئامێز داپۆشراوە، گوایە کاتێك براوەتە ناو پەرستگا، هەموو بتەکان چوونەتە سەر چۆك و کڕنوشیان بۆ بردووە، سەرەتا کەسێکی ئاییندار نەبووە و ژیانی خۆشگوزەرانی ژیاوە، بەڵام بە هۆی بیرکردنەوە لە ژیان، گەیشتۆتە ئەوەی ئەو ڕێبازە دابنێت، هەشتاو یەك ساڵ ژیاوە. {الفا: س. پ، ب1، ل252-253}.



**4- بونگەرایی:**

بریتییە لەو ڕێبازە فەلسەفییەی وادەبینێت تەنها مرۆڤ هەیە وەك بوون(موجود) وشەی هەبوو تەنها بەسەر ئەودا جێبەجێ دەبێت، بەڵام جگە لەو ڕووداون (كائن)، شیکردنەوەی دۆخی مرۆڤیش لەوێوە ماناکەی دەردەکەوێت کە هەبووێکە، جگەلەوە بوونی مرۆیی پێش کرۆکی کەوتووە، ڕێبازی بوونگەراییش دەبێت بە چەند بەشێکی جیاوازەوە وەك بونگەرایی باوەڕدار و بێ باوەڕ. {الحفني، عبدالمنعم: المعجم الشاملة لمصطلحات الفلسفة، ط2، مكتبة مدبولي، القهرة، 2000، ل 935 و دواتر }.

**5- پڕۆتستانت:**

پڕۆتستانتی یەکێکە لە ئایینزاکانی ئایینی مەسیحی، لە ئەنجامی چاکسازی ئایینی لە ئەوروپا هاتۆتە بوون، وەك شۆڕشێك بوو دژی دەسەڵاتی کەنیسەی کاتۆلیکی، مارتن لۆتەر چاکسازی ئەڵمانی (1483-1546) بە سەرمەشق و دامەزرێنەری ئەم ئایینزایە دادەنرێت. {المقرحي، ا. ميلاد: موجز تاريخ اوروبا الحديث و المعاصر، منشورات جامعة بنغازي، بنغازي، 1998، ل45}.

**6- تۆماس ئەکویناس (1225- 1274):**

لە ئەکینۆی ئیتاڵیا لەدایك بووە، بەگەنجی چۆتە ریزی راهیبایەتی دۆمنیکانەوە، هەوڵی پێکەوە گونجاندنی ئایینی مەسیحی و فەلسەفەی ئەرستۆی داوە، مرۆڤی بە گیانەوەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی داناوە. {لیدمان، سێڤن-ئێرك: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسوس کەمال، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004، ل67 و دواتر}.

**7- داروین (1809- 1882):**

زانای ئینگلیزی تشارلس ڕۆبەرت داروین، بۆ ماوەی دوو ساڵ زانستی پزیشکی خوێندووە لە زانکۆی (ئەدنبەرە)، پاشان لاهوتی خوێندووە لە کۆلیژی

مەسیح لە کامبرج، بە داهێنەری بیردۆزی پەرەسەندن و هەڵبژاردنی سروشتی دادەنرێت، ئەگەرچی سودی لە (لامارك) و (سبنسەر) بینیوە و لەوانی وەرگرتووە. {بدوي: موسوعة الفلسفة، س.پ، ب1، ل473-475}.

**8- دانتی (1265- 1321):**

ئەلیجیری دانتی لە فلۆرەنسای ئیتاڵیا لەدالیك بووە، بەیەکێك لەڕابەرانی ڕێنیسانس دادەنرێت، داوای کردووە زمانی ئیتاڵی ببێتە زمانی ئەدەب، بەناو بانگترین کتێبی (کۆمیدیای یەزدانی)یە تیایدا بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز رەخنە لەپیاوانی ئاینی و کەنیسەدەگرێت. {حسێن، هیمداد: ڕێبازە ئەدەبیەکان، چ1، دەزگای توێژینەوە و بڵاو کردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2007، ل8 و دواتر}.

**9- دۆنس سکوت:**

فەیلەسوفی مەسیحی دۆنس سکوت بە یەکەم فەیلەسوفی سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێت، زانیاری دەربارەی ژیانی کەمە، لە ساڵی(810ز) یان (815ز) لە ئیرلەندە لەدایك بووە، سەبارەت بە فەلسەفە و ئاین بەم جۆرە بۆ چونی خۆی دەردەبڕێت: ((فەلسەفەی راستەقینە ئاینە، ئاینی راستەقینەش فەلسەفەیە، ئەوەی عەقڵ پەیپێدەبات بە راستی ئەوە ئاینە...)). {بدوي، عبالرحمن: فلسفة العصور الوسطى، ط3، الكويت-بيروت، 1979، ل46؛ كرم، يوسف: تاريخ الفلسفة الاوروبية في عصر الوسيط، دار القلم، بيروت، دون سنة، ل71}.

**10- دیکارت (1596- 1616):**

فەیلەسوف و زانای فەرەنسی ڕێنیە دیکارت، لە ساڵی 1616 بەکالۆریۆسی لە مافدا بەدەست هێناوە، جگەلە ماف زانستی پزیشکی و بیرکاری و فەلسەفەی خوێندووە، بەڵام سەرئەنجام خۆی یەکلایی کردۆتەوە بۆ فەلسەفە، یەکێك لە گرنگترین بیرە فەلسەفییەکانی کە پێی ناسراوە، گومانکردنی میتۆدییە و



کۆجیتۆکەیەتی کەدەڵێت: ((من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم)). {بلدی، نجیب: دیكارت، ط1، دار المعارف، القاهرة، 1987، ل13 و دواتر}.

**11- رۆسۆ (1712- 1778):**

فەیلەسوفی فەرەنسی ژان ژاك رۆسۆ لە جنێف لەدایك بووە، لە ساڵی 1728 چۆتە پاریس و هەرگیز نەگەڕاوەتەوە بۆ جنێف، (خانم دی وار) بۆتە پاڵپشتی، فێری زمانی لاتینی بووە و فەلسەفەی خوێندووە، بە ناوبانگترین کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) یە، تیایدا بیرەکانی خۆی خستۆتە روو، ئەوەی پیشانداوە مرۆڤەکان ئازادن، پێویستە پەیوەندی نێوان تاك و دەسەڵات لەسەر بنەمای پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بێت. {برهييه، اميل: تاريخ الفلسفة (قرن الثامن عشر)، ت: جورج طرابيشي، ط1، دار الطليعة، بيروت، 1983، ل191 و دواتر}.

**12- سپینۆزا:**

فەیلەسوفی هۆڵەندی بارۆخ دی سپینۆزا لە ئەمستەردام لە دایك بووە، فەلسەفەیەکی فراوانی هەبووە، لە میتافیزك و ئەخلاق و رامیاری کۆڵیوەتەوە. {الفا: س.پ، ب1، ل548-549}.

**13- سوکرات (470- 399پ ز):**

یەکێکە لە فەیلەسوفە مەزنەکانی یۆنان، هەوڵی داوە لەڕێگەی گفتوگۆوە زانیاری ئاڵوگۆڕ بکات، پێی وا بووە زانست تێگەیشتنێکی هەمەکی هەیە، سەرچاوەکەشی عەقڵە نەك هەست، بەئاشکرا بانگەشەی نەزانی خۆی کردووە، بەناو بانگترین گوتەی ((خۆت خۆت بناسە)). {مهدوی، یحیی: شکاکان یونان، چاپ اول، شرکت سهامی انتشارات خوارزمی، تهران، 1376، ل37و دواتر}.

**14- شكسپير (1564- 1616):**

شاعیر و رۆمان نووسی ئینگلیزی له شاری ستراتفۆرد له دایك بووه، یەكێكه له ئەدیبه جیهانییه مەزنەكان، نزیكەی (114)كـاری هەیـه، لەگـەڵ (37)دەقـی شانۆیی. {احمد، كمال مظهر: النهضة، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1979، ل134 و دواتر}.

**15- شلیگڵ (1772- 1829):**

فەیلسوف و ئەدیبی ئەڵمانی فردریك شڵیگڵ، بەلێكۆڵینەوەی یۆنانی دەستی پێكردووه ئەمەش نزیكـی كردۆتـەوه لـه رێبـازی دیۆنیـسی، یـەكێك بـووه لـه بانگەشەكەرانی رێبازی رۆمانسی، لەگەڵ براكەیدا ولیام شلیگڵ، گرووپی برایانی شـلیگڵی دروسـتكرد، ئـەم گرووپـه رۆڵـی هـەبووه لـه بانگەشـه كـردن بـۆ رۆمانسیزم. {پیربال، فەرهاد: رێبازه ئەدەبییەكان، چ2، دەزگای وەرگێران، هـەولێر، 2006، ل58؛ انجيلـوز، جانفرانـسوا: الادب الالمـاني، ت: هنـري زغيـب، ط1، منـشورات عويـدات، بيروت- باريس، 1980، ل73؛ الطويل، توفيـق: اسـس الفلـسفة، ط4، دار النهـضة العربيـة، القاهرة، 1964، ل490}.

**16- شوپنهاوەر (1788- 1860):**

فەیلەسوفی ئەڵمانی ئارسەر شوپنهاوەر له (دانزج) لـەدایك بـووه، بـەناوبانگترین كتێبی (جیهان وەك ویست و بیرۆكه)یه، به فەیلەسوفی رەشبین ناسراوه، هاوسەردەمی هیگڵ بووه، دژایەتی هیگڵی كردووه، هێرشی كردۆته سەر فەیلەسوفان و بانگەشەی ئەوەی كردووه هیچ شتێك لەوه خراپترنییه فەلسەفه بكرێته هۆی پەیدا كردنی نـان و ژیان. {ديورانت: قصه الفلسفه، س. پ، ل237 و دواتر}.

**17- شیلەر (1874- 1928):**

ماكس شیلەر فەیلەسوفێكی ئەڵمانییه له میونخ له دایك بووه، گرنگی داوه بـه فینۆمینۆلۆژیا و به دانەری دادەنرێت، فینۆمینۆلۆژیای بەسەر مرۆڤناسی فەلسەفیدا جێبەجێ كردووه. {الحفني: موسوعة الفلسفة والفلاسفة، س. پ، ب1، ل812 و دواتر}.



**18- فرانسس بیكۆن (1561- 1626):**

فرانسس بیكۆن بیۆرك هاوس له لەندەن لەدایك بووه، لەتەمەنی پانزه ساڵیدا زانكۆی كامبرجی تەواو كردووه، پاشان یاسای خوێندووه و بۆته مافناس، هەوڵی زۆری داوه بۆ وەرگرتنی پله و پایه، بەڵام سەرئەنجام به هـۆی شكـستهێنانییەوه، رووی كردۆته بەدی هێنانی ئامانجه گەورەكەی، كه بریتی بووه لـه نوێكردنـەوەی زانـستەكان لـه رێگـای سـنوورداركردنەوه، لـه رووی ئەزمونگـەری و بیـدۆزەی زانستەوه هەنگاوێكی گەورەی نا. {احمد، قيس هادي: نظرية العلم عند فرانسيس بـيكن، ط2، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1986، ل41 و دواتر}.

**19- فیساگۆرس:**

كاتی لەدایك بوون و مردنی بەتەواوەتی دیارنییه، له (سامۆس) لەدایك بـووه نزیكەی سـاڵی (580پ ز) یـان (572پ ز)، ئەگەرچـی وەك زانایـەكی بیركـاری ناسراوه، بەڵام فەلسەفەكەی شێوازێكی عیرفانی وەرگرتووه لەسەر پاككردنـەوەی جەسته و لـەناوبردنی تـاوان دامـەزراوه، جگـه لـەوه پاككردنـەوەی عـەقڵ بـه لێكۆڵینەوەی زانست. {غالب، مصطفى: في سـبيل موسـوعة فلـسفية(فيـساغورس)، دار و مكتبة هلال للطباعة والنشر، بيروت، 2000، ل15 و دواتر}.

**20- كاتۆلیكی:**

وشەی كاتۆلیك (chatholic) مەبەست لێی پـەیامێكی جیهانییـه، سـەرەتا ئەم وشەیه تایبەت نەبوو به كەنیسەی رۆمانی، بەڵام له دواییدا بەكار دەهات بۆ جیاكردنـەوەی كەنیـسەی رۆمـا لـه كەنیـسەی رۆژهەڵاتییـەكان، پاشـان بـووه ئاینزایەكی تایبەت و جیاواز له ئاینزاكانی تـر. {اليوسف، عبدالقادر احمد: العصور الوسطى الاوروبية، المكتبة العصرية، صيدا- بيروت، 1967، ل139-140}.

**21- کانت (1724- 1804):**

فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەمانۆیل کانت لە شاری (کۆنکسبرك) لەدایك بووە، فەلسەفەکەی فەلسەفەیەکی رەخنەیی یە، گرنگییەکی زۆری بە میتافیزکداوە، لێکۆڵینەوەی شیکاریشی بۆ زانستی بیرکای و زانستەسروشتییەکان کردووە. {رؤف، عماد عبدالسلام: کانت(ملامح من حیتە واعمالە الفکریة)، دارالحریة للطباعة، بغداد، 1986، ل5 و دواتر}.

**22- کەلەبییەکان:**

دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە (دیۆجینیز)ە لە سەدەی چواری پێش زاین ژیاوە، ئەگەرچی بۆچونی جیاواز هەیە لە بارەی بنەڕەتی ناوەکەیەوە، بەڵام بۆچونی باو دەڵێت لە سەگەوە وەرگیراوە، ئامانجی ئەم قوتابخانەیە بەدی هێنانی نمونەیەکی باڵا بووە لە ژیاندا، دامەزراوە لەسەر بنەمای پشت بەستن بەخود و زاڵبوون بەسەر خود و ناخۆشیەکان و کارکردنی بەردەوام، زیادە رەوییان کردووە لە گوێنەدان بە ژیان و یاسا رەوشتی و دانراوەکان لە کۆمەڵگەدا و جەختکردنەوە لەسەر ژیانی سروشتی. {صالح، غانم محمد: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، و: سەلام کەریم، چ1، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوار چرا، سەیدسادق، 2005، ل261 و دواتر}.

**23- کیندی (185- 256ك):**

ناوی یەعقوبی کوڕی سەبباحی کندییە، هاوچەرخی مەئمون وموعتەسەم و متەوەکیل بووە، بە یەکەم فەیلەسوفی ئیسلامی دادەنرێت، کاری وەرگێڕانی ئەنجام داوە، گەلێك کتێب و نامەی بەنرخی دەربارەی فەلسەفە نووسیوە، هەوڵی داوە فەلسەفە و ئایین پێکەوە بگونجێنێت، باوەڕی وابووە ئەوەی بیرکاری نەزانێت فەلسەفەش نازانێت. {زیدان، جرجي: تاریخ التمدن الاسلامي، مکتبة الحیاة، بیروت، دون سنة، ج2، ل194-195" دي بور، ت. ج: تاریخ الفلسفة فی الاسلام، ت: محمد عبدالهادي ابو ریدا، ط5، مکتبة النهضة المصریة، مصر، دون سنة، ل76 و دواتر}.



**24- گالیلۆ (1564- 1642):**

زانای ئیتالی گالیلۆ رۆڵێکی زۆری هەبوو لە لابردن و سڕینەوەی پاشماوەی بەجێماوی سەدەکانی ناوەڕاست، گرنگترین دەرخستەکانی لە بواری فیزیا و کەوتنە خوارەوەی تەنەکان، جگە لەوە رۆڵی هەبوو لە پێش خستن و دۆزینەوەی تەلسکۆب، لە مانەش گرنگتر رێبازێکی زانستی گرنگی دانا. {سلیمان، علي حیدر: تاریخ الحضارة الاوروبیة الحدیثة، ط1، دار الواسط للدراسات والنشر، بغداد، 1990، ل108}.

**25- لایبنز (1646- 1716):**

گۆتفرید ولیام لایبنز لە لایبتسگ لە ئەڵمانیا لە دایك بووە، ئەویش وەك دیکارت و سپینۆزا ئامانجی دروستکردنی پەسنێکی فەلسەفی یەکانگیر و هەمەکی و تێکڕایی بوو بۆ گەردوون، گشت دۆزەکانی دابەشکرد بوو بۆ دوو بەش: راستییەکانی عەقڵ کە پێویستن و دژەکانیان نەگونجاوە، راستییەکانی واقع کە دەکرێت ببێت، دەش گونجێت دژیان هەبێت. {کونتغهام، جون: العقلانیة، ت: محمود منقیذ الهاشمی، ط1، مرکز الحضارة، حلب، 1997، ل70-71 ؛ الحفنی: س. پ، ب2، ل1160}.

**26- لۆتەر (1483- 1546):**

مارتن هانز لۆتەر لە ئایزن بین لە ئەڵمانیا لە دایك بووە، لە ساڵی 1505 بۆتە راهیب، لە زانکۆی وتنبرگ وانەی لاهوتی گوتۆتەوە، ئەگەر چی خۆی سەر بە کەنیسە بوو، بەڵام رەخنەی زۆری هەبوو لە کەنیسە، بەتایبەتی ئەوەی تایبەت بوو بە فرۆشتنی پسولەی لێخۆش بوون زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر، هەر ئەمەش ناوبانگی ئەوی بڵاوکردەوە، گرنگترین کاری وەرگێڕانی ئینجیل بوو بۆ سەر زمانی ئەڵمانی. {صالح، محمد محمد: تاریخ اوروبا من عصر النهضة حتی ثورة الفرنسیة، بغداد، 1981، ل170 و دواتر؛ العظمة، عزیز: العلمانیة من منظور المختلیف، بیروت، 1998، ل 24}.

**27- لۆك (1623- 1704):**

فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆك فەلسەفەی سیاسی خۆی لە کتێبی (دەربارەی حکومەتی مەدەنی) خستە روو، وەك لایەنگری تاکە کەس و لیبڕال دەرکەوت، دژی فەرمان رەوایی رەها و مافی خودایی لە فەرمان رەوایدا وەستایەوە دۆخی سروشتی بە دۆخی ئاشتی و دڵنیایی و ئارامی وێنا دەکرد. {ئیبراهیم، موسی: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە ماکیاڤیلییەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2005، ل149 و دواتر}.

**28- مانی:**

مانی کوڕی فاتك لە ساڵی (215ز) یان (216ز) لە دایك بووە، سەرەتا کەسێکی مەسیحی بووە، بەڵام لەدواییدا خۆی بە پێغەمبەر داناوە و بانگەشەی ئایینێکی نوێی کردووە، ئایینەکەی لەسەر بنەمای دوانە پەرستی دامەزراندووە، جیهان لەسەر هەردوو بنەمای تاریکی و رووناکی دامەزراوە. {عبدالواحد، کلثومة جمیل: کوردستان في عهد الساسانیین(224-630)، ط1، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، 2007، ل52 و دواتر}.

**29- موعتزیلە:**

گروپێکی ئیسلامی بوون، لەسەردەمی خیلافەی عەباسیدا دروست بوون، دامەزرێنەرەکەی (واصل بن عطاء) لە ساڵی (80 — 131ك)ژیاوە، گروپێکی کەلامی عەقڵی بوون، باوەڕیان وابووە عەقڵ دەتوانێت یاساکانی بوون پەی پێبەرێت. {الراوی، عبدالستار عزالدین: ثورة العقل (دراسة فلسفیة فی فکر معتزلة بغداد)، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، عیراق، 1982، ل6 و دواتر}.

**30- میتافیزك:**

مەبەست لە ئەودیو سروشتە، فەلسەفەی یەکەمینە، زانستی پەروەردگارێتییە و لێکۆڵینەوە لە هەبووی رەها و راستی رەها دەکات نەك رێژەیی، جگە لەوە لە پرەنسیپە هەمەکی و تێکڕاییەکان و هۆی یەکەم دەکۆڵێتەوە. {الحفني: المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفیة، س. پ، ل859}.



**31- میسالی:**

بەشێوەیەکی گشتی بەو تەرزە فەلسەفییە دەگوترێت، هەموو بووون دەگەڕێنێتەوە بۆ هزر بە فراوانترین ماناکانییەوە، بە جۆرێك دیاردە سروشتییەکان راڤە دەکات تایبەت مەندییەکی رۆحییان پێدەدات، یان باوەڕدارە بە بنەمایەکی میتافیزکی بۆ جیهان. { الحفني، عبدالمنعم: المثالیة و المادیة و ازمة العصر، المرکز العربي للثقافة و العلوم، بیروت، دون سنة، ل16؛ الصدر، محمد باقر: فلسفتنا، دار التعارف للمطبوعات، بیروت، 1979، ل119؛ صلیبا، جمیل: المعجم االفلسفي، ط1، مننشورات ذووی القربی، قم، 1385، ج2، ل337}.

**32- هۆڵدەرلین (1770- 1843):**

شاعیری ئەڵمانی یۆهان کریستیان فردریك هۆڵدەرلین کاریگەری شیلەری هاورێی لەسەری بووە، شیعرەکانی مۆرکێکی خودییان هەبووە، بە ئەڵقەیەکی پەیوەندی دادەنرێت لە نێوان هەردوو رێبازی کلاسیکی و رۆمانسی. {مجموعة باحثین: الموسوعة العربیة المیسرة، دار نهضة لبنان، بیروت، 1980، ج2، ل1919}.

**33- هیراکلیتس (540- 480پ.ز):**

یەکێکە لە فەیلەسوفە یۆنانییە مەزنەکانی پێش سوکرات، ئەگەر چی لە روویەکەوە بە درێژە پێدەری فەیلەسوفە سروشتییەکان دادەنرێت، بەڵام جیاوازییەکەی لە ئەوان لە وەدایە لە لێکۆڵینەوەکانیدا گرنگی زۆری بە مرۆڤ داوە. ناسراوە بە فەیلەسوفی گرینۆك، بڕوای وایە هەموو شتێك لە گۆڕانی بەردەوامدایە، ئەم بۆچوونەشی بە گوتەیەك دەربڕیوە و دەڵێت: ((ناتوانیت دووجار بچیتە یەك رووبارەوە)). {بدوي: موسوعة الفلاسفة، س. پ، ب2، ل523-524 ؛ پۆلادی، کەمال: مێژووی هزری سیاسی لە رۆژئاوا (لە سوکراتەوە تا مایکیاڤیلی)، و: ئازاد وەلەدبەگی و سیروان زندی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2005، ب1، ل523-524}.

**34- هیگڵ (1770- 1831):**

جۆرج فیلـهیلم فردریـك هیگـڵ فەیلەسـوفی میـسالی ئـەڵمانی، کاریگـەری فەلسەفەی یۆنانی لەسەر بووە، دایکی زۆر رۆڵی بینیوە لەسەرەتای پەروەردەکردن و فێرکردنیدا، یەکێك لە هاورێکانی هۆڵدەرلینی شاعیری ئەڵمانی بـووە، هیگـڵ کاریگەری ئەوی زۆر لەسەر بووە، شیعری بە بەرزترین هونەر زانیـوە، ئـەو پێـی وایە ژیانی مرۆیی بە شێوەیەکی هەرەمـەکی گەشـە ناکـات بـەڵکو بەرجەسـتە بوونی بزافێکی عەقڵییە تیایدا هزر و واقع هەماهـەنگ دەبـن و مەیـدانخوازیش دەکـەن، فەلـسەفەی مێـژوو لای هیگـڵ وێنەیـەکی لـۆژیکی فەلـسەفە گشتییەکەیەتی. {غالب: في سبيل موسوعة الفلسفة (هيغل)، س. ث، ل5 و دواتر}.

**35- هێردەر (1744- 1803):**

یوحـەنا گۆتفرێـد هێـردەر لـە ئـەڵمانیا لـەدایك بـووە، زانـستی پزیـشکی خوێندووە، بەڵام لە دواییدا خـوی داوەتـە لاهـوت و بۆتـە قەشـە، گرنگـی داوە بەئەدەبی ئەڵمانی، پێیوایە شیعر ئەو دایکەیە رەگەزی مرۆیی لێ بووە، راسـترین و جوانترین شیعر ئەوەیە گوزارشت لە خەڵك بکات. {الحفني: موسوعة فلسفة و الفلاسـفة، س. پ، ب2، ل }.

**36- یاسپرز (1883- 1969):**

کارڵ یاسپرز لە شاری ئۆلۆنبرگی ئەڵمانی لەدایك بووە، لەسەرەتادا گرنگیداوە بە هونەر و شیعر، بەڵام لە دواییدا بڕیاریدا زانستی پزشکی و دەرونی بخوێنێت، تا زیاتر لە مرۆڤ تێبگات و شارەزابێت، سەر بـە رێبـازی بونگـەرایی یـە و لـە مەشـدا لـە هایدگەر دەچێت، پێیوایە ((مرۆڤ حەقیقەتێکی بنەڕەتییە کە دەتوانم دەرکی بکەم لە جیهاندا... هەر بۆیە پشتگوێ خستنی بوونی مرۆیی یان خۆ گێلکـردن لێـی واتـای رۆچوونە لە هیچ گەراییدا)). {بدوي، عبدالرحمن: دراسات فى الفلسفة الوجودية، ط1، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، 1980، ل132 و دواتر}.



**37- یەکێتی بوون (وحدة الوجود):**

مەبەست لە یەکێتی بوون رێبازی ئەو کەسانەیە، بانگەشـەی یـەکێتی نێـوان خوا و جیهان دەکەن، باوەڕیان وایە هەموو شتێك بریتییە لە خودا، ئەم رێبازەش کۆنـە و لای (براهمـای و رەواقـی و ئەفلاتۆنیـەتی نـوێ و سـۆفییەکان) هەبووە. {صليبا: س. پ، ب2، ل569}.

## ليستی سەرچاوەكان

### يەكەم: سەرچاوەكوردييەكان


1. ئەفلاتون: كراتيلۆس، ت: ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ياد، سلێمانی، چ1،2006.
2. ئيبراهيم، موسی، فيكری سياسی خۆرئاوا لە ماكياڤيلييەوە تا ماركس، و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چ1،2005.
3. بيۆهمە، ئۆتە، فەرهەنگی سۆفيا، و: بەهرۆز حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2003.
4. پۆپەر، كارڵ، كۆمەڵگەی كراوە و دوژمنەكانی، و: ئيدريس شێخ شەرەفی، ب1، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكريانی، هەولێر، چ1، 2006.
5. پۆڵادی، كەمال، مێژووی هزری سياسی لە رۆژئاوا (لە سوكراتەوە تا مايكياڤيلی)، و: ئازاد وەلەدبەگی و سيروان زندی، ب1، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكريانی، هەولێر،2005.
6. پيربال، فەرهاد، رێبازە ئەدەبيەكان، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، چ2، 2006.
7. حسێن، هيمداد، رێبازە ئەدەبييەكان، دەزگای توێژينەوە و بڵاوكردنەوەی موكريانی، هەولێر، چ1، 2007.
8. خاڵ، شێخ محەمەد، فەرهەنگی خاڵ ، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر، چ2، 2005.
9. ساڵح، هاشم، فيكری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چ2، 2006.
10. صاڵح، غانم محمد، بيری سياسی كۆن و ناوەڕاست، و: سەلام كەريم، خانەی چاپ وبڵاو كردنەوەی چوار چرا، سەيدسادق، چ1، 2005.
11. عومەر، ياسين، فەلسەفە- ئازادی كۆمەڵگەی مەدەنی، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی، چ1، 2006.
12. ڤێرژۆلی، بيتران، فيلسۆفەكانی مۆردێرنيتە لە ديكارتەوە تا هايدگێر، و: محەمەد رەحيم ئەحمەدی، دەزگای ئاراس، هەولێر، چ1، 2004.





13. كەمال، محەمەد، نيتشە و پاش تازەگەری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سليمانی،چ1، 2006.
14. هايدگەر و شۆرشێكی فەلسەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چ1، 2007.
15. گۆڵدمان، لوسييان، فەلسەفەی رۆشنگەری بۆرژوای مەسيحی و رۆشنگەری، و: عومەر سەرگەتی، سلێمانی، چ1، 2006.
16. ليدمان، سێڤن-ئێرك، رێگووزەری بيری سياسی، و: ئاسوس كەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چ1، 2004.
17. ماكواری، جۆن، فەلسەفەی بوونگەرايی، و: ئازاد بەرزنجی، چاپ و بڵاوكردنەوەی دەزگای نەوا، سلێمانی، چ1، 2005.
18. هەژار، عبدالرحمان شرفكندی، هەنبانە بۆرينە(فرهنگ كردی- فارسی)، ، سروش، تهران، چ5، 1385.
19. يۆنگ، كارڵ گۆستاف، مرۆڤ و هێماكانی، و: ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ1، 2005.


### دووەم: سەرچاوەعەرەبييەكان


20. ابراهيم، عبدالعزيز عبدالغني، محاضرات في تاريخ اوروبا الحديث (عصر النهضة)، منشورات ELGA، مالطا، 1999.
21. اتكن، هيو. ج، دراسة التاريخ وعلاقتها بالعلوم الاجتماعية، ت: محمود زايد، دار العلم للملايين، بيروت.
22. احمد، قيس هادي، نظرية العلم عند فرانسيس بيكن، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط2، 1986.
23. احمد، كمال مظهر، النهضة، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1979.
24. اشبنغلر، اسوالد، تدهور الحضارة الغربية، ت: احمد الشيباني، ج1، ج2، دار مكتبة الحياة للطباعة و النشر، بيروت، 1964.

25.الفا، رونى ايلى، موسعة اعلام الفلسفة العرب والاجانب، ج1، ج2، دار الكتب العلمية، بيروت، ط1، 1992.
26.انجيلوز، جان فرانسوا، الادب الالماني، ت: هنري زغيب، منشورات عويدات، بيروت- باريس، ط1، 1980.
27.بترى ، آ، مدخل الى تاريخ الاغريق وادبهم واثارهم، ت: يوئيل يوسف عزيز، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل، ط2، 1977.
28.بدوى، عبدالرحمن، اشپنجلر، دار القلم، بيروت،1941.
29.دراسات فى الفلسفة الوجودية، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ط1، 1980.
30.الزمان الوجودي، دار الثقافة، بيروت، ط3، 1973.
31.فلسفة العصور الوسطى، الكويت-بيروت، ط3، 1979.
32.موسوعة الفلسفة، ج1،ج2، (ملحق)، المؤسسة عربية للدراسات والنشر، بيروت، ط1، 1984.
33.برهييه، اميل، تاريخ الفلسفة (قرن الثامن عشر)، ت: جورج طرابيشي، دار الطليعة، بيروت، ط1، 1983.
34. بويس، ج. دى، مستقبل الحضارة، ت: لمعى المطيعى، دار الكرنك للنشر و التوزيع، 1961.
35.بيجوفيتش، على عزت، الآسلام بين الشرق و الغرب، ت: محمد يوسف عدس ، كويت، ط1، 1994.
36.توينبي، ارنولد.ج، بحث في التاريخ، (موجز مجلدات ستة الاولى بقلم د. س. سمرفل)، ج1، ت: طه باقر، مطبعة التفيض الاهلية، بغداد، 1955.
37. جعفر، عبدالوهاب، مباديء الفلسفة واشكالياتها، منشاة المعارف، الآسكندرية، 2002.
38.جيته، فاوست، ت: عبد الرحمن بدوى، دمشق- بيروت، ط1، 1998.
39.الحفني، عبدالمنعم، المثالية و المادية و ازمة العصر، المركز العربي للثقافة والعلوم، بيروت، دون سنة.



40.المعجم الشاملة لمصطلحات الفلسفة، مكتبة مبدبولى، القاهرة، ط3، 2000.
41.موسوعة الفلسفة و الفلاسفة، ج1، ج2، مكتبة مدبولى، مصر، ط2،1999.
42. ليفة، عبدالله، الاتجاهات المثالية في فلسفة العربية الاسلامية، ، ج3، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط1، 2005.
43.دي بور، ت. ج: تاريخ الفلسفة فى الاسلام، ت: محمد عبدالهادي ابو ريدا، مكتبة النهضة المصرية، مصر، ط5، دون سنة.
44. ديورانت، ول: قصة الحضارة (الاسلام الشرق السلافى الشمال البروتستنتى)، ت: فؤاد ادراوس، ج41، من مجلد 21، مهرجان القراو للجميع، مصر، 2001.
45.قصة الفلسفة من افلاطون الى جون ديوى، ت: فتح الله محمد المشعشع، منشورات مكتبة المعارف، بيروت، ط1، 2004.
46.رايت، وليم كلي، تاريخ الفلسفة الحديثة، ت: محمود سيد احمد، ط2، مجلس الآعلى للثقافة، القاهرة،2005.
47.رؤف، عماد عبدالسلام، كانت (ملامح من حيته واعماله الفكرية)، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1986.
48.الراوى، عبدالستار عزدين، ثورة العقل (دراسة فلسفية فى فكر معتزلة بغداد)، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، عيراق، 1982.
49.رسل، برتراند: مشاكل الفلسفة، ت: عبدالعزيز البسام و محمود ابراهيم محمد، مطبعة نهضة مصر، القاهرة، ط2، دون سنة.
50.زريق، قسطنطين، في معركة الحضارة، دار العلم للملاين، بيروت، ط4، 1981.
51.زيدان، جرجي، تاريخ التمدن الاسلامي، ج2، مكتبة الحياة، بيروت، دون سنة.
52.سليمان، علي حيدر، تاريخ الحضارة الاوروبية الحديثة، دار الواسط للدراسات والنشر، بغداد، ط1، 1990.
53.شلق، على، العقل فى مجرى التاريخ (قبل الاسلام و بعده)، دار المدى للطباعة و النشر، بيروت، ط1، 1985.
54.صالح، محمد محمد، تاريخ اوروبا من عصر النهضة حتى ثورة الفرنسية، بغداد، 1981.

55.صبحى، احمد محمود، في فلسفة التاريخ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، 1994.
56.الصدر، محمد باقر، فلسفتنا، دار التعارف للمطبوعات، بيروت، 1979.
57.صديقي، عبدالحميد، تفسير التاريخ، ت: كاظم الجوادي، دار القلم، كويت، ط1، 1980.
58.صليبا، جميل، المعجم االفلسفي، ج2، منشورات ذووى القربى، قم، ط1، 1385.
59.الطويل، توفيق، اسس الفلسفة، دار النهضة العربية، القاهرة، ط4، 1964.
60.عباس، راوية عبدالمنعم،
61.ديكارت و فلسفة عقلية، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت، 1996.
62.عبدالجبار، نبيل عبدالحميد، الفلسفة لمن يريد، مطبعة حاج هاشم، اربيل، 2004.
63.عبدالواحد، كلثومة جميل، كوردستان في عهد الساسانيين (224-630)، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ط1، 2000.
64. عثمان، محمد فتحى، المدخل الى التاريخ الاسلامى، دار النفائس، بيروت، ط2، 1992.
65.العظمة، عزيز، العلمانية من منظور المختليف، بيروت، 1998.
66.غالب، مصطفى، في سبيل موسوعة فلسفية (فيساغورس)، دار ومكتبة هلال للطباعة والنشر، بيروت، 2000.
67.في سبيل موسوعة فلسفية (هيغل)، دار ومكتبة هلال للطباعة والنشر، بيروت، 2000.
68.غصيب، هشام، المغزى الحضارى التاريخى للعلم، مشروع الدراسات و البحوث العلمية، عمان، 1986.
69.غنيمات، مصطفى عبدالقادر، الحضارة والفكر العالمي، دار الاسرة للنشر والتوزيع، مصر، ط1، 2005.
70.فرانكفورت، هنري، فجر الحضارة في شرق الادنى، ت: مخائيل خوري، دار الحياة، بيروت-نيورك، 1959.
71.فرحان،محمد جلوب، الفيلسوف و التاريخ (نماذج من التاويل الفلسفى للتاريخ)، منشورات مكتبة سام، موصل، 1987.



72.كامل، فؤاد، اعلام الفكر الفلسفى المعاصر، دار الجيل، بيروت، ط1، 1993.
73.كرم، يوسف، تاريخ الفلسفة الاوروبية في عصر الوسيط، دار القلم، بيروت، دون سنة.
74.كريسون، اندريه، برغسون (حياته- فلسفته- منتخبات)، ت: نبيه صقر، ط3، منشورات عويدات، بيروت-باريس، 1982.
75.كانط، عمانوئيل، نقد العقل العملي، ت: احمد الشيبانى، دار اليقظة العربية، بيروت، 1966.
76.كانط، عمانوئيل، نقد العقل المحض، ت: موسى وهبة، مركز الانماء القومي، 1988.
77.كوتنغهام، جون، العقلانية، ت: محمود منقيذ الهاشمى، مركز الانماء الحضاري، حلب، ط1، 1997.
78.كولنجوود، ر. ج، فكرة التاريخ، ت: محمد بكير خليل، لجنة التاليف والترجمة والنشر، القاهرة، ط2، 1968.
79.مقال فى منهج الفلسفى، ترجمة و دراسة وتحقيق فاطمة اسماعيل، مجلس الاعلى للثقافة، قاهرة، 2001.
80.كونزمان، بيتر و اخرون، اطلس-dtv الفلسفة، ت: جورج كتورة، المكتبة الشرقية، بيروت، ط1، 2001.
81.لالاند، اندريه، موسوعة لالاند الفلسفية، ت: خليل احمد خليل، ج2، منشورات، بيروت-باريس، ط2، 2001.
82.مجموعة باحثين، الموسوعة العربية الميسرة، دار نهضة لبنان، بيروت، ج2، 1980.
83.المقرحي، ا. ميلاد، موجز تاريخ اوروبا الحديث و المعاصر، منشورات جامعة بنغازي، بنغازي، 1998.
84.الملاح، هاشم يحيى، المفصل في فلسفة التاريخ (دراسة تحليلية في فلسفة التاريخ التاملية والنقدية)، منشورات المجمع العلمي، بغداد، 2005.
85.الملاح، هاشم واخرون، دراسات فى فلسفة التاريخ، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، 1988.
86.موسى، امين، ثقافة الحضارة، مطبعة كلية الشريعة، كردستان، ط1، 1999.

87.ناتاف، اندريه، الفكر الحر، ت: رندة بعث، دار المدى للثقافة و النشر، بيروت-سورية-بغداد، ط1، 2005.
88.النشار، مصطفى، فلاسفة ايقظو العالم، دار القباء للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة، ط3، 1998.
89.نف، ايمرى، المؤرخون و روح الشعر، ت: توفيق اسكندر، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، 1961.
90.نيتشه، فردريك، افول الاصنام، ت: حسن بورقية و محمدالناجي، مطابع افريقيا الشرق، دار البيضاء، ط1، 1996.
91.عدو المسيح، ت: جورج مخائيل ديب، دار الحوار، سورية، ط1، 2004.
92.هكذا تكلم زرادشت، ت: فليكس فارس، مكتبة الثقافية، بيروت، دون سنة.
93.هانكسون، جيم، المرشد الى الفلسفة، ت: جورج خوري، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط1، 1990.
94.ولسون، كولن، سقوط الحضارة، ت: انيس زكى حسن، دار العلم للملايين، بيروت، ط2، 1963.
95.ولداباه، السيد، التاريخ والحقيقة لدى ميشيل فوكو، الدار العربية للعلوم، ط2، بيروت، 2004.
96.اليوسف، عبدالقاد احمد، العصور السطى الاوروبية، المكتبة العصرية، صيدا-بيوت، 1967.

### سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان

97.ارون، ريمون: مراحل اساسى سير انديشه در جامعه شناسى، ت: بايرهام، شركت انتشارات عالمى و فرهنگى، تهران، چاپ سوم، 1382.
98.رضوى، مسعود، پايان تاريخ سقوط غرب و اغاز عصر سوم، انتشارات شفيعى، چاپ اول، 1381.
99.سعادت و ديگرى، فرهنگ اثار معرفى اثار مكتوب ملل جهان از اغاز تا امروز، ج1، تهران، چاپ دوم، 1381.



100. كلنبرگر، جى، كركگور و نيچه، ترجمه ابو توراب سهراب و الهام عطاردى، مؤسسه اينتشارات نگاه، تهران، چاپ اول ، 1384.
101. مجتهدى، كريم، فلسفه تاريخ، مجتمع فرهنگى سروش، تهران، چاپ دوم، 1385.
102. مهدوى، يحيى، شكاكان يونان، شركت سهامى انتشارات خوارزمى، تهران، چاپ اول، 1376.
103. هايدگر، مارتين، معناى تفكر چيست، ترجمەى فرهاد سلمانيان، چاپ دوم، نشر مركز، تهران، 1385.
104. مفهوم زمان و چند اثرديگر، ترجمەى على عبداللهى، چاپ دوم، نشرمركز، تهران، 1383.

### چوارەم: گۆڤارەکان

105. حسين، محسن محمد، فەلسەفەی سروشتی لە لێکدانەوەی مێژوودا-تایبەتێتی زیبندوویی شارستانەتی یەکان لای شپنگلەر، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە 124، بغداد، 1989.
106. عەزیز، حەمید، فردریك نیتشێ وەك دیاردەیەك لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا، گۆڤاری رامان، ژمارە، 102، ساڵی دەیەم، هەولێر، 2005.
107. غوته، يوهان فولفغانغ، السيرة الذاتية لغوته من حياتى... شعر و حقيقة، ت: مصطفى ماهر، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد الرابع، السنة الرابعة، 1984.